# کوردستانی هاوچەرخ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# کوردستانی هاوچەرخ

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

**گوشاد حەمە سەعید**



کتێب: کوردستانی هاوچەرخ
وەرگێڕانی: گوشاد حەمە سەعید
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٨١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەولێر ژمارە (٢٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## بەبیر هێنانەوە

ئەم کتێبەی کە ئێستاکە وەرگێڕاوە فارسییەکەی لەبەر دەستی بایەخدەران بەمەسەلەی کورد دایە، لە ساڵی١٩٩٥دا لە بنکەی زانیاری ڕووناکگەری کورد لە مۆسکۆ بەزمانی ڕووسی چاپ کراوە. بێگومان هەریەک لە نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوانە لە بیروبۆچوونی جیاوازی سیاسییەوە لێکۆڵینەوەکەی خۆی کردووە و بەو ئەنجامەش گەیشتووە کە خۆی ویستوویەتی لەبەرئەمە، وەرگێڕانی لە لایەن منەوە نیشانەی قبوڵکردن و لایەنگیری کردنی من ناگەیەنێ. نووسەری ئەم چەند دێرە لەو باوەڕەدایە بەپێی توانا کار و نووسینەکانی پەیوەندییان بەمەسەلەی کوردەوە هەیە و بەزمانی جیاجیا لە لایەن کوردناس و توێژینەرانەوە نووسراون و بەچاو پۆشین لەوەی کە نووسەرەکەی دۆست یا دوژمنی کورد بێ دەبێ وەربگێڕدرێ و بخرێتە بەردەستی بایەخدەرانی ئەم مەسەلەیە.

بەداخەوە هەرچەندە لە یەکێتی سۆڤیەت کتێب و وتاری گەلێ زۆر لە بارەی کورد و کوردستان و مێژووی ئەدەبیاتیەوە نووسراوە لەبەر هۆی ناوبراو (وەرنەگێڕانیان بۆ زمانی فارسی) ئەم سەرچاوانە کەمتر سوودیان لێ وەرگیراوە.

زۆربەی کتێبە وەرگێردراوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە سەرچاوەی ڕۆژئاواییەوە بووە و بەزۆری لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان تا ناوەڕاستی هەشتاکانەوەیە، بابەتە گرنگەکانی ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کوردە تا ناوەڕاستەکانی نەوەتەکان لە هەر چوار لاوە، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی ئێران و ڕووداوەکانی لە دوای شۆڕشی دژە ئیمپریالی و پاشایەتی ساڵی (١٩٧٩-١٣٥٧) و وتارێکی چڕ و پڕ و دوور و درێژی لەسەر کوردستانی سوریایە کە لە زۆربەی کارەکانی پەیوەند بەمەسەلەی



کوردەوە لە بیرکراوە و بایەخی کەمی پێدراوە، تا بەوە دەگا کۆی ئەو وتارانەی لەم بارەوە نووسراون ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێ ناپەڕن.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە هەندێ جێگا هەوڵدراوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر هەندێ مانای نا دروست چاک بکرێنەوە و تەواو بکرێ. بەپێی ئەوەی دەستکاری لە مەبەستی سەرەکی هەڵسەنگاندن و ئەنجام گیرییەکانی نووسەر بکرێ.

کامەران ئەمین ئاوە

وەرگێڕی فارسییەکەی

# پێش گوتار

سالّ بەسالّ بایەخدانی گشتی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە زیادبووندایە. پاشەڕۆژی نزیکەی ٣٠ ملیۆن کورد کە نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵە لەسەر خاکی دێرینی باب و باپیرانیاندا دەژین و سەرەڕای بەشداریکردنێکی زۆریان لە پەرەپێدانی فەرهەنگی و مێژوویی وڵاتان و میللەتانی ئاسیای ڕۆژئاوادا بەڵام لە هەبوونی دەوڵەتی خۆیان بێبەش بوونە و قارەمانانە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی تێکۆشاون و بوونەتە هۆی نیگەرانی زۆرترین خەڵکی دیموکرات و ئازادیخواز لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و لە وانەش ڕوسیا و دەوڵەتانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەت. مەسەلەی کورد بۆ ڕوسیا لە ڕادەبەدەر گرنگ بووە و بایەخدان بەچارەسەرکردنی بەپێی بنەما دیموکراتی و پەیڕەوکراوەکانی کۆمەڵگای جیهانی لەمەڕ مافی دیاریکردنی چارەنووس بەتایبەتی لەبەر نزیکی هەڵکەوتنی جوگرافیایی کوردستان و لێک نزیکیی ڕەوشە مێژوویی و فەرهەنگییەکانیان شتێکی نەشاراوەیە. ئاخر، بەڕاستی ڕوسیا کوانووی کوردناسی بووە، وەک بەشێکی جیا و سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵاتناسی تایبەتێتی دراوەتێ و تا ئەم دوا دوایانە گرنگترین کارەکانی لە مەیدانی ئەم زانستەدا کراون لە لای ئێمە بووە.

لەبەر ئەم هۆیانەی لە سەرەوە باسیان کرا ناڕێکوپێکی و کەموکورتی گەلێک لە کوردناسی ئێمە دەبینرێ. هیوای ئەوە دەکرێ کە ئەم دیاردەیە کاتی بێ. بەتایبەتیش بڵاوکردنەوەی ئەو تۆژینەوە تایبەتیانەی کە بایەخیان بەسەختترین مەسەلەکانی کوردناسی پەیوەندیدار لەگەڵ باری سیاسی ئیمڕۆی کوردستان و دەوروبەری و بەتایبەتیش بزووتنەوەی ئەم (٢٠-٣٠) ساڵەی دوایی گەلی کورد پێویستە.

ئەم کۆمەڵەی کە دەکەوێتە بەردەستی (هەڵسەنگاندن)ی خوێنەران بەشێکە لەو جۆرە هەوڵ و کۆششانە. بەهۆی زنجیرەیەک هۆی نالەبارەوە



نەتوانرا ئەم کارە لەوەختی خۆیدا لەژێر چاپدا بێتە دەرەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بۆچوونی ئێمە بابەت و خاڵە سەرەکییەکانی تا ئەمڕۆ هەر وەک مەسەلەی ڕۆژ ماوەتەوە بەتایبەتی لە هەندێ بەشیدا. داواکارییەکان بەپێی گیانی ڕۆژگاری هاوچەرخ بووە و تا ئیمڕۆش زیندوویەتی خۆیان لە دەست نەداوە.

## بەشی یەکەم

# مەسەلەی کورد

(زێد، پەرگرتن و هەلی ئێستاکە)

*پرۆفیسۆر م. س. لازاریف*

تا ماوەیەک بەر لە ئێستا مەسەلەی کورد لەو بابەتانە بوو کە زۆر کەم لە ڕاگەیاندنی ڕەسمی و گشتیدا باس دەکرا و لە لای تایبەتمەندانی ڕۆژهەڵاتناس و سیاسەتمەدارانەوە باس دەکرا بەتایبەتی خەریکی مەسەلەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک بوون. شەڕی کەنداوی فارس بووە هۆی ئەوەی گەلێ لایەنی دەسەڵاتداری سیاسیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و ڕای گشتیی جیهان بایەخ بە مەسەلەی کورد و کوردستان بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بەپێی تێبینییەکانی ڕۆژانە هەڵە دەکرێ. لە ڕاستیدا هۆیەکانی خرانە بەرباسی مەسەلەی کورد لەکاتی ئێستادا هۆی بنچینەیی و ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە. وڵاتی کوردان بەردەوام مەڵبەندی بارگرژیی سیاسی بووە و بەتایبەتیش لەم سەردەمەی ئێمەدا بەشێوەیەکی یاسایی مەسەلەکەیان بەخاڵێکی ئاڵۆز گەیشتووە.

ئەگەر هەوڵ بدرێ هۆی بنچینەیی ئەم ئاڵۆزی و پەشێوییە دیار بکرێ بێگومان خەڵکی کورد و ونبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت بەهۆی ئەم بارگرژییە دادەنرێت. ئەم میللەتە (کورد) کە مێژووی نەتەوەکەی بە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ دادەنرێ کە لە کۆنەوە لەم خاکەدا ژیاوە بەردەوام لە پەرەپێدانی سەربەخۆیی خۆیدا بێبەش بووە و گەلێ کارەساتی گەورەی وەک شەڕ، هێرش بۆ هێنان، سەرکوتینەوە، لەتوکوتکردنی بەردەوامی خاکەکەی و جۆرەها زۆر و ستەمی دەرهەق کراوە. سەرباری ئەم دژوارییانە.



کوردەکان بێ چەندوچوون بەشدارییان لە تەواوی ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک، لانکەی شارستانێتی جیهاندا کردووە و ئەم وڵاتە زێد و زاینگەی گەلێ سەرکردەی مەزن و گەلێ حکوومەت بووە و کاریگەرێتیی قووڵیان لەسەر ڕۆشنبیریی گەلانی ناوچەکەدا هەبووە.

هیچ کاتێک کوردەکان ملیان بۆ باری ستەمکێشی و ژێردەستەیی کەچ نەکردووە و بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی خەباتیان کردووە. هەر ئەم خاسیەتە مێژووییانەش بووەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێ باری دەروونیی نەتەوەیی تایبەت بەم گەلە و گیانی ئازادانە هەڵکەوتوو و ئازادیخوازانەیان.

بەم جۆرە هۆی سەرەکیی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردان کە بەپێی تێپەڕینی قۆناغی سەختی مێژوویی جۆراوجۆر لە سەردەمی ئێمەدا گەیشتووەتە چلەپۆپەی. بۆ ئەوەی بتوانین بە ڕوونی لە خاسیەتەکانی مەسەلەی کورد بکۆڵینەوە و تێی بگەین و شوێنی لە جیهانی ئاڵۆزی نا ئارامی ئیمڕۆدا هەڵسەنگێنین دەبێ هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەم مەسەلەیە و بارە سەخت و ترسەکانی هەنوکەی ڕوون کرێتەوە.

### ١- هۆکارە جوگرافییەکان

کوردستان (وڵاتی کوردان) نیشتمانێک لە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا پێک دەهێنێ کە کوردەکان زۆربەی هەرە زۆری ڕەها یان ڕێژەیی تێدا پێک دەهێنن. ئەم ناوە (کوردستان) بەمانای دەوڵەتێکی سیاسی نەبووە و تەنیا مانای جوگرافیای نەتەوەیی دەگەیەنێ. کوردستان بەپێی هەڵکەوتنی لە ناوەڕاستی بەشی ئاسیای ڕۆژئاوا (لە نێوان هێڵی پانیی باکووری ٣٤و٤٠ و هێڵی درێژیی ڕۆژهەڵات ٣٦ و ٣٨ و ٤٨) لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات بەماوەی (١٠٠) کیلۆمەتر و لە باکوورەوە بۆ باشوور لە ٣٠٠

تا ٥٠٠ كیلۆمەتر دادەنرێ. سەرجەمی ڕووبەرەكەی بەنزیكەی ٤٥٠ هەزار كم٢ دەبێ (٢٠٠ هەزار كم٢ لە توركیا، زیاتر لە ١٦٠ هەزار كم٢ لە ئێران، نزیكەی ٧٥ هەزار كم٢ لە عێراق و ١٥ هەزار كم٢ لە سوریا).

هەرچەندە زۆربەی زۆری كوردەكان لە كوردستان زێدی مێژوویی خۆیاندا دەژین لەگەڵ ئەو هەموو كوردانەی كە لە دەرەوەی كوردستاندا دەژین ژمارەیان كەم نییە (سەدان هەزار كەس لە خۆراسان كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئێران، نزیكەی ٢٠٠ هەزار كەس لە یەكێتی سۆڤیەت[١]، زیاتر لە ١٥٠ هەزار كەس لە ئیسرائیل، نزیكەی ملیۆنێک كەس كۆچیان كردووە بەپێی زۆری لە ئەوروپای ڕۆژ ئاوادا دەژین) كە زۆریان كەسانی سیاسین. لەبەر ئەمە پانتاییی جوگرافیای مەسەلەی كورد لە چوارچێوەی كوردستان دوورتر دەڕوا.

خاسیەتی گرنگی هەڵكەوتنی جوگرافیای سیاسیی كوردستان، لە هەڵكەوتنی سنوورەكانیدا بووە لەگەڵ ٢ یا چەندین دەوڵەتی وەک (ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، بێزەنتی، عوسمانی، خەلافەتی عەرەب، ئێران). دوای لكاندنی (ئەودیوی قەفقاس) بە ئیمپراتۆریەتی ڕووسی سنوورەكانی جوگرافیای نەتەوەیی كوردستان لە سنوورەكانی ئەم ئیمپراتۆریەتە نزیک بووەتەوە و ژمارەیەكیش لە كوردان لەناو ئەم ئیمپراتۆریەدا گیرساونەتەوە. لە دوای جەنگی جیهانیی یەكەم و لەتوكوتكردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، كوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی توركیا و ئێران و عێراق و سوریادا دابەشكرا. عێراق و سوریا بۆ ماوەیەكی درێژ لە ژێر دەسەڵاتی سەربازی و سیاسی و ئابووری بەریتانیا و فەرەنسادا بوون.

بەم جۆرە كوردستان لەگەڵ هەڵكەوتە جیۆپۆلیتیكەكەیەوە دەكەوێتە ژێر

(١) بەپێی زۆر سەرچاوە بوونی كورد لە خۆراسان و سۆڤیەتدا نەک هەزاران بەڵكە لە ملیۆن تێپەڕ دەكا.



دەسەڵاتی سیاسەتە ناوخۆكان و پێوەندییە نێو دەوڵەتییەكانی نێوان توركیا، ئێران، عێراق و سوریاوە. لە بارەی باروزرووفی كوردستانەوە لە خاڵی ڕوانینی جیۆپۆلیتیكەوە ڕاستەوخۆ بە یەكێتی سۆڤیەت و وڵاتە عارەبیە دراوسێكانی ڕۆژهەڵاتەوە دەنووسێنرێ.

ئەوەی پێوەندی بەڕەهەندی سەربازییەوە هەیە پێویستە بایەخێكی زۆر بە خاسیەتەكانی خاكی كوردستان بدرێ و لە هەڵكەوتی شاخاویی ئەم وڵاتە بڕوانرێ. نزیكەی تەواوی ئەم وڵاتە بە پانایی و تاڕادەیەكیش لەلای (نیوەڕۆژەوە[٢]) بەزنجیرەیەک چیا داپۆشراوە، دەڵێی سروشت كوردستانی وەک قەڵایەكی سەخت ڕسكاندووە كە هەر كار و كردەوەیەكی سەربازیی هێزە زەمینییەكان لە دژیدا بێ ئەندازە دژوار دەبێ. لە هەمان كاتدا خاسیەتە ناوچەییەكانی وەک چیای بە جەنگەڵ داپۆشراو و، گەلیی تەسک و پڕ پێچ و پەنا، ئاووهەوای وشک بەتایبەتی لە زستانە سەخت و تووشەكانی كە بەفرێكی زۆری لێ دەبارێ و سەرما لە ڕادە بەدەرەكەی بۆ جەنگی پارتیزانی زۆر لەبارە. تاقیكردنەوەی ڕاپەڕینە زۆرەكانی ئەم وڵاتە ئەوەمان نیشان دەدا كە لەشكرە ڕێكوپێكە سەركوتكەرەكان بەخێرایی هێز و ئامادەیی و توانای سەربازی و جەنگیی خۆیان لە بەرامبەر كوردە شۆڕشگێرەكان لە دەست دەدەن چونكە خەڵكی كورد زیاتر لەم هێزانە لەگەڵ هەلومەرج و باری سروشتی ناوچەكەدا ڕاهاتوون.

سروشتی دەوڵەمەندی كوردستان هۆی سەرەكیی گیروگرفتەكانی كوردە. بێگومان دەبێ نەوت پلەی یەكەمی بدرێتێ. ناوچە نەوتییەكەی كەركووک (لە كوردستانی عێراق)دا لە لایەنی دەوڵەمەندی و پڕ خێر و بەرەكەتی بایەخێكی جیهانیی هەیە. لە ناوچەكانی تری كوردستانی عێراقدا (لە موسڵ كە دەكەوێتە باكوور و ناوچەی خانەقین) لە كوردستانی توركیادا

(٢) (نیوەڕۆ) ئەو هێڵەیە

(له سێگۆشەی گارزان، گرمیک، ڕامان)، له کوردستانی ئێراندا (له دەوروبەری کرماشان) و له کوردستانی سوریاشدا دەتوانرێ نەوت دەربهێنرێ. مەسەلەی نەوتی کوردستان ئەم خاسیەتانەی هەیە: بەرهەمهێنانی بێ وێنه، هەرزانیی بارکردن و گواستنەوەی بەتایبەتی له کانەکانی کەرکووک که لەلایەنی سوودبەخشینی گشتیی چاڵی نەوت و دەرهێنانیدا چاڵی وا هەیە له یەک مەترەوە نەوتی لێ دەرهێنراوە و نرخی دەرهێنانی یەک بۆشکە نەوت له کانەکەوە ریکوردی جیهانیی بڕیوە. گواستنەوەی نەوتی کەرکووک (بەپێی بەراوردکردنی بارکردن و گواستنەوەی نەوت له ڕێگەی کەناڵی سوێس و گەرووی ئومێد) لەگەڵ گواستنەوەی بەرامبەر لووله نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا زۆر هەرزانتر دەوەستێ، خاسیەتی دووەمی لەمەدایه که نەوتی کوردستانی تورکیا و سوریا تەنیا سەرچاوەیانه بۆ بەکارهێنانی نەوت بەڵام بۆ عێراق یەکێکه له ماده زۆرەکان (ئەمه له ڕابردوویەکی نەهێنده دوور تا سەرەتای دەرهێنانی نەوت له باشووری وڵات تاکه سەرچاوه بوو). سێیەمی ئەمەیه که نەوتی کوردستان له نزیک سەرچاوه نەوتییه مەزنەکانی جیهان (زێڕی ڕەش)ی ناوچەی کەنداوی فارسدا هەڵکەوتووه. هەر جۆره گۆڕانکارییەک لەو بارودۆخانەی پێوەندیی بەنەوتی کەنداوی فارسەوه هەبێ ئەوا کاردەکاته سەر باری نەوتی کوردستان و بەپێچەوانەوەش. هەڵبەته نابێ بایەخی سەرچاوه سروشتییەکانی تری کوردستان بەکەم دانرێ. له کوردستانی تورکیادا کانەکانی خەڵووزی بەرد که بایەخێکی جیهانیی هەیه و سوودی زۆری لێ دەبیندرێ، جگه لەمەش (ئاسن و مس)یش دەردەهێنرێ و سوودیان لێ دەبینرێ. لەم دواییانەشدا له کوردستانی عێراقدا کانی دەوڵەمەندی مادەی یۆرانیۆمی دۆزراوەتەوە. له کوردستاندا باری زۆر گونجاو هەیه بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و دارستان پەروەردەکردن. زەخیره و سەرچاوەیەکی تری دەوڵەمەندی کوردستان سەرچاوه



ئاوییەکانیەتی که دەکرێ هێزێکی زۆر مەزنی لێوه بەرهەم بهێنرێ. بەرهەمهێنانی هێز له سەرچاوه ئاوییەکاندا تەنیا له کوردستانی تورکیادا به ۹۰ ملیار کیلۆ وات له سەعاتێکدا دادەنرێ. بەم جۆره کوردستان له دیدگای جیۆپۆلیتک (لەگەڵ له بەرچاو گرتنی لایەنی سەربازی ستراتیژی) و لەوەی پێوەندیی بەسەرچاوه سروشتییەکانەوه هەیه (ئەگەر بەکاربهێنرێ و سوودی لێ وەربگیرێ) نه تەنیا یەکێکه له گرنگترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک بەڵکه بایەخێکی جیهانیشی هەیه.

**٢- هۆکاری نەتەوەیی و دانیشتوانی**

لەگەڵ ئەوەشدا که شێوەی خاکی کوردستان زیاتر شاخاوییه، بەڵام له خێر و بەرەکەتی دۆڵه پڕ بەپیتەکانی به ڕێژەی مام ناوەندی گەشەسەندنی ئاسیا (تا ٤٥ کەس له هەر کم٢) دەگا. له ڕۆژی ئیمڕۆدا دانیشتوانی کوردستان زیاتر له (٢٥) ملیۆن کەسه که زۆربەی زۆری ئەم ژمارەیەش کوردن. پێشکەوتنی گەلی کورد و گیروگرفته سیاسی و زانیارییەکانیان لێک دەچێ، پەرەسەندنی نەتەوەیی گەلی کورد هەمیشه له هەلومەرجی زۆر نالەباردابووه به لێکدابڕاندنی ئەم گەله بەهۆی دامەزراندنی سنووری نێو دەوڵەتی و پارچەکردنی خاکەکەیەوه، ئەمەش بووه هۆی ئەوەی کورد پێگەیشتنی هەستی نەتەوەیی لا یەکسان نەبێ. لەبەرئەوەی گەلی کورد له دیارترین و بەرچاوترین باره نەتەوەییەکانیدا یەکسان نەبووه بەئاشکرا ئەم جیاوازییەش دیار دەکرێ.

ئەم مەسەلەیه بەر له هەموو شتێک پێوەندیی بەزمانەکەیەوه هەیه. نزیکەی ٦٠٪ی کوردان که له باکوور، باکووری ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوا، باشووری ڕۆژئاوا و بەشێکی کوردستانی ناوەندی (مرکزی)دا دەژین (له خاکی تورکیادا، له باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا، له سوریا و، بەشێکی باکووری عێراقدا) بەزاراوەی کرمانجی دەدوێن (زمانی کوردی بەزۆری به

تیپی لاتینی دەنووسرێ)، ٣٠٪ ئەو کوردانەی کە لە باشوور، باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژین (ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئێران، ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی عێراق) بەزاراوەی سۆرانی و تیپی عەرەبی دەنووسن[٣]. کوردە زازاکان کە لە ولایەتی تونجەلی (دەرسیم)دا دەژین کە دەکەوێتە کوردستانی تورکیاوە و ئاینەکەیان سەر بەڕێبازێکی ئاینی شیعەیە، بەزاراوەی زازایی یا دملی دەپەیڤن و (بەتیپی لاتینی دەنووسن) و کوردەکانی کرماشان لە ئێراندا بەزاراوەی گۆرانی قسە دەکەن و (بەتیپی عەرەبی دەنووسن). هەرچەندە ئەم زاراوانە لە نووسینەوەدا جیاوازن، زنجیرە خاسیەتێکی ڕێزمانی جیاشیان هەیە، جیاوازییەکانی زمان لەنێو ڕەگەزی کوردان ئەوەندە گەورە نییە کە ببێتە هۆی لێک تێ نەگەیشتنیان. کوردەکان خۆیان بایەخێکی ئەوتۆیان بەوە نەداوە و بەهۆی جیاکەرەوەی نەتەوەیشی دانانێن. جگە لەمە، زۆر لە کوردان بەهۆی زمانی ئەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا بەش کراون وەک (تورکی، فارسی، عەرەبی) تێک دەگەن، زانینی (دوو یا سێ) زمان بۆ کوردان بەتایبەتی ئەوانەی کە خوێندنێکیان تەواوکردووە یا لە شارەکاندا دەژین کارێکی زۆر ئاساییە. لەگەڵ تێکڕای ئەمانەشدا بەربەستی زمان وەک نیشانەیەکی بەر چاو و بنەمایەکی جیاکەرەوەی کۆمەڵگای ڕەتکراوەی کوردی نەک هەر تەنیا وەک شوێن و پایە و هۆکارێکی فەرهەنگی بەڵکە لەگەڵ بایەخی سیاسیشدا دەهێنێتەوە. مەسەلەی هاوبەشی چارەنووسی مێژوویی کوردان بەجۆرێک قالبی گرتووە کە زەحمەتە ئاین لە ڕۆژگاری ئێمەدا ڕۆڵ لە دروستکردنی یەکێتی کورداندا ببینێ. هەرچەندە بەشی هەرە زۆری کوردان موسڵمانن و لەسەر ڕێبازی سونیدان بەڵام ئاین لە کۆمەڵگای ئیمڕۆی کورداندا ڕۆڵێکی

(٣) هەر سۆرانی بە پیتی عەرەبی نانووسرێ بەڵکە سەرتاپای کوردستانی عێراق و ئێران بە سۆرانی و بادینانیەوە بەم پیتە دەنووسن.



گرنگی نییە. بەڵام هێشتاش ئاین تا ئەندازەیەک ڕۆڵی جیاکەرەوەی نەتەوەیی بەتایبەتی لە مەیدانی ڕۆشنبیری و تایبەتمەندێتییە نەتەوەییەکاندا دەبینی. دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێ کە کوردە شیعەکان (بەشی زۆری پەیڕەوانی ئەهلی هەق، یان عەلی ئیلاهی لە تورکیادا ٢٠ تا ٣٠ لە سەدی سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان پێک دەهێنن) و کوردە یەزیدییەکان پەیڕەوی ئاینی تایبەتی بەر لە ئیسلام دەکەن کە زۆر خاسیەتی سانسکریتی و هەندێ لە بیروباوەڕە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکانیان لە ناودا هەیە. لەسەردەمی ئیمڕۆدا جیاوازیی ئاینی و نەژادی و ڕۆشنبیری لە لای کوردەکان هیچ ڕۆڵێکی چارەنووسسازانەی لە مەسەلەکانی میللی، سیاسی و خەبات لەپێناو سەربەخۆییدا نییە. هەڵبەتە ئەم جیاوازییە ئاینییانە لەلای دوژمنانی کورد چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەدا بۆ تێکدانی یەکێتیی کوردان سوودی لێ وەردەگیرێ.

ئیمڕۆ هەندێ مەسەلەی پێوەندیدار بە لێکچوونی نەژادی و نەتەوەییی کوردان کە هۆی سیاسیشیان هەیە جێگای مشتومڕ و بیروڕای جیاوازە. یەکێک لەوانە لەبارەی پێوەندیی لوڕ و بەختیارییەکانە بەکوردانەوە کە لەلایەنی نەتەوەیییەوە لە کوردان نزیک بوون و لە خوارووی ڕۆژئاوای ئێراندا دەژین، یەکێتیی نەتەوەییی کورد، لوڕ و بەختیارییەکان سەرەڕای بوونی گەواهی ڕوون و ئاشکرا و نکۆڵی هەڵنەگری وەک زمانناسی، بەڵام ڕووبەڕووی زۆر لێکدانەوەی جیاجیا دەبێتەوە، بەڵام وێڕای ئەمانەش مەسەلەی (کوردبوون)ی لوڕ و بەختیارییەکان نابێ چاوی لێ بنووقێنرێ چونکە ڕەوتی نەتەوەییی میللی لە تەواوی کوردستان و خاکی دەوروبەری کوردستاندا هێشتا هەر بەردەوامە و ئەمەش لە ڕۆژی ئیمڕۆدا بەباشی پێشبینی دەکرێ.

هۆکارە مادی و مەعنەوییەکانی پەیوەندییە میللییە (نەتەوەیی و سیاسی)یەکان کاری لە کوردان کردووە و لەم ڕووەوە مەسەلەی میللی

بەردی بناغەی مێژووی نوێی کوردان و دوولایەنی بەر فراوانە، یەکێکیان مەسەلەی میللەتی کوردە لەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین و ئەویدیکەش پەیوەندییە نەتەوەییەکانی ناو خودی کوردستانە.

کوردەکان لە خوارووی ڕۆژئاوای ئاسیادا و لە تەواوی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین گەورەترین کەمە نەتەوەن. تەنیا لە ئێران ژمارەیان لە ئازەربایجانییەکان کەمتر بووە و ئەگەر لەگەڵ ئەوانیشدا بەراوردیان بکەین ئەوا لەوان کەمتر لە ژێر دەسەڵاتی (سیاسەتی بە فارس کردن)دا بوون لە لایەنی ژیانی نەتەوەییەوە گەرمتر بوون و لە لایەنی سیاسییەوە پلەی یەکەمیان هەیە لە نێوان کەمە نەتەوەکانی دیکەدا.

کوردەکان لە لایەنی خاسیەتە نەتەوەییەکانیانەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون لەو نەتەوانە جیان کە حوکمی ئەو وڵاتانە دەکەن کە کورد و خاکەکەیان بەسەردا دابەشکراوە وەک جیاوازی زمان بەتایبەتیش لە تورکیا، عێراق و سوریا، لە لایەنی ئاینیشەوە لە ئێران و تاڕادەیەک لە عێراق و تورکیا جیاوازییان هەیە، لە لایەنی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتیشەوە لە ئێران و عێراقدا ئەم جیاوازییە دەبینرێ. ئەم جیاوازییانەش لەمپەری بنەڕەتی سەر ڕێگای ئەوە بوون کە کورد لەناو تورک و عەرەب و فارسدا بتوێتەوە و لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەی دوژمنکارییەکی گەرم و گوڕ بووە.

باری نەتەوەیی- میللی نەتەوەیی - دانیشتوانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و لە خودی کوردستانیشدا بە نائارامی و ناجێگیرییەکی تێبینی کراو جیا دەکرێتەوە. ژمارەی کورد و ناوچە کوردییەکان بەڕوونی لەژێر کاریگەریتی هۆکارە سیاسییەکاندا گۆڕاوە. کوردەکان زۆربەی کات تووشی ڕاگوێزان و کۆچ پێکردنی نەتەوەیی زۆرەملێیی بوون و ئەمەش بۆتە هۆی جێگۆڕکێ پێکردن و پەڕاگەندە بوونێکی زۆری کوردەکان و لە دەستدانی هێزێکی زۆری مرۆیی (برسیەتی



و لەناوچوونی بەکۆمەڵیشیان هۆیێکی دیکەی لە دەستدانی ئەم هێزەیە).
لە سەردەمی نوێدا هەرچەندە کاریگەریتی بەربەستە لە ژمار نەهاتووە سیاسییەکان لەسەر شوێنە ئەتنۆدموگرافی ناوچە کوردنشینەکان (بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە بزووتنەوەی نەتەوەییان تێدا پەرەی گرتووە) ڕەنگە لە لایەنی چەندایەتییەوە کەمی کردبێ بەڵام بەیەکجاری نەبڕاوەتەوە. کاریگەریتی باری کۆمەڵایەتی ئابووری لەسەر ڕەوتی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان کە خاسیەتی تەواوی وڵاتانی (جیهانی سێیەم) زیادی کردووە و لە نێوان کوردانیشدا ئەم زیاد بوونە سروشتییەی ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە ٣٪ لە ساڵێکدا بۆیە ئەم زۆربوونە بەرچاوەی کوردەکان وای کردووە کە کوردەکان ببنە گەورەترین (کەمە نەتەوە) لە ئاسیای ڕۆژئاوادا و گەورەترین نەتەوەشن لە جیهاندا کە لە مافی چارەی خۆنووسین بێ بەش کراون.

کوردەکان بەپێی ڕێژەی جیاجیا لە وڵاتی جۆراوجۆردا پەراگەندەن. نزیکەی ٤٧٪یان لە تورکیان، هەروەها ٣٢٪شیان لە ئێرانن، نزیکەی ١٦٪یان لە عێراق و ٤٪یشیان لە سوریا دان و ١٪یشیان لە وڵاتەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەتدا دەژین. کوردەکان لە کوردستاندا (لەگەڵ ئەوەشدا کە سنوورەکانی شەرتدارە) بەڵام زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی کوردستان پێکدەهێنن (بەگوێرەی هەندێ زانیاری کە بەدەستمان گەیشتووە ٨٤-٩٤٪ ڕێژەی دانیشتوانی کوردستانن، بەڵام بەپێی هەندێ زانیاری دیکەش ٧٢-٧٩٪ی ڕێژەی دانیشتوانن لە پارچەکانی کوردستاندا).

پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستان لەم هەزار ساڵەی دواییدا بەهۆی ڕۆچوون و داچوونی سیاسییەوە تووشی زۆر گۆڕانکاری بووە. لە ئەنجامی سیاسەتی ڕەشەکوژی میللەتان و کردەوەی سەربازی و دەستدانە کاری شۆڤێنیانەی حکوومەتەکان لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات کە ئێستا کوردستانی تورکیای تێدا هەڵکەوتووە و لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنەکان و

قەڵاچۆکردنیان پارسەنگە نەتەوەییەکەی بەلای کورداندا شکاندۆتەوە.

نەتەوەی کورد لە ئەنجامی ڕاگوێزانە زۆرەملێکانی ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ کە حکوومەتی تورکیا پێی هەڵسا زۆر دەردەسەری دیت و زیانی لێکەوت و لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەشدا ژمارەی تورکان زیادی کردووە و کوردەکانیش بۆ دەرەوەی کوردستان دەرکراون و تا ئەندازەیەک ژمارەیان وەک یەکی لێهاتووە. گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستان لە سەردەمی ئێمەدا دەرهەق بەو دەڤەرانەدا دەکرێ کە بزووتنەوەی میللی زیاتر تێیدا پەرەی گرتووە و پێگەیشتووە. لە کوردستانی عێراق و سوریادا دەوڵەت بەپێی پلان سیاسەتی جێنشینکردنی عەرەبی لە زێدی کوردەکان و ناوچە ستراتیژییەکان (بەزۆری لە ناوچە سنوورییەکاندا) گرتۆتە بەر. بەم پێیە چاوپۆشین لە زۆرینەی ئاشکرای کوردان لە کوردستاندا. زەمینەی نەتەوەیی تەواوی بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی نەتەوەیی ناوخۆی تێدا ڕەخساوە. لەگەڵ ئەم حاڵەشدا، ئەوانە بایەخی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی زەقی نەتەوەیی لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە کەمتر ناکەنەوە.

### ٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی ئابووری

ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا لە لایەنی (ئاستی نزمی) پێگەیشتنی ئابووری، پەیوەندییەکان و ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی و هەروەها فەرهەنگی کۆمەڵگای خۆیەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ وڵاتەکان (تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا) بەگشتی و ناوچە پێشکەوتووترەکانیدا بەتایبەتی لێک جیاوازن. دەکرێ ئەم بارە بەتەنیا لەگەڵ ئەم هەلومەرجە زۆر نالەبارە ناوەکی و دەرەکییەدا ڕوون بکرێتەوە کە لە ماوەی چەند سەدەیەکی دوور و درێژدا خەڵکی کورد تێیدا ژیاوە وەک (جەنگی بەردەوام و بێ کۆتایی، ڕاپەڕین، سەرکوتکردن، کەمبوونەوەی شێوە



پەیڕەوکراوەکانی بازرگانی زەمینی بەناو خاکی کوردستان و لەهەر هەمووشی گرنگتر نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەییە کە لە گرنگترین مەرجە پێویستەکانی هەر جۆرە پێشکەوتنێکە).

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کورد هێڵەکانی خۆی پاراستووە و پاشماوەی پەیوەندییە خێڵەکییەکانی وەک هی سیستەمی دەرەبەگی تێدا دەبینرێ. ئەم پەیوەندییە کۆنانە لە تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگای کورددا دەسەڵاتی هەیە و شوێنپەنجەی خۆی لەسەر بیچمی دەروونناسی نەتەوەیی خەڵکی کورددا جێهێشتووە، بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا لە ژێر کاریگەرێتی پێشکەوتنی بەردەوامی دەوروبەری کورد شێوەی پەیڕەوی کۆمەڵگا بەخێرایی ئاڵوگۆڕی تێدەکەوێ. لە ناوچە پێشکەوتووەکانی کوردستاندا تەنیا هەندێ یادەوەری لە بارەی پەیوەندییە خێڵەکییەکاندا ماوەتەوە.

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئابووری وا خەریکە لە ناوچە دواکەوتووەکانی کوردستاندا ڕێگای خۆی دەکاتەوە. شێوەی پەیڕەوکراوی کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەی مێژووی کۆمەڵگای ڕابردووی وڵاتە. پێگەی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی ئەشرافە ڕوحانی ناسراوەکان ڕووخاوە و توێژ و چینی کۆمەڵایەتی نوێ وەک بۆرجوازی پیشەسازی و بازرگانی (شار و گوند)و چینی کرێکار لە دایک دەبێ.

وەرچەرخانە پێشکەوتنخوازەکان لە کۆمەڵگای کورد بۆتە هۆی خولقاندنی بنچینە و پاڵپشتی سیاسەت و ئایدیۆلۆژی نیشتمانپەروەرانی کورد و لە هەمان کاتیشدا پاشماوەی شێوە کۆنەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ڕەوتی مۆدرێنی کۆمەڵگادا لە زۆرانبازیدایە. ڕابەرە ئاینییەکانی کوردستان کە لە ناوەندە دەرەبەگەکانەوە هاتوون، سەرکردەی ئاینی و خێڵایەتین و هێشتاش دەسەڵاتی ئابووری سیاسی و مەعنەوییان هەیە. بەم حاڵەشەوە لە نێوان ڕابەرانی نوکەدا کەسانی چەپ و دیموکراتی کەم نین و لە ڕاستیدا

ئەوانە سەرجەمی کەش و هەوای کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگای کوردی دروست دەکەن بەڵام بیر و لێکدانەوەی سیاسەتەکانی ڕابردوو، هەندێ دابونەریتی وەک دوژمنکارییە ئاینییەکان، باوک سالاری، لە پێشەوە دانانی بەرژەوەندییە ناوچەییەکان نەک بەرژەوەندی گشتی، خەیاڵی ئەسڵ و فەسڵ و خانەدانی، داوای گەورەیی کردن، بیروباوەڕەکانی ڕابەرە ناودار و بەناوبانگەکان هێشتاش کاریگەری خۆیان هەیە. هەر لێرەوەیە کە دیاردەی ناپەسندی وەک ناپایەداری سیاسی. بێ پرەنسیپی، دەمەقاڵەی ناوخۆ و... هتد سەرچاوە دەگرێ.

پاشماوە دواکەوتووەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە پزدانی ئابووری کۆن و بێ سوودەوە لە دایک بوون، ئێستا لە سەردەمی جەنجاڵی بازدان و گوێزانەوە لە شێوەکانی بەر لە سەرمایەداری بۆ شێوە ژیانی نوێ و مۆدێرندان.

ئاژەڵداری (بەوەرزە کۆچ: هاوینان بۆ لەوەڕگاکان و زستانان بۆ ناو دۆڵەکانەوە) وەکو پایەکی کۆنی ئابووری هەندێ لە کوردان لاواز بووە و شێوەی بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ کاری خۆی کردووە و بەتەواوی وا خەریکە سەقامگیر دەبێ. پیشەسازی و پێگەیشتنی ژێرخان لە کوردستاندا لاوازبووە و شوێنی تەواوی بۆ جووتیاران، سەنعەتکاران و کاسبکاران نەخولڵقاندووە. کوردە بێکارەکان و لە بەردەست نەبوونی هۆ و ئامرازەکانی دابینکردنی بژێوییان وای لێکردوون کە ڕوو لە شارەکان بکەن و لەبەر نەبوونی دامەزراوی پیشەسازی لە کوردستاندا زۆرتریان بەرەو پایتەخت یان دەرەوەی وڵات کۆچ دەکەن. لە وێشدا کرێکارە کوردەکان بەهۆی ڕادەی نزمی زانیاری و بەزۆری بەبیانووی کاری ناتایبەتمەند یا کەم لێهاتوویی زۆر دەچەوسێنرێنەوە. بەکورتی ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئەو وڵاتانەن.



لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە هەموو لایەکەوە نیشانەی بە تاڵانبردن و سوود وەرگرتنی ئیمپریالییانە بەدەستی چینە بەرزە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا، ئێران عێراق، سوریاوە، لە خاکی کوردستاندا دەبینرێ.

دواکەوتەیی کوردستان لە ئەنجامی ئەو تاڵان و بڕۆیانەیە، هەتا لەو شوێنانەی کە لەم دە ساڵەی دواییدا دۆلارەکانی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو دێنە دەست (لە عێراق و ئێران کە سامانی نەوتی بەشێوەیەکی بەرچاو و تێبینی کراو لە کوردستان و دەوروبەریدا هەیە) ناوچە کوردنشینەکان بە پلە و ڕادەیەکی زۆر دواکەوتووترە لەو ناوچانەی کە نەتەوەی سەردەست تێیدا دەژین. هەتا لە کوردستانیشدا ڕادەی پێشکەوتن و باری ئابووری لە هەموو ناوچەکانیدا وەکو یەک نییە.

بەر لە هەفتاکان کوردستانی تورکیا وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی تورکیا پێشکەوت. هەرچەندە تورکیا لە شەستەکاندا لە لایەنی پێشکەوتنی ئابوورییەوە گەیشتبووە ڕادەی پێشکەوتنی ئێرانەوە. لە ساڵی ١٩٧٣دا لەگەڵ بەرزبوونەوەی زۆری نرخی نەوتی جیهانی، ئێران و عێراق و سوریا سوودێکی باشیان پێبڕا. هەرچەندە کە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و وڵاتانی عەرەبی سوودێکی کەمیان لەم بەرزبوونەوە لە ناکاوەی نرخی نەوت بەدەستکەوت و بەم حاڵەشەوە دۆلارەکانی نەوت تاڕادەیەک بووە هۆی خێراکردنی بزووتنەوەی ئابوورییان.

بەم جۆرە کوردستانی ئێستا لە لایەنی پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دوو گرفتی بنچینەیی هەیە: لە ناوبردن و نەهێشتنی بارە ناخۆشەکانی دواکەوتەیی و پێشکەوتنی نا هاوئاهەنگ و نایەکسانی بەشە جیاجیاکانی. ئەم گیروگرفتانەش کاریگەری نێگەتیفی خۆی لە یەکێتی خەڵکی کورد و کاریگەرێتی خەباتیان دەکا لە پێناو وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیدا.

**٤- هۆکارەکانی سیاسەتەکانی ناوەخۆ**

کوردستان بەهۆی تێکەڵی و پێکەڵی و تێکچەسپانی ناکۆکی و ناسازییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان بەردەوام ناوچەی بارگرژی سیاسی بووە. لێرەوە دەبێ سەیری ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین.

١- ڕادەی زۆر نزمی باری ماددی، هەلومەرجی سەرەتایی ژیان و بژێوی، نەبوونی سیستەمی مۆدێرنی تەندروستی و پەروەردەکردن و دامەزراوە فەرهەنگییەکان خاسیەتی توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگای کوردییە.

نابەرابەری ڕێژەیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردەکان بەگوێرەی بەرزترین ڕادەی ژمارەی سەرجەمی دانیشتوانی وڵات دەپارێزرێ و تەنانەت ڕوو لە زیادبوونیشدایە. ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی بەسەریەکدا کەڵەکەبوونی هۆکانی تەقینەوە و خولقاندنی نارەزایی کۆمەڵایەتی و گوڕسەندنی بزووتنەوەکانی جەماوەری میللەت.

٢- چاو پۆشین لەوەی کە سروشتی بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستاندا هۆکاری نەتەوایەتی و میللی هەیە، لەگەڵ بڕیار وەرگرتن لە پشت پەردەوە هەمیشە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی خستۆتەبەر ڕۆشنایی، لێرەدا پاشماوەی سیستەمی خێڵەکی ڕۆڵی خۆی بینیوە. نەریتی باوکسالاری سوونەکی لەگەڵ نەختێ کەمکردنەوە و سووککردن و داپۆشینی ناکۆکییە چینایەتییەکان و شاردنەوەیان، توانیویەتی نارەزایی جەماوەری خەڵک لەسەر چینەکانی سەرەوەی کورد دووربکاتەوە. بەهۆی پێکهاتەی میللی و نەتەوەیی کوردستان و هەندێ جار یەکسانبوونی گرفتە چینایەتی و نەتەوەییەکان، توێژەکانی ژێرەوەی ناو گەلی کورد پەیرەوی مێژوویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ون کردووە. لە کوردستانی تورکیادا لە کۆنەوە توێژی خاوەن کار بەزۆری لە ئەرمەنەکان و دەرەبەگەکانیش زۆربەی جاران لە ڕابەرانی



خێڵەکانی کورد بوون. هەر لە بەرئەمەشە دیانەکان (ئەرمەن و ئاسوورییەکان) کردبوویانە نەریت کە تەواوی کورد و موسڵمانەکان بەچاوی دەرەبەگ و تاڵانکەر ببینن و کوردەکان و موسڵمانەکانیش دیانەکان بەچاوی سەرمایەدار و چەوسێنەر و دار و دەستەی دەرەوە ببینن.

هەرچەندەکی کە نزیکبوونەوەی دیانەکان و موسڵمانەکان لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بووە و بونیادی نەتەوەیی کوردستان بەتایبەتی لە تورکیادا لە جەوهەردا گۆڕانکاری سوننەتی (ئتتراسیون) بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی میللەت پارێزرا.

٣- لە بەرئەوەی کوردستان مەیدانێکی کلاسیکی ڕاپەرینە میللییەکان بووە هەرواش دەمێنێتەوە چونکە ئازادی گەل ئامانجی بنچینەیی تەواوی خەڵکە و سروشتەکەی خاوەن تایبەتمەندی فرەچینی دەبێ. لە ڕاستیدا لە دەرەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا (یا لە دوژمنایەتی کردنی ڕاستەوخۆیدا)، خەڵکانێکی کەم دەسەڵاتی کۆمەڵگای کورد هەن کە بەهۆی جیاجیاوە لەژێر دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست یا هی وڵاتانی دەرەوەدان کە ئامانجی ئیمپریالیانەیان لە کوردستاندا هەیە.

لە ڕابردوودا میللەتانی دیکەی ئەم ناوچەیە و بەزۆریش ئەرمەنەکان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان تێدەکۆشان. ئیمڕۆ بزووتنەوەی کورد نەک هەر بەدەسەڵاتترین بزووتنەوەیە بەڵکە تاقانە بزووتنەوەی نەتەوەییە (لە کوردستانی تورکیا و سوریادا) بە بەراوردکردنی لەگەڵ بزووتنەوەی کەمە نەتەوەکانی دیکەی وەک (ئازەربایجانییەکان، عەرەب، ئاسوورییەکان) بەباشترین بزووتنەوەی ناوچەکەش دادەنرێ.

سەرەڕای ئەوەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لەم ١٠ ساڵەی دواییدا بەهۆی تاووگوڕسەندنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکان ناجێگیرترین سیاسەتی ناوەخۆی هەیە و لە هەر هەموویشیاندا

زنجیرە کودەتایەکی سەربازی بەرپاکراوە، لە ئێراندا شۆڕشێکی گەورە لە ژێر ئاڵای سەوزی شیعەی ئیسلامدا کرا.

لە ئەنجامدا تیژڕەوە ڕاسترەوەکانی ناسیونالیست (بەتایبەتی لە عێراق و سوریادا) و ئاینسالاری (لە ئێران) چالاکانە کەوتنە خۆ و دەسەڵاتیان گرتەدەست و ڕژێمی ئیستیبدادیان لەم وڵاتانەدا دامەزراند. ئەم بەیەکدا هاتنانە بەردەوام پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەمەسەلەی کوردەوە هەبووە و هەیە و چونکە بێ توانایی و حەز نەکردنی ڕاستڕەوەکان بۆ چارەکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی و (بەزۆریش مەسەلەی کورد) یەکێ لە هۆیە ڕاستەقینەکانی ئەوەبووە و لە لایەکی دیکەوە هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی حکوومەت لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بێ وچان لەگەڵ ترسی نوێی مەسەلەی کورد وەک ئەڵقەیەکی لاوازی ڕژێمی سیاسی ئەواندا بەڕێوە بووە. لەم ڕووەوە مەسەلەی کورد بزوێنەری هەڵگێڕانەوەی سیاسی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و خولقێنەری گەورەکردن و پێگەیاندنی ئاڵۆزی سیاسەتەکانی ناوەوەیان بووە. ئەوەی شایانی سەرنجدانە ئەوەیە کە هیچ یەکێک لە هێزە سیاسییەکان کە لە دوای کودەتاکانیاندا دەسەڵاتیان دەگرتە دەست تەنانەت لە چارەسەرکردنێکی کەمی مەسەلەی کورد نزیک نەبوونەوە. تەنیا لە کوردستانی عێراق نەبێ کە لە ساڵی ١٩٧٠دا ناوچەیەکی خودموختاری دروست کرا کە خاڵێکی گرنگ بوو بۆ جێبەجێکردنی بەشێک لە داخوازییەکانی ناسیونالیستانی کورد، بەڵام ڕووداوەکانی دوایی عێراق لەم بارەوە ئەوەیان نیشان دا کە ئەم هیوایەش لە خەیاڵێک بەولاوە شتێکی دیکە نەبووە.

ئەمە دیاردەیەکی یاساییە. سیستەمی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە دیدی مێژووییەوە لە وڵاتانی ئاسیای ڕۆژئاوادا دروست بووە کەم و زۆر کۆسپی سەر ڕێگای چارەسەرکردنێکی ڕازیکەرانەی بەشێکی مەسەلەی کورد بووە و ڕووبەڕووبوونەوەی ناسیۆنالیستی هێز و دەسەڵات



پەیداکردووی کورد کە بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین تێدەکۆشێ لەگەڵ ناسیونالیستی (لە ڕاستیدا شۆڤێنیزم)ی نەتەوەی سەردەست کە لە میانی ململانێ لە دژی ئیمپریالیزمدا پەرەی سەندووە و خۆی قایم کردووە) خۆی دەبێتە هۆی قووڵترکردنەوەی ناکۆکییە نەتەوەییەکان. شێوەکانی ئیستبدادی دەسەڵاتداری (لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە) ڕێگای بۆ کاری شۆڤێنستی خۆش کردووە و بۆتە هۆی ترسناکترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان میللەت. ئەم بارە لە لایەکدا مەیدانی بزووتنەوەی کوردی سنووردار کردووە لە لایەکی دیکەوە توندبوونی پاڵەپەستۆ لە کوردستاندا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی بەگوڕترین شێوەی تێکۆشانی کوردەکان بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانیان (وەک ڕاپەڕین لە کوردستانی ئێران و عێراق و پەرەسەندنی بزووتنەوەی پارتیزانی لە کوردستانی تورکیادا). لەگەڵ ئەمەدا کە یەکسان نەبوونی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتە ناوبراوەکان شوێن پەنجەی خۆی لەسەر بزووتنەوەی گەلی کورددا بەجێهێشتووە و کوردەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریاشی لە باروزرووفی جیاواز لە یەک داناوە. دابڕانی جوگرافیایی بزووتنەوەی کورد و پەیدا بوون و سەرهەڵدانە ناهاو ئاهەنگە مێژووییەکەی لە هەمان باروزرووف سەرچاوە دەگرێ.

پارچەکانی کوردستان لە سەردەمی جیاجیادا بۆتە مەیدانی خەباتی میللی و ئازادیخوازی. لە سەد ساڵی دوایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بنکەی ئەم خەباتە کوردستانی تورکیا بوو. لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کوردستانی عێراق بوو. لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا و بەدرێژایی ١٠ ساڵان سەرلەنوێ کوردستانی توکیا بوو. لە وەختی جەنگی دووەمی جیهانی و لە دوای ئەم جەنگەشدا مەڵبەندی بزووتنەوەی گەلی کوردستان بۆ کوردستانی ئێران گوازراوە و لە دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ەوە

مەڵبەندی بەرگری خەڵکی کورد دیسانەوە هاتە خوارووی کوردستان. ڕاستەوخۆ لە دوای (شۆڕشی ئیسلامی) لە ئێراندا ئەم خەباتە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) چۆوە. ئێستا ئاڵۆزی لە ناوچە کوردییەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بەخێرایی ڕووی لە زیاد بووندایە. بزووتنەوەی کورد لە دیدگای مێژووییشەوە زۆر گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە. لە لایەکەوە بارگرژییە ناوچەیی و نێو دەوڵەتییەکان بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی و لە لایەکی دیکەوە ماوە و خولە (کەم و زۆر) درێژەکانی وەستانی کەش و هەوای سیاسی بۆتە هۆی لاوازبوونی. ناهەماهەنگی جوگرافیایی و جاری واش هەیە هی ژمارەیان لە وڵاتەکاندا (ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا) هەمیشە ڕێگری سەرەکی سەر ڕێگای بزووتنەوەی کورد بووە. ئەم بزووتنەوەیە هیچ کاتێک نەیتوانیوە سەرکەوتنی یەکجارەکی چ لە ئاستی وڵات یان تەواوی کوردستاندا بەدەست بێنێ. تەنیا دەتوانرێ ئاماژە بۆ هەندێ سەرکەوتنی بەش بەش بکرێ کە ئەویش کاتی بوو یان بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، خاسیەتی باوی مەسەلەی کورد لە سیاسەتەکانی ناوخۆیدا بەم جۆرە بووە.

لەم دواییانەدا گۆڕانکاری بەرچاو لە ڕوانینی ڕاستڕەوانی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک سەبارەت بەمەسەلەی کورد هاتۆتە ئاراوە. ئەگەر ئەوان لە ڕابردوودا چاویان لە مەسەلەی کورد دەنووقاند ئەوا ئێستا (هەرچەندە بەنابەدڵی و سنووردارانەش بێ) ناچار بوونە ڕاستی بوونی ئەو مەسەلەیە بەڕەسمی بناسن. لە سەردەمی زوو ناو و ناتۆرەی وەک (کۆنە پەرستی و تەحریکدراو لە لایەن دەرەبەگ و ئیمپریالیزم و کۆمۆنیستانەوە) دەخرایە پاڵ بزووتنەوەی کوردەوە، ئێستا کەمتر بەکاردەهێنرێ. لە نێوان ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی ئەم وڵاتانەدا جیاوازی بۆچوون لە بارەی مەسەلەی کورد و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەی کورد ڕوو لە زیاد بووندایە و دەکرێ نیشانە گەلێکی لێکدانەوەی واقیعبینانەش بدیترێ. ئەمانە هەر هەموویان



ئەوە نیشان دەدەن کە هەڵسوکەوتە نەخشە بۆ کێشراوەکانی شۆڤێنستی بەرامبەر بە کەمە نەتەوەی کورد لە ئاڵۆزی و پەشێویدایە.

لە سەردەمی ئێمەدا بزووتنەوەی کورد بۆ ئاستێکی دیکە بەرزبۆتەوە و بزووتنەوەی ئێستاکە لە لایەنی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە زیاتر پێگەیشتووە و هاتۆتە ئاستی پێداویستییەکانی سەردەم. شێوەی خێڵەکییانەی هێزە خەباتکارەکانی نەماوە.

ڕۆڵی ئاینی و کۆنینەی سەرکردە دەرەبەگەکانی کورد وەک ڕابەری خۆسەپێن و جڵەوگیری هەموو لایەنەکانی تێکۆشان بەجۆرێکی بەرچاو کەم بۆتەوە و زۆران پارت و ڕێکخراوی سیاسی وەک نوێنەری توێژێکی بەرفراوانی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئیمڕۆی کورد جێگایان گرتۆتەوە. کوردەکان خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان لەژێر سێ ئاڵای ناسیۆنالیزم و دیموکراتی و شۆڕشگێڕیدا کۆبوونەتەوە. لە دەرەوەی ئەم بەرەبەرەدا تەنیا هەندێ تاقمی کەم ژمارە و دەسەڵاتی کۆنسێرڤتیف و ڕاستڕەو و خۆفرۆش هەن. لەگەڵ ئەمەشدا کە بزووتنەوەی کورد هێشتا لە یەکێتی و یەکگرتنی واقیعیانەوە دوورە ئەمەش ڕەنگدانەوەی پاشکەوتەیی کۆمەڵگای کورد و نزمی ئاستی فەرهەنگی سیاسییان دەگەیەنێ هۆی ناکاریگەری و کەم بەرهەمبوونی شۆڕشە زۆرەکانی کوردان لە دژی ستەمی نەتەوایەتی سەردەمی ڕابردووش هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرێ. تەنیا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا بزووتنەوەی سەرتاسەری و ڕێکخراوەیی کورد لە سیمای (حزبی دیموکراتی کوردستان) (پ.د.ک) لەگەڵ لقەکانی لە عێراق، ئێران، تورکیا و سوریادا دەستی پێکرد و سەرکردەی لێهاتوو مستەفا بارزانی سەرکردایەتی ئەم حزبەی دەکرد. لە ساڵی ١٩٦١-١٩٧٥ لەژێر سەرکردایەتی بارزانیدا کوانووی بەرگری کوردان لە عێراقدا گەش بۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بزووتنەوە سەرکوت کرا بەڵام حکومەتی بەغدا ناچار بوو ناوچەی

ئۆتۆنۆمی دیار بکا. شکستی شۆڕشی بارزانی لە عێراقدا کەنارکەوتنی یەکجارەکی ئەو خولەی بزووتنەوەی کورد بوو کە ڕابەرە بە توانا و هەڵکەوتووەکانی خانەدانانی کورد ڕابەرایەتی خۆیان بەسەردا سەپاندبوو و پێشڕەوییان دەکرد. لە هەمان کاتدا لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا لە پێناوی سەربەخۆیی قۆناغی پلورالیزمی سیاسی دەستی پێکرد.

ئێستا لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا کۆمەڵێ پارتی سیاسی کە نوێنەرایەتی چین و توێژە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جیاجیاکانی کۆمەڵگایان لە ئەستۆ گرتووە لە چالاکیدان.

جاروبار دۆزینەوەی جیاوازی لە بەرنامە و تاکتیکیاندا کارێکی سادە نییە. هەندێ لەو حزبانە بەتەواوی کاتین و بەلەناوچوونی خێرا مەحکومن. پەراگەندەیی بزووتنەوەی گەلی کورد نیشاندەری باری ئاڵۆزی بزووتنەوەکەن لە قۆناغی ئێستادا. بەڵام بوونی ئاڵۆزییەکی وا لە وەرچەرخانەکانی ئێستای بزووتنەوەی کورددا کارێکی یاساییە و بەرزبوونەوەی بزووتنەوەکەشیان بەشێوەیەکی حەتمی بەرەو ئاستێکی بەرزتر دەچێ. ئێستا نیشانەکانی ئەم وەرچەرخانە بەتەواوی ئاشکرایە. بەر لە هەموو شتێک پێگەیشتنی بزووتنەوەی کورد لە تەواوی کوردستاندا دەبینرێ. لە ڕابردوودا ئەم بارە نەدەبینرا. هەرچەندە کە هێز و توانای ئەم گەشەکردنە لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا وەک یەک نییە بەڵام بێ گومان وەکساڵەکانی پێشوو تووشی چەقین نابێتەوە لەگەڵ ئەمەشدا فەرهەنگی سیاسی کۆمەڵگای کوردەواری بەرزبۆتەوە و لەگەڵ ئەو دروستبوون و یەکپارچەییەی بزووتنەوەی کورد پەراگەندەیی و ڕوانین لە گۆشەنیگای جوزئیەوە بەلاوە دەنێ. مەیل بۆ دروستکردنی بەرەی سیاسی پارتە جیاجیا کوردییەکان بەتایبەتی لە عێراق و تورکیادا فراوانتر دەبێ. مەسەلەی هەرە گەورەی بزووتنەوە لە قۆناغی ئێستادا چەسپاندن و بەهێزکردنی خەباتی سیاسییە کە ئەمەش شەرەفی چارەسەرکردنە،



سەرەنجام مەسەلەی کورد لەوە دەرچووە کە (شتێک بێ بۆ خۆی) و سەنگی تایبەتی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ مەسەلەکانی دیکەی وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە بوونی خۆی هەیە و ڕوو لە زیاد بوون دەبێ. دەرکپێکردنی ئەم مەسەلەیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایە کە مسۆگەرکردنی سەقامگیر بوونی باری ناوەخۆی ئەو وڵاتانە بێ چارەسەرێکی دیموکراتییانەی مەسەلەی کورد کارێکی مەحاڵە.

## ٥- هۆکارەکانی سیاسەتەکانی دەرەوە

لە سەردەمی ئێمەدا بەنێودەوڵەتی بوون تێکڕای لایەن و گۆڕەپانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە. مەسەلەی کوردیش بەخاسیەتە تایبەتیەکانییەوە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن بە یەکێک لە مەسەلە هەرە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێ. مەسەلەی کورد لە سێیەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەسەر ئاستی دنیادا هاتە نێو باسانەوە و تەنیاش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا شوێنی تایبەتی خۆی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کردەوە. لەوساکەوە تا ئێستا، مەسەلەی کورد بەگوێرەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە باری نێودەوڵەتی و لە وانەش پەیوەندی هێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ڕوویداوە زۆر قۆناغی بڕیوە. تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی دەکرێ سێ هەڵوێستی سەرەکی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە دیار بکرێ:

١- ئینگلیز و فەرەنسا بەهەڵوێستێکی تەواو ئیمپریالییانە و بەرژەوەندپەرستانە لە کوردستان و تەواوی ناوچەکە.

٢- یەکێتی سۆڤیەت لەبەر شوێنی جوگرافیایەکەی کوردستان و ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ (ئیمپریالیزم)دا.

٣- تورکیا و ئێران کە تەنیا دەوڵەتن لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا کە مافی دەسەڵاتدارێتیان هەبێ.

ئینگلیز و فەرەنسا بە وەدەستخستنی کۆمەڵگا و میللەتانی عێراق و سوریا کە لەناو ئەم دوو کۆمەڵگایەدا ژمارەیەکی بەر چاویان کورد بوون و هەوڵیان دا سوود لە بزووتنەوەی کورد وەرگرن بۆ بەهێزکردنی خۆیان و فراوانکردنی پێگە ئیمپریالییەکەیان لە ناوچەکەدا و دابینکردنی پێگەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆرەوی لە کوردستان دابمەزرێنن وەک ئەڵقەیەکی گرنگی (پاراستنی سەلامەتی) کە لە دوای ساڵی ١٩١٧ بۆ بەرگرتنی پڕوپاگەندەکانی یەکێتی سۆڤیەت هاتبووە ئاراوە و ئینجا بۆ پاڵەپەستۆ کردنە سەر تورکیا و ئێران و دواتریش عێراق کە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە خەباتدابوو، سیاسەتی حکوومەتە ئیمپریالییەکان لە بارەی کوردەکانی عێراق و سوریاوە بەتەواوی بەر تەسک و سەخت بوو و هەوڵیان دەدا لەم وڵاتانە بزووتنەوەی گەلی کورد بۆ بەرپەرچدانەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی عەرەب بەکاربێنن.

نیازەکانی یەکێتی سۆڤیەت تا ئەم دواییانە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە بەتەواوی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاری کردنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕاسترەو و چالاکی پارێزگارانی ڕۆژهەڵاتی نزیک بوو، سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت لە بارەی مەسەلەی کوردەوە لەبەر زنجیرە هەلومەرجێکی مادیی و مەعنەوی تا ئەندازەیەک دژ و ناکۆک دەکەوتەوە.

لە لایەکەوە یەکێتی سۆڤیەت حەزی بەوە نەدەکرد کوردستانی هاوسێی ببێتە مەڵبەندێکی بەردەوامی بارگرژی لە بەرئەوەی ڕەوتە نەیارەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نزیک دەیانتوانی ئەم مەسەلەیە بۆ گورز وەشاندن لە بەرژەوەندییە دەوڵەتییەکانی بەکاربهێنن لە ڕاستیدا دەوڵەتی سۆڤیەت لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلە و نەهێشتنی ئەو هۆیانەدا بوو کە دەبوونە هۆی پەیدابوونی ناکۆکی لەگەڵ گەلی کوردستاندا. لە لایەکی دیکەوە مۆسکۆ بە هۆی لەئارادانەبوونی هەلومەرجی پێویست بۆ دانانی



مافی چارەی خۆنووسین بە کوردەکان و باس و خواسە ئاشتی هەڵنەگرەکانی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و وڵاتە ئیمپریالییەکانی ڕۆژئاوا تا ئەوکاتەی کە بزووتنەوەی کورد ڕێبازێکی چەپانەی هەبوو لە دژی هەڵسوکەوتی پارێزگار و شۆڤێنیستی ڕۆژهەڵات و سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا لە تێکۆشاندا بوو، مۆسکۆ پشتگیری لێدەکرد و ئەمەش ئەو تاڵە مووە باریکە بوو کە سیاسەتی شۆرەوی لەمەڕ مەسەلەی کوردەوە تا دەستپێکردنی پیرۆسترویکا یاری لەسەر دەکرد. هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران لە دوای وەدەستهێنانی مافی دەسەڵاتداریێتی وڵاتەکانیان بەردەوام لەپێناو بەهێزکردنی ئەم دەسەڵاتە هەوڵیان داوە و تێکۆشاون کە ڕێگای وڵاتە ئیمپریالییەکانی دوێنێیان نەدەن لە بارەی مەسەلەی کوردەوە دەست لە کاروباریان وەربدەن. هەر جۆرە هەوڵدانێکی وڵاتانی دەرەوە بگرە و بەردەی نێوان کورد و حکوومەتەکانی کە بۆنی دەستێوەردانی لێهاتبێ لە کۆتاییدا بەگەرم بوونی مەیلی شۆڤێنستی لەم وڵاتانەدا و زیاتربوونی کردەوەی تەنگ پێهەڵچنین لە دژی کورداندا شکاوەتەوە. لە سیاسەتی (لەمەڕ کوردان)ی تورکیا و ئێراندا کاتی کەم وێنەی وەک ناکۆکییە کۆنەکانی سەر سنوور و چاوبڕین لە خاکی (ئەو ناوچانەی کە کوردەکان زۆربەی دانیشتوانی پێکدەهێنن) هاتۆتە ئاراوە کە تا ئەندازەیەک ڕۆڵی سەربازی و ستراتیژی دەگێڕا. تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم لەبەر سنوورداری دەسەڵاتی ڕاستەقینەی عێراق و بەتایبەتیش سوریا مەسەلەی کورد بایەخێکی نێودەوڵەتی نەبوو. لە دوای جەنگی دووەمی جیهاندا گۆڕانێکی هەستپێکراو لەم دەوڵەتە ناوبراوانە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە ڕووی نەدا. بەڵام ژمارەیەک ناوەندی خاوەن بەرژەوەند لەگەڵ کۆمەڵێ گیروگرفتی جیاجیای سیاسی لە مەسەلەی کورد زیادی کرد.

لە ڕۆژئاوا ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکی گرتە ئەستۆ و کاریگەرێتی ئینگلیز و

بەتایبەتیش فەرەنسا کەمی کرد. بەتایبەتی لە سەردەمی جەنگی سارددا ڕۆڵی ناوچەیی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا و بەتایبەتیش لە مەسەلەی کورد زیادی کرد. سەرەنجام عێراق و سوریاش لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا سیاسەتی بێلایەنی خۆیان لە بارەی مەسەلەی کوردەوە گرتەبەر.

دەکرێ گرنگی کوردستان لە سیاسەتی دوای جەنگ و ئێستاکەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەسەر بناغەی سوودی جوگرافیای سیاسی و ئابووری (کە پێشتر باسمان لێوە کرد) ڕوون بکرێتەوە. نەخشی بێ لایەنی کوردستان (وادەزانم تەرجەمە فارسییەکەی ڕوون نییە) لەم چل و چەند ساڵەی دواییدا یەکسان نەبووە بەتایبەتی دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە (لە پەیمانی ناتۆ و بەغدا) بەپێی هیچ دوودڵییەک کلیلی ڕۆژئاوا بوون و ئەمریکاییەکان نەک هەر تەنیا نیازیان نەبووە مەسەلەی کورد بخەنە ڕوو، بەڵکە بەهۆی پەیوەندییەکان و دۆستایەتییان لەگەڵ ڕژێمەکانی تورکیا، ئێران و عێراقدا لەگەڵ وەستاندنی بزووتنەوەی کوردیشدا بوون.

بەپێی زیادبوونی لایەنگیری بلۆکی سۆڤیەت بەتایبەتی لە ڕۆژئاوای ئاسیا دژی ڕۆژئاوا لە پەیمانەکاندا، پەیوەندی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەمەسەلەی کوردەوە زیاتر کاری کردە سەر ولاتەکانی ناوچەکە. دەستکاری کردنی بزووتنەوەی کورد بوو بە یەکێک لە بەرنامە سیاسییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهاندا ڕۆڵی ئینگلیز لە مەسەلەی کورددا لەسەر بنچینەی تەحریکدەری بوو: پێگەی سەربازی، سیاسی و ئابووری ئینگلیز لە کوردستاندا (بەهۆی پاشەکشەی ئێمپراتۆری ئیمپریالیزمی بەریتانیا) بەشێوەیەکی هەستپێکراو لاوازبوو. فەرەنسە لەم دوایانەدا هەوڵدەدا ڕۆڵی پێشووی خۆی لە مەسەلەی کورددا زیندوو بکاتەوە.



بەگشتی بایەخدانی تایبەتی فەرەنسا و ولاتە سەرمایەدارەکانی دیکە بەکوردستاندا بەزۆری لە مەیدانی ئابووریدا درێژەی پێدەدرێ: کۆمپانیاکانی بەریتانی، بەریتانی- هیندی، فەرەنسایی، ژاپۆنی، ئەڵمانی، ئیتاڵی (و بەسروشت ئەمریکایی) وەک جاری جاران نەخشە و پلانی بەرچاو و بڕیاردەریان لە تەواوی چالاکییەکانیاندا لەسەر (نەوت) لە ڕۆژهەڵاتی نزیک لەوانەش (نەوتی کوردستان)دا هەیە.

بەم پێیە دەتوانرێ بە زنجیرەیەک قەید و شەرتەوە سیاسەتی هاوبەشانەی ڕۆژئاوا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆڵی سەرەکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر مەسەلەی کورد قسە بکرێ. تایبەتمەندی ئەم سیاسەتە لە چیدایە و شێوەکانی بۆ جێبەجێ کردنی لە قۆناغی دوای جەنگ تا ئەم دوادوایانە چۆن بووە؟

لەم بارەوە دەبێ بگوترێ کە بزووتنەوەی گەلی کورد لە چەقی ئەم سیاسەتەدا بووە. ئەم بزووتنەوە لە سیاسەتی ولاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نزیکدا شوێنی تایبەتی خۆی بووە لە بەرئەوەی دەیانەویست پێگەی ئابووری و سەربازی و سیاسییان لە کوردستان و تەواوی ناوچەکەدا بپارێزن. پشتیوانی مەرجداریان لە بزووتنەوەی بەشە جیاکانی کوردستان (تەنها ئەو کاتە بووە کە ڕژێمەکان دژی ڕۆژئاوابوون) کردووە و بەهێزکردن و لەشکرکێشی هێزە پارێزگارەکان (محافظین) (وێڕای پێگەی کۆمەلایەتی ژینگەی ئاینی) و ناوەندە ناسیونالیستە ڕاستگەرەکانی کۆمەڵگای کورد (کاربەدەستان، بازرگانە گەورەکان، ئەو ڕووناکبیرانەی لە ڕۆژئاوادا خوێندنیان تەواوکردوە) هەر لە هەمان سیاسەتەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەم جۆرە ئەوان لە باری تایبەتی سیاسەتەکانی دەرەوە لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی نزیکدا (کە لە ژێرەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێ) سوودیان وەرگرت: هەروەکو ڕووبەڕووبونەوەی گەرموگوڕی جیهانی عەرەب بە پشتبەستن بەگیانی توندڕەوانەی ناوەندە ئیسلامییەکانی ولاتە نا عەرەبییەکان (بەتایبەتی لە

ئێرانی خومەینی) لەگەڵ ئیسرائیلدا (کە مەبەست لە هاوکاری سوپایی ئیسرائیل و کوردەکانە)، ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان بەتایبەتی پەیوەندی نێوان عێراق و سوریا (بەدەستێوەردان لە بزووتنەوەی کورد کە کەلێنی نێوانیانی گەورەتر کرد و دەرفەت بە ڕۆژئاوا دەدا کە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی سوود لەم بارانە وەرگرێ)، گوتوبێژی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان (بەپلەی یەکەم جەنگی ئێران عێراق لە ساڵی ١٩٨٠دا).

کەڵک وەرگرتنی ڕۆژئاوا لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد سنووردار و لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا ماوە. لە ڕاستیدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێ لە دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوای ئیمڕۆ لایەنگری (بەمەرج و کاتی)یان لە بزووتنەوەی گەلی کورد کرد بەڵام بەهیچ کلۆجێ ئامادەنین پشتیوانی لە کورد بکەن بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان. لەبەرئەوەی ئەم کارە وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندییە ماوە درێژەکانی ئەوان نییە.

لە ڕوانگەی ڕۆژئاوادا پشتیوانی زیاد لە ئەندازەی ناسیونالیزمی لەسەر پێ و چالاک ترسێکی گەورەی لە بەرە و دەبێتە هۆی نا ئارامییەکی پێشبینی نەکراو لە یەکێ لەو ناوچانەی کە ئەگەری تەقینەوەیان لێ دەکرێ لە جیهاندا. لەم ڕووەوە شتێکی سەیر نییە کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەمەڕ کوردەوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی نەبووە و لە ڕاستیدا لە بەر دەسیسە و پیلانە سیاسییەکان گەیشتۆتە ئاستێکی هێندە بەرز. ئەم کارە بەهیچ جۆرێک بۆ بزووتنەوەی کورد و هێزە بەرهەڵستکارەکانی جێگای قبوڵ کردن نییە.

سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە دوای جەنگی دووەمی جیهان دروست بووە، پێویستی بە هاتنە ناوەوەی هەندێ ڕەگەزی بنچینەیی تازە کرد لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ مەسەلەی کورد.



هەرچەندە کە لە خاڵە بنچینەییەکانیدا هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەدا. لێرەدا لۆجیکی جەنگی سارد (هەوراز و نشێوەکان) (زێتربوونی بارگرژییەکان) و (لە ناوبردنی هۆکارەکانی بارگرژی) هاتە ناو کارەوە. چوونە ناوەوەی تورکیا، ئێران و عێراق بۆ ناو تەوەرەی ڕۆژئاواوە بووە هۆی زیادبوونی نیگەرانی مۆسکۆ سەبارەت بە ئەگەری سوود وەرگرتنی ڕۆژئاوا لە کوردستان وەک پێگەیەکی دژ بە سۆڤیەت. سەرئەنجام مەیلی سۆڤیەت بەلایەنگیری کردن لە بزووتنەوەی کورد تا ئەو ڕادەیە زیادی کرد کە نەبێتە هۆی ناکۆکی لەگەڵ ئەم وڵاتانە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ و سەرلەنوێ ڕاستبوونەوەی بزووتنەوەی کورد فەرمانی نوێی لە بەردەم سیاسەتی سۆڤیەتی بەرامبەر کورد دانا. بەشێوەیەک ئەم سیاسەتە نەک هەر تەنیا خاسیەتی بەرگریکردنی پێشووی نەبوو لە هەمان کاتدا بایەخی ئەم ڕێبازە وەک هۆکاری کاریگەری شۆڕەوی لە سیاسەتی ناوەوەی ناوچەکەدا ڕووی لە زیادبوون کرد. ڕووداوی وەک (شۆڕشی ئیسلامی) لە ئێران، جەنگی ئێران ، عێراق، ناجێگیری سیاسی تورکیا لە شەستەکان و سەرەتای هەشتاکاندا زیادبوونی بارگرژی لە کوردستانی تورکیا بووە هۆی تێرتربوونی مەسەلەی کورد لە سیاسەتی مۆسکۆدا.

لە دوای جەنگیشدا پەیڕەوی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک کە (ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەمەسەلەی کوردەوە بوو) خاسیەتی دوژمنکارانەی خۆیان لە بەربەرەکانی کورد لە دەست نەدا. دەکرێ ورد و ئاشکراتر بڵێین کە هاوکارییەکی نێودەوڵەتی بوو بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد و بەپێی ڕەوشی هەمیشەیی ئەم بزووتنەوەیە لە چوارچێوەی سنوورە دەوڵەتییەکان زیاتر ڕۆیی هەر هەموو دەوڵەت و حزبە زۆرەکانی ئەم وڵاتانە دوژمنکارانە ڕووبەڕووی ناسیونالیزمی کورد دەبوونەوە جا چ بەشێوەی ڕاگەیاندنی تەواوی (سەربەخۆیی کوردستان) و چ بەشێوەی مام ناوەندی وەک (خودموختاری) بووایە. هەڵبەتە ئەم

خودموختارییەش وەک تەوسێکی سیاسی بۆ خۆ ئامادەکردنی هەمان سەربەخۆیی دەردەبڕا.

مەسەلەی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ڕۆڵی چالاکی یارمەتیدەری هەیە و لە گوتوبێژی نێودەوڵەتیدا وەک سەرە نەیزەیەک سوودی لێ وەردەگیرێ.

بێگومان لەم بگرە و بەردانەدا بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لەبەر چاو ناگیرێ. هەروەکو حکوومەتی شا لە دوای ڕاپەڕینی کوردەکانی عێراق بەڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی لە ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥)دا یارمەتی شۆڕشگێڕانی کرد و (لە هەمان کاتدا بەمەبەستی دەستەمۆکردنی کوردەکانی ئێران) هەوڵی دا عێراق ناچار بکا تا زنجیرە دەستکەوتێکی بداتێ کە پەیوەندییان بەناکۆکییە سنوورییە کۆنەکانەوە چ زەمینی چ ئاوییەوە لە (شەتولعەرەب) هەبوو و سەرەنجام هەندێ دەستکەوتی لە عێراق ستاند. هەڵبەتە وەک لە دواییدا ئاشکرا بوو کە دانی ئەم ئیمتیازاتانە لە ڕوانگەی ئامانجە تاکتیکیەکانەوە بۆ عێراق سوودی هەبوو چونکە دوای خستنە ڕووی داواکارییەکانی ئێران سەبارەت بە ناکۆکییە سنوورییەکان (لەسەر بنچینەی ڕێککەوتنی مارسی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیردا) ئێران سنوورەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا گرت و ئەو یارمەتییانەی بۆ بارزانی دەنارد بڕی و ئەمەش هۆیەک بوو بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد بۆ ماوەیەک دامرکێتەوە. بەهەڵگیرسانی جەنگی ئێران و عێراق لە دیسامبەری ١٩٨٠دا کە کوردەکان جارێکی دیکە لەو لایەنەوە زەبر و زیانیان پێکەوت. جەنگ بەشێکی خاکی کوردستانی گرتەوە و بەغدا و تاران بەردەوام چالاکی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەیان لە نێوان خەڵکی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانیاندا لە هەردوو بەرەکەدا دەکرد و ئەمە زەبرێکی گەورەی لە یەکێتی بزووتنەوەی گەلی کورد دا.

مەسەلەی کورد بەشێکی گرنگی پەیوەندییەکانی عێراق- سوریا-



عێراق- تورکیا بووە و لە داهاتووشدا هەر وادەبێ. لە حاڵەتی یەکەمدا لە ژێر چاودێری هەردوو دەوڵەت و حزبە ڕاسترەوەکانیاندا (شوعبە و ناوچەی حزبی بەعسی سوریا و عێراق) سوود لەم مەسەلەیە وەردەگرێ، لە حاڵەتی دووەمدا ئەم مەسەلەیە ڕۆڵی پێچەوانەی هەیە و دەبێتە هۆی لێک نزیک کردنەوەی ئەم دوو لایەنە بۆ هەنگاونانی هاوبەش لە دژی کورد. هۆکاری کورد لە پەیوەندی تورکیا و ئێراندا ڕۆڵی مین دەبینێ بەڵام بەکاریگەرییەکی لەسەرەخۆ.

***

تا ئەم دواییانەش هێڵە سەرەکییەکانی مەسەلەی کورد بەم جۆرە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا بەجۆرێکی ئاشکرا و ڕوون و لە سەرەتای نەوەتەکاندا وەرچەرخانێکی گەورە لە جۆری هاتنە ناوەوە و بەرەو پێشەوەچوونێکی سەردەمانەی ئەم مەسەلەیە ڕەخسا.

بێگومان ڕووداوەکانی ناوەخۆ سەرەڕای کەموکوڕی ئەم بەرەو پێشوەچوونانە و بوونی پاشماوەکانی پاشکەوتەیی تێیدا بەڵام تێکڕای کۆمەڵگای کوردی بەرەو مۆدێرنیزە کردن ڕادەکێشێ و ڕۆڵی خۆیان دیت لە بنچینەدا گۆڕانکارییە مێژووییەکان بەخاسیەتە نێودەوڵەتییەکانی چ لە ڕەهەندی جیهانی و چ ناوچەییدا لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بەئەنجام گەیشت.

لێرەدا پێویستە ئاگاداری دوو خاڵی گرنگ بین:

١-گۆڕانکاری بنچینەیی لە پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕووی دا کە بەپێی دەستپێشخەری کرملین دەستی پێکرد و بووە هۆی لە ناوچوونی جەنگی سارد و خولْقاندنی پایەکی بنچینەیی بۆ دامرکاندنەوەی بارئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا کە پێشتر بە هۆی ناکۆکی دەوڵەتە زلهێزەکان چەسپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر یەکتردا کارێکی مەحاڵ بوو.

٢- لە سەروبەندی هەشتاکاندا لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەو شوێنەی کوردەکان تێیدا دەژین ناوەندی نوێ و ترسناک و بێ ئارامی لە ئەنجامی گەشەسەندنێکی یەکجار زۆری تۆتالیتاریزم و تیژڕەوییە سیاسییەکاندا لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی و ئاینیدا (بەپلەی یەکەم لە ئێران و عێراقدا کە تیرۆریزم هاتە ناو سیاسەتی دەوڵەتەوە) سەریان هەڵدا. سیمای ئەم هەڵسوکەوتە تێکدەرانەیە لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن لە عێراقدا و دیکتاتۆری مەلاکان بەڕابەرایەتی ئیمام خومەینی بوو لە ئێراندا. ناوەندە ناسیۆنالیست و میلیتاریستەکان لە تورکیادا کەوتنە چالاکی و بەتایبەتی ڕابەری عێراق حاڵەتی داگیرکارانەی گرتەخۆ و گەورەترین جەنگی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەم ناوچەیەدا لە دژی ئێران هەڵگیرساند. ئەم جەنگە تا نزیکەی تەواوی هەشتاکان درێژەی کێشا و لە ئەنجامدا هیچمان لە هیچ کۆتایی بەجەنگ هات.

عێراق ماوەیەکی کەم دوای ئەم جەنگە لە ٢ی ئۆگۆستی ١٩٩٠دا بروسکە ئاسا کوێتی داگیرکرد و لە (کانونی یەکەم و شوبات)ی ساڵی دواییدا عێراق لەژێر زەبری عەمەلیاتە سەربازییە هاوبەشەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و بەسەرکردایەتی و بوونی بڕیاردەرانەی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زیانێکی یەکجار زۆری پێگەیشت. پریشکی ئاگری جەنگی عێراق و ئێران ڕاستەوخۆ ولاتی کوردانی گرتەوە. جگە لەمە. هەردوو لایەنی جەنگ هەوڵیان دا لەسەر خاکی یەکدی سوود لەم مەسەلەیە وەرگرن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حکومەتەکان بێڕەحمانە تەنگ بە کورد هەڵچنن. بەتایبەتی سەدام حوسێن نامرۆڤانەترین شێوەکانی لەم بارەوە بەکارهێنا و زۆر جارانیش چەکی کیمیایی لە دژیاندا بەکار هێنا.

جەنگی کەنداوی فارس تراژیدیایەکی نوێی بۆ کوردستان لەگەڵ خۆیدا



هێنا. لەگەڵ شکانی سوپای سەدام، کوردەکانی عێراق ڕاپەڕینێکی جەماوەرییان بەرپاکرد و لە ماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر بنکەکانی کوردستانی عێراقدا سەپاند. لە هەمان کاتدا شیعەکانی خوارووی عێراقیش ڕاپەڕین. (من وادەزانم ئەمە بەپێچەوانەوە بوو، وەرگێر)وا دەهاتە بەر چاوان کە خۆری ئازادی کوردان هەڵاتبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سێ هۆکار کاری شوومی خۆیان لەم بارە نوێیە کرد، ١- لاوازی باری سەربازی. ٢- نا ئامادەیی سیاسی و نەبوونی کۆمەکی پێویست لە دەرەوە کە یارمەتی خەباتی ئازادیخوازانەی کورد بدات. ٣- ڕژێمی عێراق سوودی لەو یەکە (وحدە) سەربازییانە وەرگرت کە لە دوای جەنگدا بەسەلامەتی مابوونەوە و بۆ هێرشە سەرکوتکارییەکان مەشق درابوون، توانی بەهۆیانەوە ڕاپەڕینی کوردەکان، کە لە لایەنی سەربازی و سیاسییەوە ئامادەییەکی تەواوی نەبوو بە باوەڕی (سیاسەتمەدارە گەورەکان) کوردەکان لە کاتی خۆیدا لە لایەنی هاوپەیمانەکانەوە کە دژی سەدام بوون کۆمەک نەکران، سەرکوت بکا.

سەرەنجام لافاوی کۆڕەوەکەی خەڵک بەرەو تورکیا و ئێران دەیان هەزار کەس (بەزۆری منداڵان) بەهۆی برسیەتی و، سەرما و نەخۆشی گیانیان لە دەست دا، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو زیانە گەورانەی بەمیللەتی کورد کەوت جەنگی کەنداو بووە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە لە پێگەیاندنی مەسەلەی کورد و لە هەمان کاتدا ڕوون بۆوە کە یەکەم ئەم مەسەلەیە لەسەر گۆڕەپانی ژیانی سیاسی (نەک هەر لەسەر ئاستی ناوچەکە بەڵکە بەشێوەیەکی فراوانتر) هاتۆتە ناوەوە و دووەمیش هاتە ئاستی دوو کێشەی بنچینەیی ڕۆژهەڵاتی نزیک وەک مسۆگەرکردنی ئاسایشی ناوچەی کەنداو و مەسەلەی فەلەستین. سەرکوتکردنی شیعەکان و کوردەکان بەدەستی سەدام بووە هۆی ورووژانی شەپۆلێکی گەورەی ناڕەزایی لە جیهاندا کە دەیتوانی ئەنجامی سەرکەوتنەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە

ئەوروپاییەکان و ئەوانی ڕۆژهەڵاتی نزیکیش لە کەنداوی فارسدا لەبار ببات . هاوپەیمانەکان بێ وچان بەردەوام بوون لە عەمەلیاتی سەربازی و سیاسی لە دژی عێراق و پێگەکانی لە باکووردا و چاکیان کوتاوە تا توانیان بارێکی وا بڕەخسێنن کە خەڵکە ڕەوکردووەکە بتوانن بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بگەڕێنەوە. ئەوان (هاوپەیمانەکان) لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢دا مۆڵەتیان دا کورد تا حکوومەتی سەربەخۆی (کوردستانی ئازاد) لەژێر سایەی ناتۆدا (کە لە ڕاستیدا ئەمریکایە) لە کوردستانی خوارووی دابمەزرێنن. ئێستا سەبارەت بە مەسەلەی کورد باروزرووفێکی پەراوێزی هاتۆتە ئارا:

١- ڕۆژئاوا لەگەڵ دامەزراندنە سەربازی و سیاسییەکەی زۆر بەباشی بناغەی خۆی لە کوردستاندا چەسپاندووە (سەرەتا لە خوارووی) و ئەمەش ئاستی مەسەلەی کورد بەتەنیا بەمەسەلەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە گرێ دەدات کە بۆ چارەسەرکردنیان لەسەر ئاستی جیهانیدا هەول و تەقەڵای بەسوودیان بۆ دەدرێ.

٢- مەسەلەی کورد لە ژیانی ناوەخۆی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا تا ڕادەیەکی وا چالاک بووە کە لە شەپۆلێکی کاتییەوە بۆتە مەسەلەیەکی جێگیر و ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی ئەم دەوڵەتانە ناتوانن لە ئاستیدا چاوی خۆیان بنووقێنن.

٣- وەرچەرخانێکی قووڵی بەنێو دەوڵەتی بوونی مەسەلەی کورد هەر تەنیا بۆچوونی سیاسی نییە بەڵکە لە لایەنی زیاد بوونی ڕاگشتی بەلای ئەم مەسەلەیەشدا ئەم وەرچەرخانە دەبینرێ. ڕاگەیاندنی گشتی، ناوەندە پەرلەمانی و دەوڵەتییەکان نەک هەر تەنیا هەستی بێزاری خۆیان بەرامبەر کوشتارە خوێناوییەکەی کوردەکانی عێراق دەردەبڕن بەڵکو لەگەڵ چارەسەرییەکی لانی کەم (حد اقل)ی بەشێکی مەسەلەی کوردیشدان.



بەم پێیە هەرچەندە کە کوردەکان لە کاتی ئێستادا لە هەلومەرجێکی سەختدا دەژین بەڵام زۆر نیشانەی بەڵگەدار و گەشبینانە لەم بارەوە پێشبینی دەکرێ و لە هەمان کاتیشدا کۆسپی گەورەش لەسەر ڕێگای چارەسەرێکی سەرکەوتووانەی مەسەلەی کوردا دەمێنێتەوە. یەکێک لەوانە مانەوەی مەسەلەی کوردە وەک مەسەلەیەکی ناوەخۆ (لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا) کە بەپێی پێوەرەکانی (هێلسنکی) و مافە هاوچەرخەکانی نێو دەوڵەتان دەست تێوەردانیان کارێکی ڕێگا پێنەدراوە و مەسەلەی کورد وەک گیروگرفتێکی جیهانی وێڕای دابەشبوونی دەوڵەتی جوگرافیای کوردستان و شوێنی کوردەکان لە سەردەمی نوێدا، مەسەلەیەکی جیهانییە و لە ڕیزەکانی خەبات لەپێناو مافەکانی مرۆڤدا (بەپێی پێوەرە مرۆڤایەتییەکان) چەسپاوە. نەهێشتنی ئەم (تناقض)ە تەنیا لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو پشتگوێ خستنە نەخشە بۆ کێشراوەی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی سەبارەت بەمەسەلەی کورد، کۆتایی پێدێ. لەم بارەوە پێویستە کۆمیتەی تایبەتی چاودێریکردنی باری کوردەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دروست بکرێ (دەکرێ بۆ هەر هەموو نەتەوە و کەمایەتییە ئاینییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکیش کۆمیتەی لەم جۆرە دروست بکرێ) تا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەموو کەمایەتییەکانی دیکە هەنگاوی پێویست هەڵنێن.

هێشتا بزووتنەوەی کورد چ لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی و چ لە کوردستان بەو پلەی یەکێتییە سیاسییە نەگەیشتووە کە بەهۆیەوە بتوانێ بە بەرنامەیەکی یەکگرتووی سیاسی بجووڵێت بەبێ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە زەحمەتە واقیعی مەسەلەی کورد بکرێتە مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتی وەک مەسەلەی فەلەستین. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین واقیعی ژیان پێویستی دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسی گشتی بۆ هەموو ڕێکخراوە گشتییەکان کە بتوانێ ڕابەرایەتی بزووتنەوەی کورد لە

کوردستان و نوێنەرایەتی مەسەلەی کورد لە دەرەوەدا لە ئەستۆ بگرێ، دەخولقێنێ. بەم جۆرە وێنا و لێکدانەوەی هاوچەرخ سەبارەت بەمەسەلەی کورد بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- مەسەلەی کورد دەبێ هەنگاو بەهەنگاو سەرکەوتن لە قۆناغی ئێستادا وەدەست بهێنێ تا گەیشتنە قۆناغی دواتر چارەسەر بکرێ. وەستان و تیژڕەوی کارێکی نەگونجاوە. لە کاتی ئێستادا باشترین ئامانج کە دەکرێ بۆ کوردەکانی عێراق بەدەست بهێنرێ ئەمەیە عێراق بکرێ بە فیدارسیۆنی (فیدرالی) عەرەب و کورد مافی یەکسانیان هەبێ.

٢- دەبێ مەسەلەی کورد بەبێ پسانەوە و خۆ خەریککردن و وەستان چارەسەر بکرێ. دەبێ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد خۆی لەگەڵ ئەگەری گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنێ.

٣- دەبێ مەسەلەی کورد لەژێر چاودێری بەردەوام و وردی نێو دەوڵەتی ڕژێمەکانی دەوڵەتی و ڕای گشتی جیهاندا چارەسەر بکرێ.

## بەشی دووەم

# کوردستانی خواروو بەرەو وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین

*پرۆفیسۆر ش- خ- مگوی*

ریشەی پرۆسە سیاسییەکانی ئێستای عێراق بۆ دوا دوایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکان دەچێتەوە. بۆ دۆزینەوەی وێنایەکی پڕ بەپێستی ئەم ڕەهەندانە بە مەسەلەی کوردیشەوە، دەبێ ئاماژە بۆ زنجیرەیەک مەسەلەی پڕ لە گرێ و گۆڵ لە سیاسەتی ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی پارتی بەعس و تاکتیک و ئیستراتیژی ئەو حزبە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا بکەین.

لە دوای ساڵی ۱۹٦۳دا کە بەعسییەکان جارێکی دیکە لە ساڵانی ۱۹٦۹-۱۹۷۰دا حوکمی عێراقیان گرتەوە دەست، سەرەتا سیاسەتێکی توندوتیژیان بەرامبەر بە عەرەب و بەتایبەتیش بەرامبەر هێزە دیموکراتەکانی کورد (کە داوای خودموختاریان دەکرد) بەکارهێنا، هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی بەعس لە پاوانکردنی چالاکی سیاسی و بەکارهێنانی شێوە و هەڵسوکەوتی دیکتاتۆری پێکهاتبوو، بۆ دەسەڵات گرتنە دەست و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پەنایان بۆ بەکارهێنانی هێز و زۆرداری دەبرد. بەڵام ڕژێمی دیکتاتۆری ناچار بوو بەپەلە هەندێ ڕیفۆرم لە سیاسەتی خۆیدا بکا و بەتایبەتیش لەو لایەنانەی کە پەیوەندی بەمەسەلەی کوردەوە هەبوو، بەڵام ئەم کارەی زیاتر پەیوەندی بەتاکتیکی بەعسەوە هەبوو. ئەم گۆڕانکارییانە لە سیاسەتی (بەعس)دا لەژێر پاڵەپەستۆی ئەو باروزرووفەدابوو کە هاتبووە پێشەوە. لە کۆتایی ساڵی ۱۹٦۹ و سەرەتای ۱۹۷۰ دا چەند هەوڵێک بۆ وەرگێڕانی حوکمی بەعس



درا. ڕژێمی بەعس دەسەڵاتی شکست خواردووی(۹) مانگەی ساڵی ۱۹٦۳ی هەر لەبەر چاو بوو. بۆیە لەم هەلومەرجەدا ناچار بوو هەندێ گۆڕانکاری نابەدڵ لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی خۆیدا بکا. لەم هەلومەرجەدا گومانی تێدا نەبوو کە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەرنامەی ناوەندەکانی دەسەڵاتدارێتی بۆ سەقامگیرکردنی بارەکە کارێکی مەحاڵ بوو. شوێنی نێودەوڵەتی وڵات تا ڕادەیەکی زۆر بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کوردەوە بەند بوو. لە هەلومەرجێکی وادا ڕژێمی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لەگەڵ کوردەکاندا کەوتە دانوستان بۆ چارەسەرکردنێکی دیموکراتییانەی مەسەلەکەیان کە لە بەیاننامەی (ئاداری ساڵی ۱۹۷۰)دا ڕەنگی دایەوە.

ڕژێمی حوکمدار بەپێی مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرەکەی (مەلا مستەفا بارزانی)دا، لە دڵی خۆیدا کینە و بوغزی بەرامبەریان هەڵگرت، ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە بەعسییەکان دوای ئەوەی لە ساڵی ۱۹٦۸ دا دەسەڵاتیان گرتە دەست بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پەنایان بۆ بەکارهێنانی هێز برد و تا ماوەی ساڵ و نیوێکیش دوای هاتنە سەر حوکمیان عەمەلیاتی سەربازی ڕژێم دژی پێشمەرگە کوردەکان هەر درێژەی کێشا. ئەوەی کە لە بارەی تیۆری (بەعسیزم)ەوە دەبێ باسی بکەین ئەوەیە کە بەعسییەکان بیر و باوەڕیان لەسەر بناغەی فیکری (یەکپارچەیی نیشتمانی عەرەبی)دا دامەزراندبوو و هەموو جۆرە چارەسەرکردنێکی مەسەلەی کوردیان ڕەت دەکردەوە. لەسەر بنچینەی ئەو بیر و باوەڕەی باسمان کرد دەبێ کوردستانی خواروو (بەشێکی دانەبڕاو بێ لە نیشتمانی عەرەبی) و لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ کوردەکان مافێکی کەمی وەک مافی کەمە نەتەوەکانیان هەبێ. ڕووداوەکانی دواییش سەلماندیان کە هەرچی بەعس پێی هەڵسا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد تەنیا تەکتیکی سیاسی بوو و هیچی دیکە

نا. ئەم بەرنامە تاکتیکییەش یارمەتی دەوڵەتی دا بۆ ئەوەی لەو بارە سیاسییە ئاڵۆزەی بێتە دەر و جارێکی دیکە سیاسەتێکی پڕ زەبروزەنگی وەک سیاسەتی پێشووی بەرامبەر هێزەکانی کورد بگرێتە بەر. لەم بارەوە دەبێ ئاگامان لە حسابێکی هەڵەی تاکتیکی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) بێ کە لە ڕێککەوتننامەی ١١ ی ئاداری ساڵی١٩٧٠دا کردی. بەر لەبەر چاو گرتنی لایەنی تیۆری و پراکتیکی بەعسیزم بەگشتی و لایەنی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەتایبەتی کە بەتەواوی بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوون و ئاشکرا بوو کە ڕازی بوون بە دانانی ماوەی (٤) ساڵ بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراق لە ڕووی تاکتیکییەوە کارێکی هەڵە بوو وەک نیشانەکانی دواییش ئەمەیان بەدیار خست.

دانانی ماوەیەکی ئەوەندە زۆر بەبیانووی ئامادەکردن و بلاوکردنەوەی قانونی ناوبراو سوودی بۆ کێ بوو؟ لە ساڵی ١٩٧٠ دا بەڵگەی زۆر هەبوو بۆ پێشبینی کردنی مەسەلەی (٤) ساڵ مۆڵەتدان بە بەعس سەرەنجام ئەوە دەبێ بەعس لەم ماوەیەدا دەرفەت بەکاردەهێنێ بۆ خۆ ئامادەکردن لە هەندێ ڕەهەند (ابعاد)ی بەفراوانتر بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی بەعسییانە. ڕژێمی بەعس بەمەبەستی چەسپاندنی خۆی لە بارێکی ناسک و بێچارەدا هاتە ناو یاداشتنامەیەک لەگەڵ پارتی و بەیانی (١١)ی ئازاری قبوڵ کرد.

زۆر ئاشکرا بوو کە حکوومەت دەیویست هەلێکی تەواو بەکاربێنی تا لە پاشدان سیاسەتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی (گیروگرفتەکانی باکوور) بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا بسەپێنێ. ئەم چوار ساڵە چ دەرفەتێکی بۆ ڕژێم ڕەخساند؟ حکوومەت لەو ماوەیەی کە هیچ جۆرە پێکدادانێک لەگەڵ کوردەکان لە ئارادا نەبوو (مەبەست پێکدادانی سەربازییانە) زۆر باش سوپاکەی خۆی پڕ چەک و تەیارکرد. بەمۆرکردنی پەیمانی نێوان یەکێتی



سۆڤیەت و عێراق لە ساڵی ١٩٧٢دا لێک نزیکبوونەوەی ئەوانی لە بواری سیاسی، ئابووری و سەربازی بەدوادا هات. ڕژێمی بەعس بەپێی نانەوەی هات و هاواری (دژی ئیمپریالیستی) پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکانی دیکەدا پتەوکرد و ژمارەیەکی زۆری لە چەکە نوێکان لەو وڵاتانە بەدەست هێنا. دوای ئەم چوار ساڵە ئاستی تەیاری ئەوان قەت لەگەڵ هی ساڵی ١٩٧٠ دا بەراورد نەدەکرا. پەرەسەندنی پەیوەندییە حزبییەکانی بەعس و پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت گوڕێکی تازەی بەم لێکنزیکبوونەوە دا و ئەم کارەش بووە هۆی کاریگەرێتی و باوەڕپێکراوی ڕژێمی عێراق لە نێوان وڵاتە سۆسیالیستەکان و ئەو هێزانەی کە ڕێگای پەرەسەندنی سۆسیالیستیان هەڵبژاردبوو. دروستبوونی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازی ساڵی ١٩٧٣ بووە هۆی زیاتر چەسپاندنی شوێنپێی بەعسییەکان. بەتەماشاکردنی بەرنامە و بنچینەکانی و بەتایبەتی بینای یەکلایەنەی ئەو بەرەیە بووە ئامرازێک بۆ مسۆگەرکردن و پاوانکردنی دەسەڵاتی حزبی دەسەڵاتدار لە هەموو لایەکانی ژیانی وڵاتدا حزبی شیوعی عێراق هاوکاری سەرەکی بەعسییەکان بوو لەناو بەرەدا لەو پلە و پایەی جارانی خۆی کە پەیوەندی بە خاسیەتەکان و فەرمانەکانی بەرەییەوە لە عێراقدا هەبوو پاشەکشەیەکی باشی کرد. کۆمۆنیستەکان بە پێچەوانەی بەرنامەی بەرە کە یەکێتی هاوبەش بە مافی یەکسانی ئەندامانی بنچینەی بەرەکە پێکبهێنێ هەڵسا بە قبوڵکردنی بالادەستی بەعس تێیدا. بالادەستی بەعس بەم جۆرە چەسپا. پاشەکشەیان ئەو زیانانەی کۆمۆنیستەکان لە عێراق دیتیان لەژێر گوشارەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی و حکوومەتی سۆڤیەتی دابوو. ڕژێمی دەسەڵاتدار سیاسەتی بەگژبەکداکردنی حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستانی گرتە بەر.

بەعس لەسەر بناغەی ئەو دوژمنایەتییەی کە بەرامبەر ئەو دوو حزبەی هەیبوو توانی ناکۆکی لە نێوان ئەم دوو حزبە ئۆپۆزیسیۆنە بنێتەوە. دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ تا سەرەتای ساڵی١٩٧٢ بەعس مەیلی هاوکاری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا نیشان دەدا و تا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە لە دژی پارتی دیموکراتی کۆمۆنیستی عێراق پێکەوە تێ بکۆشن. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم جۆرە پێشنیارانەی ڕەت دەکردەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ دا (دوای مۆرکردنی پەیمان لەگەڵ سۆڤیەت) بەعس بەهۆی دروست بوونی ناکۆکی لەگەڵ پارتیدا کە پەیوەندی بەشێوەی جێبەجێکردنی قانونی خودموختاری کوردەکانەوە هەبوو بەئامانجی تەنیا هێشتنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ناوبردنی ڕۆڵی سەرەکی ئەو حزبە لە کوردستانی عێراقدا سیاسەتی نزیکبوونەوەی لەگەڵ (حشع)دا گرتەبەر. بەعس بۆ گەیشتن بەو ئاواتەی ئامادەی هەموو کارێک بوو. پەیوەندییەکانی ڕژێمی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی لە قۆناغەکانی دوایی ئامادەکردنی قانونی خودموختاری ناوچەی کوردستانی عێراق گەیشتە چلە پۆپەی ترسناکی. بەپێچەوانەوە ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی کە بە بەرفراوانی و بەتایبەتی لە چاپەمەنییە ڕەسمییەکانی سۆڤیەتدا بڵاودەبوونەوە، لە هەندێ مەسەلەی پەیوەندار بە خودموختارییەوە مستەفا بارزانی و پارتیان بە (کۆنە پەرست) و (کورتبین) لە قەڵەم دەدا و پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵگەی زۆرتری بۆ نیشاندانی نارەزا بوونی لەمەڕ شێوەی مامەڵەکردنی دەوڵەت لەگەڵ بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دا هەبوو، ئێستا بە چوونە ناو هەندێ باس و خواسی وردەواڵە لە هەندێ هۆکاری بنچینەیی کە بووە هۆی ناڕازی بوونی (پ.د.ک) و ڕابەرەکەی دەکۆڵینەوە: قانونی ژمارە ٣٣ (لە مارسی ساڵی ١٩٧٤) نەک هەر تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتنەکەی



ساڵی ١٩٧٠ نەبوو بەڵکە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەمەبەستی بێ کەلک کردنی ئەو ئامانجە بوو کە کوردەکان بۆ گەیشتن پێی زۆر قوربانی بەنرخیان دابوو. بەعسیش پێشنیاری سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەو خاڵانەکرد کە پەیوەندییان بەهەندێ خاڵ لەمەڕ خاک (دیارە بەمەبەستی دیاریکردنی خاکی کوردستانە) و سیاسەتی لە ڕاستیدا نیوە خودموختارییەوە هەبوو کە بێگومان ئەمەش هۆکاری کاردانەوەی ڕەتکردنەوەیەکی بەهێزی بیروبۆچوونەکانی بەعس بوو لە لایەن ڕابەرانی کوردەوە. بۆ خستنە بەر چاوی دیمەنێکی تەواو لەم بارەوە ئەوە بەبیر دەهێنینەوە کە بەیاننامەی ١١ی ئازار لەسەر ڕێککەوتنی دوولایەنی حکوومەت و پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد (گیروگرفتی باکووری عێراق- وەک بەعسییەکان ناویان دەبرد) بەشێوەیەکی ئاشتییانە بەئەنجام گەیشتبوو کە هیچ لایەنێکیان توانای چارەسەرکردنی سەربازییانەی ئەم مەسەلەیەیان نەبوو و ڕژێمی دەسەڵاتداری عێراق توانای ئەوەی نەبوو دەسەڵاتی خۆی بەسەر پارتیدا بسەپێنێ هەر ئەمەش بوو وای لە بەعس کرد واز لە بەکارهێنانی هێز بێنێ و لەسەر مێزی دانوستان دابنیشێ. لەم گۆشە نیگایەوە دەکرێ بڵێین پەشیمان بوونەوەی بەعس لە ساڵی ١٩٧٤دا پەیمان شکێنی بوو. ئەمە کارێکی پێشبینی نەکراو نەبوو چونکە بیرۆکەی دانی خودموختاری ڕاستەقینە بە کوردەکان لەگەڵ بیروبۆچوونی بەعس زۆر دژ و ناکۆک بوو. بەم جۆرە باروزرووفی نائاسایی و بەکارهێنانی هێز شتێک نەبوو پێشبینی بکرێ چونکێ مافی گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی (لە خوارەوە) لە ڕاستیدا (بەزەبری پێشمەرگەی کوردەکان) بەدەست هاتبوو و ئەم قانونەش کە ئەم مافەی تێدا بەرجەستەکرابوو لەسەرەوە (لە واقیعدا بەهۆی دەوڵەتەوە) سەپێنرابوو و بێگومان ئەم دوو کارە دژ بە یەکەش دەبوایە ببێتە هۆی کەوتنەوەی ناکۆکییەکی گەورە و کۆتاییەکەشی وەک لە کوردەکان ڕوون و

ئاشکرایە بەجۆرێکی زۆر دڵتەزێن کۆتایی پێهات.

قانونی **٣٣** بۆ هەڵگیرساندنەوەی ناکۆکی لەگەڵ (پ.د.ک) و دۆزینەوەی بیانوو بۆ سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شەڕوپێکدادانی سەربازی لە کوردستان و لەناوبردنی دەسەڵاتی زۆرینەی (پ.د.ک) بوو لە کوردستاندا. لە هەلومەرجە نوێ و گۆڕاوەکەی ساڵی **١٩٧٤**دا سەرکەوتنی ڕژێم مسۆگەر کرابوو چونکە بەپێچەوانەی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکان ڕژێم پشتیوانییەکی زۆری لە دەرەوە، لە یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانیاندا لێ دەکرا. لەشکر و ئۆرگانە سەربازییەکانی دیکە بە چەکی نوێ تەیار کرابوو. بەعس توانی دەستە و تاقمێک دروست بکا (بارزانی و پارتی) بە(کۆنەپەرست و کورتبین) تاوانبار بکەن و لە دژیشیان کار بکەن. ئەمانەش هەر هەموویان لە دژی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. هەر لە هەمان کاتیشدا هەندێ کاری گڵاو و گێرەشێوێنانەی دەستە و دایەرەکان بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران بەدرۆ و ئاژاوەنانەوە بزووتنەوەی کوردیان تووشی سەرلێ شێواوی کرد و بوونە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی غەمگین کۆتایی پێ بێ. هێزەکانی کورد سەرەڕای ئەم گیروگرفتانەش تا دانەکانیان خۆیان بەرامبەر دوژمن نەیار کرد. بەپێی بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمی بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ڕژێمی بەعس هاوپەیمانێکی زۆری هەبوو و لە هەمان کاتیشدا نەک پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانی نەبوو، بەڵکە نەیتوانی یەکپارچەیی ڕیزەکانی خۆیشی بپارێزێ. (من خۆم تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەم قسەدا نیم، چونکە ئەوانی پارتی کارتۆنییان دامەزراند کۆمەڵێ خەڵکی سووک و ڕیسوا بوون و بەژمارەش مەگەر هەر بۆ پێکەنین باسی لێوە بکرێ).

دەستەیەک جیابۆوە لە پارتی کە لە لایەنی ژمارەیانەوە کاریگەرییەکی



سیاسی لە کوردستان و هێزێکی بەرچاویان هەبوو. ئەم فاکتەرە بووە هۆی پەیدابوونی کەلێن لە ڕیزەکانی پارتیدا و کارە ئینشیقاقچیانەکەشیان بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستانی واقیعیەوە) ئەنجام دەدرا کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ کەمکردنی متمانەی خەڵک بە مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕادەیەکی زۆر بەکاردەهێنا. هەڵسوکەوتی ڕێککەوتنە دژە کوردییەکەی ئەلجەزائیر دوا قۆناغی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە بوو. ڕێککەوتننامەی ئازاری ساڵی **١٩٧٥**ی ئەلجەزائیر کە لە نێوان ڕژێمەکانی عێراق و ئێراندا بۆ هەنگاونانی هاوبەش دژی مەسەلەی کورد مۆر کرا هێزەکانی کوردی خستە هەڵوێستێکی زۆر دژوارەوە و ڕێبەری پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری ڕاگرتنی خەباتی چەکداری دا. دوای ڕووداوەکانی ساڵانی. **١٩٧٠-١٩٧٤** باری عێراق و کوردستانی عێراق گۆڕانی زۆری بەسەرداهات.

بەعس بە تێکشکاندنی شۆڕشی چەکدارانەی کوردەکان بوو بە فەرمانڕەوای تاک و تەنیای وڵات. ڕژێم بەبێ بواردن هەرچی چالاکییەکی بزووتنەوەی کورد بوو سەرکوتی کرد. گورزی یەکەم (بەڕاستەکان) کەوت ئینجا بە (چەپەکان) کە لە دژی مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاوکاری ڕژێمیان دەکرد. ئەم وانەیە درایە هێزەکانی گەلی کورد کە ڕژێمی دەسەڵاتدار هەر چ چالاکی و هەڵسوکەوتێکی پەیوەندار بە بزووتنەوەی کوردەوە بێ بە یەک ئاستی دوژمنکارانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکا.

ئەو تیرۆرکردنە گشتییەی کە لە ساڵی **١٩٧٥**دا لە کوردستاندا دەکرا شتێکی پێشبینی نەکراو نەبوو دەیان هەزار کەس لە خێزانەکانی کوردە عێراقییەکان بۆ ڕزگاربوون لە تەنگپێهەڵچنین، ئازارکێشان و بەسەختی بێبەش بوون، کەمی خۆراک، شوێنی حەوانەوە و کۆمەکی پزیشکی بەرەو ئێران سەریان هەڵگرت. حکوومەتی (شای ئێران) لە کار و هەڵسوکەوتە

سیاسی، دیبلۆماسی و سەربازییەکانی، لەگەڵ ڕژێمی عێراق درێژەی بەیاریکردن بە (کارتی کورد)دا.

بەعسییەکان لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا هەوڵیان دەدا لە ڕێگای عەمەلیاتی سەربازییەوە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی کوردستان بنەبڕ بکەن. بۆ ئەم مەبەستە دەستیانکرد بە گۆڕینی باری ئەتنۆگرافی کوردستانی عێراق و ئەوەندەی بۆیان کرا هەوڵیان دا زۆرترین ژمارەی کوردەکان ڕەوانەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بکەن کە کوردەکان بە ئاووهەوای ئەو ناوچانە ڕانەهاتبوون و تووشی جۆرەها نەخۆشی دەبوون. ڕادەی مردن لەم شوێنانەدا بە بەراوردکردن لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا چەندان جار بەرزتر بوو.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە گۆڕینی باری ئەنۆگرافی کوردستان لە سەردەمی قاسمەوە دەستی پێکردبوو و بە میرات بۆ بەعس مابۆوە. سەرلەبەری کابینەی عێراق پشتگیری ئەم سیاسەتەیان کرد. حکوومەت لە ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ تورکیا و ئێران و سوریادا دەستی بە کۆچپێکردنی زۆرەملێی کوردەکان کرد و عەرەبی لەسەر خاک و زێدی وان نیشتەجێ کرد پەیوەندییەکانی کوردی ئەم وڵاتانەی شێواند و ناوچەی عەرەبی دروست کرد. زیاتر لە (٧٠٠) هەزار کورد لەسەر خاکی باب و باپیرانیان لادران. حکوومەتی بەغدا تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ دەستی بە دروستکردنی ناوچەیەکی خاڵی لە دانیشتوان کرد (No mans Land) ئەم کارەش بە پانایی (٢٠) کم سنوورەکانی عێراق و تورکیای گرتەوە. ڕژێم بە بەرنامە هەر هەموو گوندەکانی ئەم ڕووبەرەی تەخت و وێران کرد تاوەکو هێزی پێشمەرگە لە کۆمەک و پشتیوانی جەماوەر و گۆڕەپانی چالاکییەکانیان بێبەش کرێن. ڕژێم (کۆمەڵگا- مجمع)ی تایبەتی بۆ کوردە دوورخراوەکان دروست کرد کە لەژێر کۆنترۆلی تاقمە چەکدارەکانی



خۆیدا بوون. هەموو جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان خێزانە کوردەکان قەدەغە بوو و مافی ئەوەیان نەبوو شوێنی ژیان و حەوانەوەیان بەجێ بهێڵن. نارەزایی و خۆ پیشاندان لەو (کۆمەڵگا)یانەدا زۆر بێ ڕەحمانە سەرکوت دەکران. ڕووبەری ئەو ناوچانەی کە بەزۆر کوردیان تێدا دەرکرابوو هێندەی ڕووبەری دەوڵەتی لوبنانی ئیمڕۆ دەبوو، ئەم کردەوەش گەواهییە لەسەر ئەو زبری و دڵڕەقییەی کە بەسەرکوردەکان پیادەکرا.

لە ساڵانی ١٩٧٤ تا ١٩٧٨ لە پارێزگاکانی دیالە، سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، دهۆک و موسڵدا (١٠٢٢٢) گوند لە دانیشتوان چۆل کران، هەندێکیان سووتێندران و هەندێکی دیکەیان بە بلدۆزەر و تانک لەگەڵ خاک تەخت کران. بەفەرمانی حکوومەت خوێندنی کوردی قەدەغە کرا و خوێندنی عەرەبی جێگای گرتەوە. کارەکانی پەروەردە و خوێندن لەسەر بناغەی (بەعسی، بوون) و تەنیا بەعسی مافی نوێنەرایەتی (میللەت) و جەماوەری خەڵکی هەبوو. لە ساڵی ١٩٧٨ ئەکادیمیای کوردی داخرا. دەوڵەت بۆ توندوتیژکردنی باری سەرکوتکەری دژی بزووتنەوەی کورد لە عێراقدا (دوای ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا لەسەر بناغەی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر) بۆ خۆ نزیککردنەوە لە تورکیا هەنگاوی نا. لە ئەنجامی سەردانەکەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە ساڵی (١٩٧٨) بۆ تورکیا، پەیماننامەی عێراق و تورکیا بۆ پێکەوە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد مۆرکرا (ئەمە لە مادەی ٤ی پەیماننامەکە دایە). لە نیسانی ١٩٧٩ ئۆرۆنی سەرۆکی کاتی ئەرکانی گشتی لەشکری تورکیا سەردانێکی عێراقی کرد لە بارەی هاوکاری هەردوو لەشکری عێراق و تورکیا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد گوتوبێژی لەگەڵ عێراقدا کرد.

لە پایزی ١٩٧٩وە بەهۆی پێویستییەکانی جەنگ لەگەڵ ئێراندا گۆڕانێکی کەم لە سیاسەتی عێراقدا بەرامبەر بزووتنەوەی کورد هاتە ئارا سەدام حوسێن لە سەردانەکەی پایزی ساڵی ١٩٧٩ی کوردستانیدا (کە

سەردانی سلێمانی کرد) هەوڵی دا خۆی وانیشان دا کە لایەنگری خودموختارییە و کوردەکان دەتوانن لەم سایەوە ئەنجوومەنی یاسادانیان هەبێ. هەروەها ڕایگەیاند کە ڕێگای هەزار کەس دەدرێ لە ناوچەکانی خوارووی وڵات بۆ کوردستان بگەڕێنەوە. لە ساڵی ١٩٨٠ دا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان هەڵبژاردن کرا کە لەم هەڵبژاردنەدا (٥٠) نوێنەر لە کەسانی سەر بە دارودەستەکانی ڕژێم هەڵبژێردران. سەدام حوسێن لەسەر و بەندانی هەڵگیرساندنی جەنگ لەگەڵ ئێراندا، بوو. بنچینەکانی ئەم سیاسەتە دیکتاتۆریانەی عێراق بەم بیانووانەی خوارەوە بوو:

١- بەسوود وەرگرتن لە هەلی تێکچوونی باری هێزە چەکدارەکان و باری نائارامی ئێران و کاردانەوەی دوژمنکاریانەی وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداوی فارس لەو وەرچەرخان و ڕووداوانەی ناوەوەی ئێران و بەرخودار و دڵنیابوون لە یارمەتی ماددی و مەعنەوی و سیاسی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا سەرکەوتووە.

٢- تا ترسی پەڕینەوەی شۆڕشی ئیسلامی بەرەو عێراق لە بەین ببا. بە بۆچوونی ئیمام خومەینی عێراق یەکەم وڵات بوو کە دەبوایە شۆڕشی ئیسلامی بۆ بنێردرێ (لە ئێران کردنەوەی دەفتەری حساباتی شیعەکانی خوارووی عێراق دادەپۆشرا).

٣- بەکارهێنانی ئەم هەلە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زەوییانەی کە عێراق بەپێی ڕێککەوتننامەی ٦ی ئازاری ساڵی١٩٧٥ی ئەلجەزائیر دابووی بە ئێران.

جەنگی عێراق و ئێران کارەسات وماڵوێرانی نوێی دیکەی بۆ خەڵکی کورد هێنا. بەشێکی زۆری بەرەکانی جەنگ لەناو خاکی کوردستاندا بوو. یەکە سەربازییەکانی هێزە چەکدارەکانی ناو کوردستانی ئێران و عێراق



بەردەوام هەریەکە لەلای خۆیەوە خەریکی سەرکوتکردنی کوردەکانی بەری خۆی بوو. ئەم جەنگە بووە هۆی خراپتربوونی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی کوردستان. هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق بۆ سوود وەرگرتن لە کوردە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران لە دژی ڕژێمی خومەینی و هەروەها سوود وەرگرتنی ڕژێمی خومەینی لە کوردە عێراقییەکان و بەکارهێنانیان لە دژی بەعس لەگەڵ هەنگاونان بۆ چەکدارکردنیان بەبیری ئیسلامی و نانی زنجیرەیەک هەنگاوی سەربازی و سیاسی دیکە کە هەردوولا لە جەنگەکەدا بەکاریان دەهێنا بەم جۆرە ڕێڕەوی هێزەکانی گەلی کوردیان لە بەرنامە سەرەکی و ڕاستەقینەکەی خۆی لادا و بووە هۆی ڕێگا ونکردنی کوردە دیموکراتیخوازەکان.

میللەتی کورد (بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا) کارەساتی زۆریان کێشا و ترۆپکی ئەو کارەساتەش تراژیدیایەکەی شاری هەڵەبجە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو لە دژیاندا. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە ساڵی ١٩٨٤دا کارمەندە تایبەتیە ئەمریکییەکان لە بارەی بەکارهێنانی گازی خەردەل و تابون لەلایەن هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە لە بەرەکانی جەنگی ئێران و عێراقدا هەندێ هەواڵیان بڵاوکردەوە. لە ١٦ی مایسی ساڵی ١٩٨٨دا شاری ٧٠ هەزار کەسی هەڵەبجە لە ئەنجامی ئەم کارە سروشت بەربەرییەدا کرا بەدۆزەخێکی ڕاستەقینە.

بڵاوکردنەوەی گازە ژەهراوییەکان بەسەر سەری ئەم شارە و دەوروبەرەکەیدا بووە هۆی مردنی دەمودەستی هەزاران کەسی بێگوناه و نەخۆش کەوتنی دەیان هەزاری دیکە. بەپێی شایەتی دانی هەواڵنێرە ڕۆژئاواییەکان لاشەی هەزاران پیاو و ژن، منداڵ و پیرەمێرد و کەلەشە ئاژەڵ لەناو ماڵ و سەر شەقامەکانی ئەم شارەدا کەوتبوو. ئەم کارە جینۆسایدی گەلی کورد بوو. لە ئەیلول و سێبتەمبەر (تشرینی یەکەم)ی ساڵی ١٩٨٨یشدا چەکی کیمیایی دژی کوردان بەکارهێنرا. لەسەراپای

جیهاندا شەپۆڵی ناڕەزایی دژی ئەم تاوانە دەستی پێکرد. کوردستان بە (هیرۆشیما)ی دووەم ناونرا، یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکانی دیکەی کە پەیوەندی (دۆستایەتی و هاوکارییان) لەگەڵ ڕژێمی بەعس هەبوو لە دەرەوەی بازنەی ئەم شەپۆلی ناڕەزاییە سەرتاسەرییەدا بوون کە بۆ تاوانبارکردنی کارە نامرۆڤایەتییەکانی عێراق سەریان هەڵدابوو.

ئەوەی شایەنی باسە هەر هەموو (جیهانی ئیسلامی) و ڕێکخراوە ئیسلامییە نێو دەوڵەتییەکان لە بارەی ئەم تراژیدیایەوە (هەڵەبجە) بێدەنگ بوون. تەنیا کۆماری ئیسلامی ئێران نەبێ ئەویش نەک لەبەر چاوی ڕەشی کوردانی عێراق بەڵکە بۆ سووک و ڕیسواکردنی دوژمنەکەی خۆی کە ڕژێمی عێراق بوو، ئەم تاوانەی ڕژێمی سەدامی مەحکوم کرد. بەداخەوە کارەکانی ڕژێمە ڕۆژئاواییەکان لە چوارچێوەی مەحکوم کردن و دەربڕینی ناڕەزایی گشتیدا ڕەتی نەکرد و داوایان نەکرد تۆڵەی ئەم تاوانانە لە دیکتاتۆری عێراق بکرێتەوە و بەپلەی یەکەمیش هەر ئەم هۆیە بوو کە وای کرد ڕژێمی عێراق هەنگاوەکانی دواتری بنێ بۆ خولقاندنی ئەوپەڕی بارگرژی لە ناوچەکەدا.

هۆکاری جەنگ لەگەڵ ئێراندا هەلێکی باشی بۆ ڕەخساند. ڕژێمی عێراق بەقبوڵکردنێکی ڕووکارانەی یاسای خودموختاری بۆ کوردستان جۆرەها شێوە و تەرزی لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی گەلی کورددا بەکارهێنا ئەمەشی بەمەبەستی بەرگرتن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەپۆڵێکی نوێی خەبات لەپێناو خودموختاریدا کرد. ڕژێمی عێراق بەمەبەستی (کەمکردنەوەی پارێزگا کوردنشینەکان) و لە ناوبردنی ڕەسەنایەتی فەرهەنگی و نەتەوەیی کوردەکان و گۆڕینیان بۆ کەمە نەتەوەیەکی بێ خاک و زێد بەوپەڕی توند و تیژییەوە سیاسەتی گۆڕین و شێواندنی پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستانی عێراقی گرتەبەر و دەیویست مەسەلەی کورد لە مەسەلەی (نەتەوە و نشتیمان)ێکەوە بکا بەمەسەلەی کەمە نەتەوەیەکی



بێ خاک و نیشتمان و کە چارەسەرکردن و نەهێشتنی پێویستی بەڕێگا و مامەڵەی دیکە هەیە. لە ئاستێکی بەرفراواندا شار و دێهاتە کوردنشینەکان کاولکران. زۆربەی گوندەکان بەبلدۆزەر تەخت کران و بە بەکارهێنانی ماددەی ژەهراوی گژوگیا لە ناوبران، ئاگر لە دارستانەکان بەردرا و سەرچاوەکانی ئاو چیمەنتۆ ڕێژکران تا هیچ دەرفەتێک بۆ ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ لە ناوچەکەدا نەمێنێتەوە. ئاژەڵە ماڵییەکانیان گوێزتەوە یان لەناویان بردن.

پێنج ساڵ بەر لەم کارەساتە لەو ناوچانەی ئاژەڵیان تێدا بەخێو دەکرد (٧) ملیۆن سەر مەڕ هەبوو بەڵام ئەمڕۆ لە ناوچە دوورە وێران نەکراوەکاندا زیاتر لە پەنجا هەزار نەماوەتەوە. بە لەناوبردنی دەیان هەزار شانە مێشەنگوین کۆتاییان بەشێوەی هەزار ساڵەی بەخێوکردنی مێش هێنا. دانیشتوانی شار و گوندە وێرانکراوەکان بەکۆمەڵ دوور خرانەوە. ژمارەیەکی بەر چاویان لێ ڕەوانەی (شوێنی نوێی ژیانیان) کرد و زۆر لە ڕاگوێزراوان ناچاربوون بەرەو ئەو ئۆردوگایانە بچن کە لە نزیک سنووری ئوردن دروستکرابوون(*).

بەهیمەتی چالاکیە مرۆڤدۆستەکان ڕێکخراوەکانی (ئەمنیستی و ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤ)ەوە و ڕاگەیاندنە گشتییەکان – ڕەسمییەکان ئەو کردەوە ناشیرنانەی بەرامبەر مرۆڤی کورد کراون

(*) بەپێی بڕیاری خۆیان تەنیا ماوەی (٢-٣) ڕۆژ دەرفەت بەوکەسانە دەدرا کە نیازی دوورخستنەوەیان هەبوو بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەل و ماڵ و حاڵیان. لە دواییدا بەئوتۆمبیلی سەربازی بۆ تاراوگەکانیان دەگوازتنەوە. چوارپێ و ئاژەڵی ماڵی و پەلەوەڕ دەستیان بەسەردا دەگیرا. ئۆردوگاکان بەپێی نەخشەی سەربازی دروستکرابوون. لەم ئۆردوگایانەدا بازاڕ و دوکان، قوتابخانە و ئاوی خواردنەوە کە (ڕۆژی دووجاران بەتانکەری ئاو دابەش دەکرا) نەبوون. بەپێی زانیاری و سەرچاوەی باوەڕپێکراو لە (١تا٢) ملیۆن کورد لەم ئۆردوگا زۆرە ملێیانەدا دەژیان.

تاڕادەیەک بۆ ڕای گشتی ڕوون بۆتەوە. ئاماری ئیعدامە بێ دادگاییەکان و تەعقیبی کەسانێک کە بەهۆی پەیوەندی هەبوونیان یان هاودەردییانەوە لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردەوە تووشی بەدگومانی بوون لە ساڵی ١٩٨٨دا ژمارەیان گەیشتە هەزاران کەس.

لە شوباتی ساڵی ١٩٨٩دا زانیاری و هەواڵی دوور و درێژی لە بارەی منداڵانی ئەشکەنجەدراو لە عێراق لە (٧٠ لاپەڕە)دا لە لایەن (ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییەوە) بڵاوکرایەوە. ئەم هەواڵانە پڕ بوون لە کرداری نەفرەت ئامێز وەک: ئەشکەنجە و ئازاردانی منداڵان لەبەر چاوی دایک و باوکیان و کوشتنی منداڵانی (١٢-١٣) ساڵی ئەو کەسانەی کە دایک و باوکیان گومانی نواندنی چالاکی دژ بەدەوڵەتیان لێدەکرا. تەنانەت لاشەی ئەو منداڵانەش کە لەژێر زەبری ئازارداندا دەکوژران دوای وەرگرتنی (باجی ئیعدام) بەخاوەنەکانیان دەدرانەوە.

لە ساڵی ١٩٨٣ دا نزیکەی (٨) هەزار ژن و منداڵی بارزانی (وادەزانم تەنیا ژن و منداڵ نەبوون بەڵکە سەرجەمی ئەندامانی خێزانە بارزانییەکان بوون) کە لە ئۆردوگای قوشتەپەی (١٠کم شاری هەولێردا دەژیان)و لەژێر چاودێری هێزی سەربازیدا بوون بۆ شوێنێکی نادیار ڕاپێچەک دران. داواکاری ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و خاچی سوور بۆ دەستکەوتنی لانی کەمی زانیارییەک لە بارەیانەوە بەبێ وەڵام مایەوە. سەدام حوسێن لە گوتەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند (کە ئەم خیانەتکارانە ئێستا بەبێ چەند و چۆن لە دۆزەخدان). بەگوێرەی سەرچاوە کوردییەکان، بەشێکی زۆری ئەم ژن و منداڵە کوردانە وەک ئاژەڵ بۆ تاقیگەکانی چەکی کیمیایی و باکتریۆلۆژی بردران و لە کۆتایشدا لەناو بران.

هەرچەندە کە ڕژێمی عێراق لە جەنگەکەی لەگەڵ ئێراندا سەرنەکەوت، بەڵام بەیانات و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی زۆر بەجدی خەیاڵی سەرکەوتنی درەوشاوەی سەدام و سەرکردایەتی و پەیامە گەورەکەی ئەویان



لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبیدا بڵاو دەکردەوە و ئەمە سەرەڕای ناکامی سەدام حوسێن لە گەیشتن بەئامانجەکانی لەم جەنگەدا، هەرچەندە ڕژێمی عێراق بەلەشکرە ملیۆنی (لە ڕاستیدا پلەی چوارەمی لە جیهاندا هەبوو) بە مۆدرێنترین چەکی سەربازی تەیارکرابوو لەم جەنگە بەژێرکەوتوویی هاتەدەر دیکتاتۆری عێراق دیسانەوە هەوڵی دا ئەم هێزانە بۆ ئامانجە داگیرکارییەکەی خۆی بەکاربێنێ. ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە وڵاتەکانی ناوچەی کەنداوی فارس، عەرەبستانی سعودی و میرنشینە یەکگرتووەکان پشتیوانییەکی ئەفسانەیی دارایی زۆریان لە سەدام حوسێن دەکرد، بەڵام ئێستا خۆیان کەوتوونەتە ژێر ترسی سیاسەتی داگیرکارانەی ئەو، سەدام کوێتی وەک یەکەمین قوربانی سیاسەتی داگیرکارانەی خۆی هەڵبژارد و بەم کارەش:

١- سەدام بەداگیرکردنی کوێت دەبوو بەخاوەنی دامەزراوە دەوڵەمەندەکانی نەوت و بۆدجەیەکی زۆری لێ وەچنگ دەکەوت.

٢- سەدام بەم کارە دەیویست دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەی کەنداوی فارس و ناوچەکانی دیکەدا بسەپێنێ. عێراق لە ئابی ساڵی ١٩٩٠دا لە هیکرا و زۆر بەسانایی کوێتی داگیر کرد و وڵاتە گەورەکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی دژی ئەم کارە وەستان. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و وڵاتانی دیکەی جیهان داگیرکردنی (کوێت)یان لە لایەن عێراقەوە مەحکوم کرد. وڵاتانی عەرەبی جگە لە (ئوردن، یەمەن، ئەلجەزائیر و یاسر عەرەفاتی سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی) داگیرکردنی کوێتیان مەحکوم کرد. شەش مانگی ڕەبەق، جەنگی سیاسی دیپلۆماسی سەبارەت بەداگیرکردنی کوێتەوە درێژەی کێشا. تۆڵە نەسەندنەوە لەو کارە جنایەتکارانەی ڕژێمی سەدام بووە هۆی لاوازکردنی هەستی واقیعیانەی دیکتاتۆر و دەوروبەرەکەی و ئەمەش لەسەر عێراق و

گەلەکەیدا بەنرخێکی زۆرگران تەواوبوو.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش بە پێشنیاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تێکڕای دەوڵەتە گەورەکان و زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوایان لە عێراق کرد کە بەزووترین کات لە کوێت بکشێتە دواوە بەهۆی ناڕازی بوونی دیکتاتۆری عێراق و ڕەتکردنەوەی ئەم داواکاریە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەبیروڕا وەرگرتنی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ بەکارهێنانی هێز دژی دەستدرێژی کارەکانی ڕژێمی عێراق بەگورج و گۆڵی کەوتە کار. جەنگ لە ناوچەی کەنداوی فارسدا هۆیەک بوو بۆ ئاشکرابوونی ئامانجە دوور و نزیکەکانی وڵاتەکانی ناوچەکە و لەمە دەرچوو. هاوپەیمانێتی دژی عێراقی زەحمەتە بتوانێ تەنیا بە بیانووی جێگیرکردنی ئارامی و سەربەخۆیی کوێت مانەوەی خۆی بسەلمێنێ. هاوپەیمانییەتی دژی عێراق لە ڕاستیدا یەکگرتی وڵاتانێک بوو کە هەریەکەیان بەدوای ئامانجێکی دیاریکراودا دەگەڕان کە هیچیان لەگەڵ ئەوی دیکەدا یەکی نەدەگرتەوە یان بڵێین تێکیان نەدەکردەوە. لەم نێوانەدا جێگە و ڕێگەی وڵاتە هاوسێیەکانی عێراق کە بەچەشن و جۆری جیاجیا بایەخیان بە پەرەسەندنی ڕووداوەکان دەدا بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، دەبێ ئەم مەسەلەیەش باس بکەین لە زۆر لایەنەوە نەک هەرتەنیا لە باری ئاشکرای عێراقەوە بەڵکە لە بارەی مەسەلەی ئاشکرا بووی کوردەوە توانی کاریگەرێتی خۆی لەسەر پەرەسەندنی ڕووداوەکانی دواییدا بسەپێنێ. هەر لەبەر هەمان هۆ شوێنکەوتی وڵاتە هاوسێکانی عێراق تورکیا، ئێران و سوریا لە بارەی کوردەوە لەم گوتوبێژانەدا بایەخی تایبەتی خۆیان هەبوو. زیادبوونی بایەخدان بە مەسەلەی کورد لە سەردەمی بارگرژیەکەدا بەر لە هەموو شتێک بە هۆی بەشداری کردنی چوار وڵاتی دابەشکاری کوردستانەوە بوو لە گفتوگۆکاندا بەپلەی جیاجیا. شوێنی ئەم چوار دەوڵەتە لەم بارە دژوار و



ناکۆکەدا خاسیەتی چەند لایەنەی هەبوو. بەرگرتن لە پەرەسەندنی مەسەلەی کورد و دەست خستنە ناوەوەی مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین وەک ئامانجێکی نەگۆڕ و قبوڵ نەکراوی ئیستراتیژی دێرینی ئەم وڵاتانە ماوە. لە هەمان کاتدا هەر یەکێکیان لە سەبارەت بەپەیوەندی و بەرژەوەندییەکانیان لە بارودۆخە دیاریکراوەکاندا زنجیرەیەک تەگبیری سیاسییان وەرگرت کە لایەنی تاکتیکی هەبوو. ئێران، سوریا و تورکیا بەتایبەتی دەیانزانی کە ڕەهەندە بەرفراوانەکانی دژە کورد لە کوردستانی عێراقدا گەیشتۆتە ڕادەی ڕەگەزپەرستی و دەکرێ ببێتە هۆی هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد لەسەر ئاستی جیهاندا و ڕۆژئاواش لەم بارەوە جوولەیەک بکا و بەتایبەتی دەوڵەتە ئەوروپییەکان بۆ بەرگری کردن لە خەباتی کوردان بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆنووسین ببێتە مەسەلەیەکی میللی. بە تایبەتی تورکیا زۆر لەو لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیانە ترسا کە لە هەندێ پەرلەمانی ئەوروپا لەسەر مەسەلەی کورد ساز کرا. دیپلۆماسیەتی تورکیا دووربینانە پەی بەم مەسەلەیە برد کە (دەردەسەری) مەسەلەی کورد زیاتر لە بەنێودەوڵەتی بوونی و بەتایبەتی بەخولقانی بایەخ و پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا دەبێ. پێویستە ڕۆڵ و پێگەی تورکیا لە باروزرووفە گۆڕاوە زۆر خێرایەکەی جیهان و لەناو بردنی جەنگی ساردی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بەگشتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی بەتایبەتی گرتەوە (لێرەدا مەسەلە لە سوود وەرگرتنێکی دیاریکراوی تورکیایە کە چنینەوە و بەکارهێنانی ئەم سوودەش لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و سۆڤیەتدایە). ئەو بارەی کە لەمەڕ دوژمنایەتی عێراق و کوێت هاتە کایەوە وەزعێکی گونجاوی بۆ تورکیا خولقاند ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی پێگە سەربازی و سیاسییەکەی لە سیستەمی ڕۆژئاوادا کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی ساردا تووشی گۆڕانکاری ببوو ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیان هەوڵیان دەدا کە وڵاتانی ناوچەکە بۆ ناو

هاوپەیمانێتی دژ بەعێراق پەلکێش بکەن. تورکیا هەوڵی دەدا بە بەشداریکردنی لەم هاوپەیمانێتیە ڕێگا لە هێنانە گۆڕێی مەسەلەی کورد بگرێ و نەهێڵێ لەسەر ئاستی جیهان حەل و فەسل بکرێ و لە ڕاستیشدا ئەم وەزعەی بۆ خۆی خوڵقاند.

بیرۆکەی نووساندنەوەی پارێزگای موسڵ (لە خواروو یان لە کوردستانی عێراقدا) بەتورکیاوە یەکێک لەو مەسەلە سەرنج ڕاکێشانەیە. ئۆزال بەحسێبی لەبیربردنەوە یاخۆ خۆش باوەڕی کوردەکان دەیویست کارتە دۆڕاوەکەی مستەفا کەمال (کە لە سەرەتای بیستەکاندا دۆڕاندبووی) و پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە موسڵ بخرێتە سەر تورکیا لە ئەرشیف بێنێتەدەر بەحسێب فیدراسیۆنێک لە نێوان تورکیا و کوردستانی عێراقدا دروست بکا. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم بیرۆکە بەمردوویی لە دایک بوو. لەم بارەوە، واتە ئۆزال بەئاڕاستەی نارەزایی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەسەر ئاستێکی جیهانیدا و دانی خودموختاری بەکوردان کەوتە کارکردنەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کەوا تورکیا، ئێران و سوریا بەچاوپۆشین لە هەرچی بەربەرەکانێ و ناکۆکییەکی لە زەمینەی مەسەلە جیهانییەکاندا یەک دڵ و گیان (لە یەکپارچەیی خاکی و سیاسی عێراق) بەرگرییان کرد. بەبێ هیچ چەند و چۆنێک ئەوان کوردەکانی عێراقیان لە بەرچاو بوو و نەک شیعەکانی خوارووی عێراق. تاکتیکی ڕژێمی تیوکراتی ئێران لە پشتگیری کردنی زێتر بوونی بایەخ بەمەسەلەی کورد و توانای هێنانە ناوەوەی لەسەر ئاستی جیهانی بەتەواوی تایبەت بوو. تاران بەپێوانەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق مەیلی زیاتری بۆ ئەنجامدانی پەیڕەوی تاکتیکی ناوبراو لە خۆیان نیشاندەدا. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بەڕەسمی هاودەردی خۆیان لەگەڵ خەباتی گەلی کورد کە ببوونە قوربانی ڕژێمی سەدام ڕادەگەیاند. خەڵکی کورد لە هەلی نوێی شکستی سەدام حوسێن و بۆچوونی لە بارەی وڵاتە یەکگرتووەکان و



هاوپەیمانەکانی لە ناوە خۆیاندا لە دژی ڕژێم ڕاپەڕین. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدڵنیاییەوە بەکوردەکانی ڕاگەیاند کە ڕێگا بەسەدام حوسێن نادا هێزی ئاسمانی و چەکە قورسەکانی دژی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کورد بەکاربێنێ. کوردە ڕاپەریوەکان لە ڕاستیدا سەرتاپای کوردستانی عێراقیان ئازاد کرد. ئەم بزووتنەوەیە بووە هۆی وروژاندنی هەردوو ڕژێمی تورکیا و سوریا لە زۆر لایەنی جیاجیای سیاسی و دیپلۆماسی. ڕژێمی بونیادگەری ئیسلامی ئێران (کارتی شیعە)ی هاویشتە ناو مەسەلەکەوە. لەو کۆمەڵە تەگبیرانەی کە لە دژی کوردەکانی عێراق وەرگیران (مەسەلەی شیعە) بوو کە ڕژێمی ئێران هەماهەنگی لەنێوانیاندا دروست دەکرد و ئەم مەسەلەیەش شوێنی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ ئەوەش بڵێین کە شیعەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێران سەرەڕای ئەوەی دوژمنکارییەکی گەرمیان لەگەڵ ڕژێمی (سەدام حوسێن)دا هەیە، بەڵام حسابێکی لابەلا بۆ کورد و هاوپەیمانێتیەکەیان لەگەڵ کورد دەکەن. لە بنچینەدا ئەوانیش وەک ڕژێمی عێراق دژی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی عێراق بوون. ئەوەبوو بارێکی وا هاتە کایەوە کە مرۆڤ باوەڕ ناکا.

بزووتنەوەی جەماوەری کورد بووە هۆی جوولانی ڕووداوەکانی دواتری شیعە کە بەردەوام ڕۆڵی نێگەتیفانەی لە خەباتی کوردەکان لەپێناو مافی چارەی خۆنووسیندا بینیوە. کاتێ کە شیعەکانی عێراق بەپشتیوانییەکی زۆری ئێران کەوتنە تێکۆشان و جووڵانێکی فراوان لە دژی سەدام حوسێن، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیان بەپشتیوانی تورکیا و بەمەبەستی بەرگرتن لە بەهێز بوونی پێگەکانی بنیادگەرانەی شیعە لە عێراقدا کەوتنە خۆ و، کوردەکانیشیان (کە تا ددانان تەیار بوون) بەرامبەر بە سەدام حوسێن تاک و تەنیا بەجێهێشت.

سەدام لە چاوەڕێی کاتێکی وادا لەسەر ئاو و ئاگر بوو بۆ ئەوەی تۆڵەی

ڕیسوایی تێکشکانەکەی کوێتی لە کوردە سیڤیلەکان بکاتەوە. ئەو دەستی بەشەپۆلێکی نوێی بەکۆمەڵ کوژی کوردان کرد. زیاتر لە ٢/٥ ملیۆن کورد کەوتنە بەر ئاگری بۆمبابارانی تۆپخانەکانی ڕژێمی عێراقی لە ترسی چەکی کیمیایی و کوشتاری بە کۆمەڵ شوێنی ژیانی خۆیان بەجێهێشت و سنوورەکانی ئێران و تورکیایان بەزاند. ئەوان تاڵاوی سەرمایەکی کوشندە و برسیەتی و پەتا و مەرگی بەکۆمەڵیان (بەتایبەتی لە نێوان منداڵان) چەشت. تراژیدیای کورد بەشێوەیەکی بەرفراوان بووە جێی باس و بنیشتە خۆشەی سەر زمانی هەموو جیهان...

سەدام لە دوای ئەم کارەی بەرامبەر کوردەکان هێزەکانی خۆی لە دژی شیعەکان بەکارهێنا و ڕاپەڕینەکەی ئەوانیشی لە خوێن گەوزاند. وێڕای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعەکان کە بەپشتیوانی ئێران ڕاپەڕیبوون، ڕژێمی ئێرانی لەم سەرئەنجامە زۆریش نیگەران نەبوو. ئەو کارەساتەی بەسەر شیعەکاندا هات لەگەڵ سەرکوتکردنە خوێناوییەکەیان نرخێک بوو کە تاران لە عۆدەی مەسەلەیەکی پڕ بایەختر و ترسناکترەوە (کە مەسەلەی کوردە) دای. ئاژاوەی نوێ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە لە دژی کوردان هەڵدەقولا. بەم پێیە دارودەستەی ڕابەرایەتی بۆش سەرۆکی ئەوساکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کردەوە خیانەتیان لەگەڵ کورددا کرد و لەبەر خاتری بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی لە ناوچەی کەنداوی فارسدا یارمەتی سەدام حوسێنی دا بۆ ئەوەی پارێزگاری ڕژێمەکەی خۆی بکا. لە ڕاستیدا یارییە تاکتیکییەکەی (کورد- شیعە- سەدام حوسێن) گەواهییەکی ئاشکرای سیاسەتێکی درۆزنانەیە کە تەنیا بینینی ڕۆڵی (پارەی خوردە) بە کورد دراوە.

مەرگی بەکۆمەڵی کوردەکانی عێراق و ئەو بارە ترسناکەی کە سەدان هەزار کوردی ڕاکردووی تێدا دەژیا بووە هۆی دروستبوون و سەرهەڵدانی شەپۆلێک بێزاری و ناڕەزایی لە وڵاتەکانی ئەوروپا. لەم سەروبەندانەدا



بەریتانیا بە پشتیوانی فەرەنسا پێشنیاری کرد باروزرووفی پێویست بۆ کوردە ڕاکردووەکانی عێراق بڕەخسێنێت تا بگەڕێنەوە سەر خاک و وڵاتی خۆیان، بەم مەبەستەش ناوچەیەکی ئارام لە باکووری عێراق دیار بکرێ تاکو سوود لە ڕۆڵی پارێزگاری کارانەی هێزە نێو دەوڵەتییەکان ببینرێ تا لە ئایندە خودموختاری کوردەکان دابین بکرێ. لەم بارەوە دەنگۆی (جیاخوازی کوردەکان) بەشێوەیەکی فرەوان لە لای ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتانەی کە سیاسەتی تەنگ پێهەڵچنینی دژی کوردانیان درێژە پێدەدا، بەرزبۆوە. دەوڵەتەکانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا بەپێی پاڵپشتی ئەمریکا و وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپاوە باری ئاسایشیان بۆ کوردەکانی عێراق مسۆگەر کرد. بەم پێیە ئەم ناوچەیەی کە بەپێی نەخشەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەو باکوور لە تەوەری (هێڵی) ٣٦ پلەدا کەوتە ژێر چاودێری هێزە سەربازییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دژی هێرشە ئاسمانییەکانی عێراقی. مەسەلەی چارەنووسی ئایندەی (ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان) خرایە بەرباس. سەرەنجام ئەم ڕێگایە هاتەبەر هێزە دیموکراتییەکانی کوردستانی عێراق: یان بۆ لێکۆڵینەوەی چارەسەریەکی هاوبەشانەی مەسەلەی (باکووری عێراق) لەگەڵ ڕژێمی سەدام بکەوێتە گوتوبێژ، یان بەرەو چارەیەکی سەربەخۆی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی عێراقدا هەنگاو بنێن کە هەلومەرجی تازەی عێراق ئەم ڕێگا چارەیەی بۆ هێنابوونە پێشەوە. سەرەتا سەرکردە کوردەکان ڕێگا چارەی یەکەمیان گرتەبەر. ڕابەرانی (بەرەی کوردستانی) لەمەڕ دانوستانەوە وەڵامی بانگهێشتەکەی سەدامیان دایەوە. پەیوەندی گرتنیان لەگەڵ (سەدام حوسێن)دا بووە هۆی کاردانەوەی جۆراوجۆری کوردەکانی عێراق و دەرەوە. لە لایەکەوە ئەم پەیوەندی گرتنانە وەک نانی چەند هەنگاوێک بەرەو گەڕان بەدوای دۆزینەوەی چارە سەری مەسەلەی کوردی عێراقەوە دەنرا و لەلایەکی دیکەوە ئەوان سەرزەنشت

دەکران چونکە بەم کارەیان واتە چوونە ناو دانوستانەوە لەگەڵ سەدام حوسێن دا (بێزارییان بەرامبەر قوربانییەکانی سیاسەتی جینۆسایدی سەدام حوسێن بەرامبەر کورد کردبوو).

سەدام حوسێن ئەم خەیاڵەی خولقاند کە گوایا تاڕادەیەک توانای چارەسەرکردنی ئاشتییانە و دیموکراتییانەی مەسەلەی کورد و بەڕەسمی ناسینی مافەکانی کوردان بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین هەیە. پەیمان شکێنی سەدام بەتەواوی ڕوون و ئاشکرا بوو و دانوستانی لەگەڵ ڕژێمدا بێ پاشەڕۆژ بوو. جگە لەمەش دەبێ ئەگەری ترسی هێرشی نوێی سەدام بۆ سەر کورد بخرێتە سەر ڕەهەندێکی بەرفراوانی ئەم مەسەلەیە. ئەم بیرۆکەیە لە ناوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستانی عێراقدا پێویستیەتی شێوە نوێیەکانی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی پێگەیاند. هەر لە هەمان سەروبەندا بیری خودموختاری وەک ڕێگە چارەی مەسەلەی کورد بوو بە شاباشی بارگرژی و بایەخی خۆی لە ناو میللەتدا لە دەست دا و ئەمەش سەرەنجام شکستهێنانی هەوڵە سەرەتاییەکانی بوو بۆ وەدەستهێنانی خودموختاری لە کوردستانی عێراقدا.

لێکدانەوە و توێژینەوە لەمەڕ ئەم مەسەلەیە بابەتی ئەم گوتارەمان نییە. تەنیا ئەوەندەتان بەبیر دەهێنینەوە کە ونکردنی ڕێگای دیموکراتی واقیعی، پڕوپاگەندەی شێوە دیکتاتۆرییانەی دەسەڵاتداری و لە کۆتاییشدا گوشاری ئاینی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی کە زۆر بەگەرمی و تاوەوە دژی دیاریکردنی سنوورەکانی نەتەوایەتی بووە و پاڵیان بە (ئوممەتی) ئیسلامی داوە، لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین کە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بۆ نموونە ئەو خودموختاریەی کوردستانی عێراق، ئێرانی زۆر لەوە نارەحەتتر کردووە

(*) بەڕەسمی ناویان نا (ناوچەی خودموختاری کوردستان) کە هەڵبەتە تەواوی کوردستانی عێراقی بەتایبەتی (ناوچەی پڕ لە نەوتی کەرکووک)ی نەگرتەوە.



کە نیشانی دەدا. قانونی ڕووشێنراوی ژمارە (٣٣)ی ئازاری ١٩٧٤ کە پەیوەندی بە خودموختاری کوردستانی عێراقەوە هەبوو[*] بەسەرنجدان لەو نیوەچڵ بوون و دەستکارییەکەی سەدام و ڕژێمەکەی لە (باری خودموختاری) و کارە دەستدرێژییەکان و هەمە لایەنەکانی ئەو دژی (ناوچەی خودموختاری کوردەکان) بە پووچەڵکردنەوە و بێ نرخ کردنی ئەو قانونە کەوتۆتەوە. ئەگەر بمانەوێ ڕاستگۆیانە بەرخودی مەسەلەی کورد بکەین دەبێ بڵێین کە کوردەکان وەک میللەتێکی کۆنی جیهان بەڕەسەنی و فەرهەنگی نەتەوەیی و کەلەپووری زۆر دەوڵەمەندەوە لە ئەنجامی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و تەماعکاری وڵاتە گەورەکانەوە بەردەوام بۆ هێنانەدی سەربەخۆییەکی نەتەوەیی دیاریکراو خەباتیان کردووە، لە ڕاستیدا ئەم مافە هەر خۆی لە خۆیدا (لە ناوەخۆدا) بۆ میللەتانی دیکە ڕوون و ئاشکرایە بەڵام بۆ کوردەکان قەدەغەیە... بەڵام هەروەکو لە ژیاندا زۆر جاران وا دێتە پێشەوە کە واقیعیەتە مادییەکان ڕێگای خۆیان دەکەنەوە. چارەسەر نەبوونی مەسەلەی کورد یان چارە نیوە چڵییەکەی دەبێتە هۆی پەیدابوونی زۆران بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ لە کوردستاندا. لێرەدا ئەم ڕاستییە بەناوبانگە جێگای باوەڕپێکردنە کە هەر مەسەلەیەک کاتێک بە چارەسەرکراوی دەناسرێ کە بەتەواوی چارەسەر بکرێ. هێزە نەتەوەییەکانی کورد لەگەڵ ئاگاداربوونیان سەبارەت بە باری سیاسی ناوخۆ و ناوخۆی لەسەرەوە باسکراو گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامە کە بەپێی ئەم بارەی ئیمڕۆ لە ئارادایە لە چوارچێوەی عێراق دەرنەچن و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکەیان بەرەو دامەزراندنی شێوەی فیدراسیۆن (فیدرالیەت) هەنگاو بنێن کە ئیمڕۆ لە زۆر وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەم شێوە فیدرالیە بە کاردەهێنرێ.

لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم کەش و هەوا کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا، لە ١٩ی مایسی ١٩٩٢ دا (پەرلەمانی کوردستان) لە کوردستانی عێراق

هەڵبژێردرا. هەڵبژاردن لە بارێکی دیموکراتییانەی ڕاستەقینەدا لەسەر بنچینەی بۆچوون و خواستی میللەتدا بەڕێوەچوو.

کۆمسیۆنی دامەزراو لە حزبە کوردییەکان و ڕێکخراو و دەستە نێودەوڵەتییەکان چاودێری تەواوی بەڕێوەچوونی دەنگدانەکەیان کرد. هەروەکو چاوەڕێ دەکرا نوێنەرانی بەرفراوانترین حزبەکانی کوردستانی عێراق (پ.د.ک) و (ی. ن. ک) بۆ پەرلەمان هەڵبژێردران. بۆ بەشداریکردنی کەمە نەتەوەی وەک ئاشوری... هتد، هەلومەرجی پێویست ڕەخسێنرا (٥ نوێنەریان بۆ دانرا). هەرچەندە ئەوان ڕێژەی دیاریکراو کە (٧٪) بوو وەک مەرجی چوونە ناو پەرلەمان دانرابوو، نەیگرتنەوە، بەڵام ئەو بارەیان بۆ ڕەخسێنرا کە لە نێوان پاڵێوراوە ئاسوریەکاندا (٥) کەسیان بۆ پەرلەمان هەڵبژارد. یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەکانیان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ڕابەری کردنی کوردستانی عێراق (کە لەژێر دەسەڵاتی ئەوان دابوو)یان ڕەت کردەوە و لەسەر یەکسانی حوکم لە هەموو ئاستەکاندا ڕێککەوتن.

لە ٤ ی حوزیرانی ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دامەزراند و ئاسوریەکیش لەم حکوومەتەدا بەپلەی وەزیری گەیشت. لە چواری تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤دا پەرلەمان بەیاننامەیەکی گرنگی لە بارەی فیدرالیەتەوە بڵاوکردەوە. لەو بەیاننامەدا هاتووە کە: (لە بارەی ئێستادا گەلی کورد یەک دڵ و گیان لە بارەی چارەنووسی خۆیەوە بڕیاریان داوە تا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لەسەر بناغەی (فیدرالیەت) لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا دابڕێژن.)

بەیاننامەی پەرلەمانی کوردستان بووە هۆی ئەوەی کە لەسەر ئاستی جیهاندا کاردانەوەیەکی زۆری هەبێ. هەرچەندە بەیاننامەکە لە ناوەندە



دیموکراتی و لیبرالیەکانی جیهاندا لایەنگیری زۆری لێکرا بەڵام ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان لەسەر دابەش کراوە لە دژی ئەم بەیاننامەیە هەنگاویان هەڵێنا. لە (١٢) تا (١٥) تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢دا وەزیرەکانی کاروباری دەرەوەی تورکیا، ئێران و سوریا لە ئەنقەرە (ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق)یان خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لە هەرچی ناکۆکییەکی هەیانبوو چاوپۆشرا و سەبارەت بەم مەسەلەی کوردە بوونە هاودڵ و هاوگیانی یەکدی. ئەوان ڕایانگەیاند (سەبارەت بەباری ئێستای کوردستانی عێراق نیگەران بوون و دژی کەرتکردنی خاکی عێراق دەبن). ڕژێمی عێراق کە لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا لە حاڵەتی دوژمنایەتی دابوو لایەنگیری ئەم بەیاننامەی کرد و ئەوەی خستەڕوو کە تەنیا داخ لەوە دەخوا کە وەک لایەنێکی بەرژەوەندار لەم مەسەلەدا بۆ ئەم کۆبوونەوە بانگ نەکراوە. بەپێچەوانەوە، بیروڕای هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی پۆزەتیف بوو(*) لەو کۆنگرەیەی کە لە (٢٧-٣٠)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ لە هاوینەهەواری سەلاحەدیندا بەسترا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. لەم بەیاننامەدا هاتووە: کە ئەوان پشتیوانی و لایەنگیری لە ئەو ڕێبازە دیموکراتییەی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی لەو بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان دەکەن لەمەڕ چەسپاندنی سیستەمی (فیدرالی) لە عێراقدا. پەرلەمانی کوردستان و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی ڕایانگەیاند کە دەبێ بناغەی سیستەمی سیاسی عێراق لەسەر (یەکێتی خاکی عێراق، دیموکراسی، فرە حزبی بوون و فیدرالیەت) دابێ ڕەوتی دیموکراتی لە کوردستانی عێراقدا و دروستکردنی دامەزراوە نەتەوەییەکانی

(*) ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی سەدام بوون لە (بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب) (بزووتنەوەی دیموکراتخوازان)، (بزووتنەوەی ئەو کوردانەی ئازادیخواز و دیموکراتیخواز بوون).

خودموختاری بەبارێکی دژواری سیاسی و ناوەخۆییدا دەڕوا. ناوچەی دەوڵەمەندی کوردستانی عێراق لە ئەنجامی عەمەلیاتە سەربازییەکانی لەشکری عێراق بووە بە وێرانە. باری ئابووری وێرانکراوە کشتوکاڵ تووشی وەستان هاتووە، ملیۆنان کورد لانەواز و بێ بژێو دەبن. ڕژێمی سەدام سیاسەتێکی توندوتیژی (دەوردانی ئابووری) بەرامبەر کوردستان گرتۆتە بەر و تورکیا (بەشێوەی جیاجیا) ڕێگا لە هەر یارمەتییەکی مرۆڤ دۆستانە دەگرێ کە لە ئەوروپا یان ئەمریکا بۆ کوردەکان دەنێردرێ، ترسناکی پەیوەندییەکانی (پ.د.ک، ی.ن.ک) لە لایەک و شەڕوپێکدادان لەگەڵ (پ.د.ک) لە لایەکی دیکەوە زۆر کارەساتی دیکەی بۆ کوردستانی عێراق هێناوە.

لە هەلومەرجێکی وادا ناکرێ قسە لە بارەی بەئاسانی پەرەسەندنی ڕەوتی خودموختاری کوردستانی خوارەوە بکرێ و ئەم مەسەلە پەیوەندی بەباری نەگونجاو و نالەباری ناوەوە و دەرەوە هەیە. ئابوورییەکی وێران کراو، برسیەتی، هەژاری، نەداری دەیان هەزار کورد بووەتە هۆی هێنانە ئارای بارێکی شەپرێو و هاکا بتەقێتەوە. نەبوونی یەکێتییەکی ڕاستەقینەی حزبە حوکمدارەکانی کورد (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ یەکتردا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی گیر و گرفتی زیاتر. ئەو کەشوهەوایەی لە دوای هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ وە ڕەخسا نەتوانرا بەشێوەیەکی تەواو وەڵامی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی نەتەوەیی و چەسپاندنی دەوڵەتی کوردی بداتەوە. لە سیستەمی دەوڵەتیدا زۆربەی کات بەرژەوەندی حزبی لەسەر بەرژەوەندی گشتی میللەت دانراوە. بارگرژی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو حزبەکە بەتایبەتی لە کاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە مانگی مایسی ١٩٩٥دا تاوی سەند. دوانی ڕابەرانی حزبە ناوبراوەکان لە بارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئایندەوە



شایانی سەرنجدانە. لە بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە کە لە هەڵبژاردن نابێ شوێن بۆ سازش و تەعین کردنی کورسییەکانی پەرلەمان و دامەزراندنی حکوومەتدا بکرێتەوە.

## بەشی سێیەم

# کوردەکانی تورکیا دەست بەخەبات دەکەن

*پ. أ. حەسرەتیان*

لەم ساڵانەی دواییدا مەسەلەی کورد لە تورکیادا گوڕ دەسێنێ هۆیەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ پاشکەوتەیی باری ئابووری ناوچە کوردنشینەکان، بێبەش بوونی خەڵکی کورد لە مافە سیاسییەکان، پەرەسەندنی زۆر لە سەرەخۆی ژیانی کۆمەلایەتی و رووناکبیری و لە بەر چاو نەگرتنی مافە نەتەوایەتییەکان، مەسەلەی کورد لەگەڵ تێبینی کردنی کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی کۆمەلایەتی و ئابووری، سیاسی و نەتەوەیی شوێنێکی دیاری لە پەرەسەندنی گشتی وڵاتدا هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا سەرانی دەسەڵاتداری تورکیا لە ماوەی حوکمی کۆماریدا تەنانەت یەک بەڵگەنامەی قانونیشیان لە بارەی چارەسەرێکی جوزئی مەسەلەی کوردان قبوڵ نەکردووە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کوردەکان لە بیستەکان و سییەکاندا ژمارەیەک ڕاپەڕین بەرپا بکەن و تاوسەندنی بزووتنەوەی میللی ئازادیخوازانەی کوردان لە دوای کۆدێتای دەوڵەتی (٢٧)ی مانگی مای ساڵی ١٩٦٠ بوو. ئەم کۆدێتایە بووە هۆی ژیانەوەی چالاکییە سیاسییەکان لە وڵاتدا و چالاکبوونی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە تورکیا.

لە کۆتایی حەفتاکاندا بزووتنەوەی میللی دیموکراتی لە کوردستانی تورکیادا ڕەهەندی بەرفراوانی بەخۆیەوە گرت. لەو قۆناغەدا دەیان گرووپ و حزبی سیاسی کورد بەشێوەی نهێنی چالاکییان دەنواند. ئەوان ڕۆژنامە و گۆڤاریان بەزمانی کوردی بلاودەکردەوە لەناو ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا لە ڕەهەندە جیاجیاکانی مەسەلەی کورد لە تورکیا و سیاسەتی ڕەسمی



حکوومەت و حزبە بۆرژواکانیان لەمەڕ کوردەوە دەکۆڵییەوە و ڕەخنەیان لێدەگرت و داواکارییە نەتەوەیی و کۆمەلایەتییەکانی گەلی کوردیان تێدا شرۆڤە دەکرد.

ئەم مەسەلەیە بووە هۆی نائارامی و پشێوی لەناو دەستەی حوکمداران لە تورکیادا. لەبەر تۆقینی دەسەلاتدارانی تورکیا لە بزووتنەوەی کورد، بۆ سەرکوتکردنەوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان پەنایان بۆ کاری تەنگ پێهەڵچنین برد. ئەم ڕەوشە بەتایبەتی لە دوای کۆدێتای دەوڵەتی سەرانی سوپا لە تورکیادا لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٠ دا زیاتر گوڕی سەند و لە ئەنجامدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا زیانێکی زۆری لێکەوت.

بەپێی قانونی باری نائاسایی (قانونی عورفی) سەدان نشتیمانپەروەری کورد لە سێدارەدران و دەیان هەزار کەسیش گیران، نوێنەرانی حزبە سیاسییە نهێنییەکان، ڕێکخراوە کۆمەلایەتییەکان، ئەندامانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان (ح. س. ک.) پارتی کارگەرانی کوردستان (ح. ک. ک.) بەدەستی حکوومەتی سەربازی بۆ بەردەم مێزەکانی دادگا بۆ دادگایی کردن پەلکێش کران، زۆر لە نیشتمانپەروەرەکانی کورد توانییان پەنا بۆ دەرەوەی وڵات بەزۆری بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیک ببەن تابتوانن چالاکییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی حزب و ڕێکخراو و یەکێتییەکاندا دەوام پێ بدەن. چاوپۆشین لە سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی ناوەندە دەسەلاتەکانی تورکیا کە لەمەڕ تاوانەوەی گەلی کوردەوە گرتووتەبەر، گەلی چەند ملیۆنی کورد شێلگیرانە، ڕەسەنایەتی نەتەوەیی، زمانی دایکی و ڕۆشنبیری و دابونەریتەکانی خۆی دەپارێزێ. دیارکردنی ژمارەی دانیشتوانی بێ فروفێڵی کوردەکانی (تورکیا) بەهۆی نەبوونی سەرژمێرییەکی باوەڕپێکراو لە بەردەستدا نییە. لەوەتەی کۆماری تورکیا هەیە (١٣) جاران سەرژمێری دانیشتوانی کراوە. پێنج سەرژمێری

دوایی لە سالانی ١٩٧٠، ١٩٧٥، ١٩٨٠، ١٩٨٥، ١٩٩٠دا کراون، بەڵام ئەو سەرەنجامانەی پەیوەندییان بەپێکهاتەی دانیشتوانەوەیە بڵاو نەکراوەتەوە.

حکوومەتی تورکیا هەوڵی دەدا بەهەر جۆرێک بێت بوونی کورد و زمانی کوردی لە وڵاتدا بەدرۆ بخاتەوە بۆ نموونە دەکرێ نموونەی خوارەوە بهێنرێتەوە.

ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت کە دەبوایە سەرژمێری تورکیای ساڵی ١٩٨٥ بکەن دەستوری کارکردنیان بۆ ئامادەکرا کە تێیدا لە بەرامبەر پرسیاری جگە لە زمانی دایک چ زمانێکی دیکە دەزانی؟ زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی یا کوردی وەک نموونە نووسرابۆوە. دادستانی دادگای ئاسایشی دەوڵەت ناوبردنی زمانی کوردییان لەم دەستوری کارەدا وەک هەوڵێک بەرەو لاوازکردنی هەستی (میللی - نەتەوەیی) و پڕوپاگەندەی کوردخوازی لێکداوە و لەگەڵ داواکردنی دەستەی (١١) نەفەری بەشداری کار لە ڕێکخستنی (پرسنامە)ی ناوبراو، لە ٥ تا ٨ ساڵ زیندانیان بۆ دەکرا. جگە لەمە بەپێی هەواڵی چاپەمەنییەکانی تورکیا پرسیاری پەیوەند بەزمانی دایک لە پرسنامەی سەرژمێری دانیشتوان لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ سڕایەوە. حکوومەتی تورکیا هەترەشی لەوە ڕژابوو کە خەڵکی شارەکانی وڵات لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا زمانی دایکی خۆیان بەزمانی کوردی بنووسن و بەم جۆرە ڕاستی ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان لە ئەنجامی سەرژمێریدا ئاشکرابێ.

بەپێی زانیاری سەرچاوە کوردییەکان لە ساڵی ١٩٩١ دا نزیکەی ١٥ ملیۆن کورد لە تورکیادا هەبوون. بەمەزەندەی ئێمە ژمارەی کوردەکانی تورکیا نابێ لە ( ١٠) ملیۆن لە ١٧ ٪ی دانیشتوانی وڵات زێتربێ.

بەگشتی کوردەکان بەچڕی لە ولایەتەکانی ئاگر، ئادیامان، بینگول، بەتلیس. وان، گازی ئەنتاب، دیاربکر، قارس، مەڵاتیە، ماردین، موش،



سیرت،، ئورفە، هەکاری، ئالازیگ. ئەرزنجان و ئەرزرۆم دا دەژین. کوردەکان زۆربەی ژمارەی دانیشتوانی ولایەتەکانی، ئاگری، بینگول، بەتلیس، هەکاری، ماردین و وان پێکدەهێنن.

کورد لە دەرەوەی کوردستانی تورکیا لە ئەستانبۆل، ئەنقەرە و هەروەها هەندێ باژێڕە گەورەکانی وەک ئەناتولی ناوەندی و ڕۆژئاوا (جیهان بیلی، توکاتا، چانکری)دا دەژین. سەرەڕای نەبوونی قوتابخانەی کوردی و، قەدەغەبوونی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەک بەزمانی کوردی و سیاسەتی تاواندنەوەی کوردان لە لایەن ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی تورکیاوە، نزیکەی ٨٠ ٪ی کوردان بەتایبەتی لە دێهاتدا زمانی تورکی نازانن و تەنیا بەزمانی کوردی قسە دەکەن جگە لە مەش کوردەکان نەک هەرتەنیا (زمانی دایک) بەڵکە فەرهەنگ و ڕەسەنی نەتەوەیی خۆیان کە لەتورکیان جیا دەکاتەوە، دەپارێزرێن.

ئاین ڕۆڵێکی دیار لە ژیانی مەعنەوی کورداندا دەبینێ. کوردەکانی تورکیا پەیڕەوی ئیسلامی سوننی دەکەن. لە لایەکی دیکەوە بەگوێرەی زانیاری چنگ کەوتوو نزیکەی دوو ملیۆن لە کوردان پەیڕەوی شیعەن و نزیکەی ٢٥٠ تا ٣٠٠ هەزار کوردیش یەزیدین. بەزۆری کوردە شیعەکان (عەلەوی و قزڵباش) پەیڕەوی یەکێک لە ڕێبازە توندەڕەوەکانی شیعەی ئەهلی حەق یان عەلی ئیلاهی دەکەن. ئەوانە بەشێوەیەکی گشتی لە دەرسیم (ولایەتی تونجەلی، ئالازیگ، مەڵاتیە، قەهرەمان مەرعەش و غیرۆ)دا دەژین. کوردە شیعەکان کە گروپی نەتەوەیی زازا یا زاراوەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە ستەمدیدەترین بەشی کوردانن چونکە نەتەنیا لەژێر ستەمی نەتەوەیی بەڵکە بەڕادەیەکی سەرنجڕاکێش لەژێر ستەمی ئاینیشدان. ئەم بارەش هۆی ناڕەزاییەکی توندە لە نێوان ئەم کوردە شیعانەدا.

ئێستا ناتەبایی ئاینی سەرەڕای کاریگەرێتی نێگەتیڤی بەسەر

بزووتنەوەی کوردا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی نییە چونکە لە سەردەمی ئێستادا هۆشیاری میللی نەتەوەیی کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر بووە لە پلەی یەکەمدا دێ.

لەم نێوانەدا، ئاین بەتایبەتی هەندێ لە دەستە و تاقمە سۆفیگەرەکان هێشتاش ڕۆڵی دیار لە ژیانی مەعنەوی کورداندا دەبینی. ئەم مەسەلە نەک هەرتەنیا جێی سوود لێ بینینی ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا بەڵکە نوێنەرانی توێژەکانی سەرەوەی کورد وەک ئاغا و شێخەکانیش سوودی لێ دەبینن کە تا ئێستاش کاریگەری بەرچاویان بەسەر توێژە بەرفراوانەکانی کوردانەوە هەیە.

کوردستانی تورکیا بەهەمان شێوە وەک دواکەوتووترین بەشی وڵات لەگەڵ بارێکی تایبەت بەخۆیەوە ماوەتەوە. کوردستان (١/٥)ی وڵات پێکدەهێنێ و نزیکەی (٨ ٪)ی دانیشتوانی وڵاتی تێدا دەژی. لێرەدا چڕی دانیشتوان لە ڕۆژئاوای تورکیا کەمترە. لە ساڵی ١٩٨٥دا چڕی دانیشتوان لە وڵاتدا بۆ هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشە (٦٦) کەس بوو ئەم ژمارەیە لە ناوچە کوردنشینەکاندا ٤٦ کەس بۆ کیلۆمەترێکی چوارگۆشە بوو.

بەم جۆرە لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە لە چڕی دانیشتوانی کوردستانی تورکیا بەگوێرەی تێکڕای وڵات گۆڕانێکی جەوهەری ڕووی نەدا لە حاڵێکدا هاوکات لە ئاستی تێکڕای وڵاتدا ڕێژەی ٨ کەس لە چڕی دانیشتوان زیادی کردبوو (لە ساڵی ١٩٨٠دا چڕی دانیشتوان ٥٨ کەس بوو). لە هەمان بارەوە دەبێ ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە پەرەسەندنی دانیشتوان لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە گوێرەی تێکڕای وڵات بە ڕێژەی (٣ ٪) زێتر بوو.

دەکرێ نزمی چڕی دانیشتوان بەکۆچکردنی بەردەوامی دانیشتوان لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە بەرەو پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و بەزۆریش بە هۆی نەبوونی



هیچ پەرەسەندنێکی پیشەسازی لە ناوچە کوردنشینەکاندا لێک بدرێتەوە. لە ساڵی ١٩٨٩ دا تەنیا لە سێ پارێزگای ڕۆژهەڵاتدا (قارس، ئاگری، ئەرزرۆم) (١٠٠) هەزار کەس بەرەو بەشی ڕۆژئاوای وڵات کۆچیان کرد. لە ساڵی ١٩٩٠ لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە (٦٦٣٠٥٠٠) کەس بۆ ئەستەنبول هاتوون. لە ساڵانی دواتریشدا کۆچی خەڵک لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا بەردەوام بوو. نزیکەی ٧٠ ٪ی کوردان لە دێهات و ٣٠ ٪ یشیان لە شارەکاندا دەژین (سەرجەم دانیشتوانی شارنشین لە تورکیادا زیاتر لە ڕێژەی ٥٠ ٪ یە). کوردستانی تورکیا بە کانی ژێر زەمینی دەوڵەمەندە وەک کانە نەوت، کرومیت، فۆسفات، بەردی کانزایی ئاسن و شتی دیکەش. هەروەها لێرەدا سەرچاوەی دروست کردنی هێز (ئانرژی)ش هەیە: تەنیا ئێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای ئاوی کەبان ١١ ٪ی پێویستییەکانی ئەلکتریکی ناوەندە پیشەسازییەکانی وەک ئەدەنە، ئەنقەرە، ئەزمیر و ئەستەنبوڵ دابین دەکا. لەگەڵ ئەمەشدا بەشی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات تەنیا (١٠ ٪)ی پیشەساز دامەزراوە بە دەوڵەتی بووەکان و (٢,٧ ٪) پیشەسازی دامەزراوە تایبەتەکان دەبێ، کە لە وەشدا تەنیا لە سەدا پێنجی کارگەرانی ئەو بەشە خەریکی کار دەبن. پیشەسازی گەورە بوونی نییە. لەم شوێنەدا تەنیا ١٨ ٪ی هێزی کارخانەکانی قەند، ١٤ ٪ لە کارخانەکانی(چنین و ڕستن) و دەزگاکانی (چنین)ی تێدایە. بەڵام کشتوکاڵ پلەی یەکەمی لە ئابووری ناوچە کوردنشینەکاندا هەیە. لەم ناوچانەدا ٤٠ ٪ی مەڕوماڵات بەخێو دەکرێ، ٢١ ٪ی ئەو زەوییانە کە شایەنی کێڵانن بۆ کشتوکاڵ لە تورکیادا لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتدایە کوردستانی تورکیا ١٥ ٪ی سەرجەمی بەرهەمی کشتوکاڵی وڵات مسۆگەر دەکا. ئێستا میکانیزەکردنی کشتوکاڵ لە کوردستاندا بەردەوامە. هەرچەندە ئەم ڕەوشە زۆر لەسەرخۆ دەچێتە پێشەوە بەڵام دیسانەوە ناتوانێ ناوچە کوردنشینەکانیش نەگرێتەوە. بەم جۆرە ئێستا ١٠ ٪ی

تراکتۆرەکان (٤٧٪ لە ڕۆژئاوا و ٤٣٪ لە ناوەند "سەنتەر"دا) لە ڕۆژهەڵات بووە و ئەگەر ٧٠٪ی زەوییەکان لە ڕۆژئاوا بەتراکتۆر بکێڵرێ ئەوا لە سەنتەر (٤٠٪)ە و لە ڕۆژهەڵاتیشدا (٢٠٪) بەرهەمی کشتوکاڵی بودجەی سەرانسەری وڵات نیشاندەدرێ.

لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەو بارانەی قسەمان لێوەکرد ئەوە ناگەیەنێ کە لە باکووری تورکیادا هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕوو نادەن. ئەم ناوچەیە بەرە بەرە دەخزێتە ناو پەیوەندییەکانی بازرگانی دەرەوە و ناوەوە. ئێستا شێوەکانی بەڕێوەبەرایەتی سەرمایەداری لە هەموو جێگایەکدا، چ ناو شار و چ لە گوندەکاندا سەریان هەڵداوە و بەهێزتر دەبن.

دەوڵەت بۆ دەستوردان لە ڕەوشی سەقامگیری هێزە بەرهەمهێنەرەکان هەوڵدەدا لە سەرچاوەی کانە سروشتییەکانی ناوچەکە زۆرترین سوود وەربگرێ. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەت هیوادارە کە جیاوازی ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئابووری لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا کەم کاتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا کە ئەو لایەنانەی قسەیان لەسەر کرا مانای ئەمە نییە کە لە باکووری (مەبەستی کوردستانی تورکیایە- وەرگێڕی کوردی) تورکیا هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی ئابووری ڕوویان نەداوە. ئەم ناوچەیە بەرە بەرە دێتە ناو پەیوەندییە بازرگانییەکانی دەرەوە و ناوەوە. ئێستا شێوەکانی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی سەرمایەداری لە هەموو جێگایەکدا، چ لە شار یان لادێ سەریان هەڵداوە و پێگەی بەهێزتر دەبێ.

دەوڵەت بۆ دەستوردان لە ڕەوەندی جێگیری (استقرار) هێزە بەرهەمهێنەرەکان هەوڵدەدا کە زۆرترین سوود لە سەرچاوە و زەخیرە سروشتییەکانی ئەم ناوچەیە ببینێ. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەت ئومێدەوارە کە جیاوازی پێگەیشتن و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئابووری لە نێوان



ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵاتدا کەم کاتەوە.

تێکڕای بەرنامەکانی پێنج ساڵە بایەخێکی تایبەتی بەپێویستی بەرەو پێشبردنی ئابووری ناوچە دواکەوتووەکان و بەتایبەتی ولایەتەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات دەدەن. دەوڵەتی ئۆزالیش لە کاتی خۆیدا بەرنامەیەکی تایبەتی بەرەو پێشبردنی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵی بڕیاردا. ئەم بەرنامە دروستکردنی ١٥ بەنداو و ١٨ ئێستگەی دروستکردنی کارەبای ئەتۆمی لەبەر چاوان گرتبوو. بە بۆچوونی دەوڵەت ئەم پلانە دەبووە هۆی دووبەرابەر بوونی بەرهەمهێنانی هێزی ئەلکتریکی و زیادبوونی ئاو بە ڕێژەی ٨/١ ملیۆن هیکتار. لەگەڵ ئەمەشدا تایبەتمەندان عەمەلی بوونی ئەم پڕۆژانەیان بە بەدبینییەوە هەڵسەنگاند چونکە لە ڕابردوودا پڕۆژەی لەو بابەتە بڕیاری لەسەر درابوو بەڵام هیچ کاتێک بەئەنجام نەگەیشت. هەتا سلێمان دمیرل سکرتێری گشتی پارتی (ڕێگای ڕاست) و سەرۆک کۆماری ئەوکاتە لە سەردان و سەفەرەکانی ساڵی (١٩٩٠)ی دا بۆ ولایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵات دوودڵی خۆی لە عەمەلی بوونی ئەم پڕۆژانەدا بەدەرخست.

لە لایەکی دیکەوە کەمتر لە ١٠٪ی تەواوی خستنەکاری سەرمایەی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا دایە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ سەرمایە تایبەتییەکانی تورکیا بکرێ کە لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی ئیمکاناتی پێویست بۆ بەرفراوانکردنی ئەو سەرمایە تایبەتییانە لەم ناوچەدا هەیە بەڵام دیسانەوە بەبێ مەیلییەوە بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەخرێتە گەڕ. دەکرێ ئەمە بەنەبوونی ناجێگیری باری سیاسی لەو ناوچەدا لێکبدرێتەوە. نوێنەرەکانی بۆرژوازی کوردیش بەباشتری دەزانن کە لە ڕۆژئاوای وڵاتدا سەرمایەکانیان بخەنەوە کار و بەم جۆرە دەبن بە شەریکی کۆمپانیا تایبەتییەکانی تورکی.

حکومەتەکانی تورکیا هەوڵیان دا تا سەرمایەکانی دەرەوەش بۆ

پەرەسەندنی ولایەتەکانی خوارووی ڕۆژهەلاتی تورکیا ڕاکێشن. لە مانگی مای (حوزەیرانی) ساڵی ١٩٨٦دا ئەنجومەنی باڵا (گەورە)ی گەلی تورکیا (م.ک.م.ت) بڕیاری لەسەر لائیحەیەکی قانونی دا کە تێیدا مافی بەدەستهێنانی (کەسب)ی زەوی بەکۆمپانیاکانی دەرەوە دا، لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکارییەکی زۆر لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورداندا دەبینرێ. جووتیاران زۆربەی ژمارەی دانیشتوانی کوردان پێکدەهێنن. ٧٢٪ی هێزەکانی چالاکی ئابووری بەکشتوکاڵییەوە خەریکن. بەدیارکەوتنی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی بەرهەمهێنان لە گوندەکانی وڵاتیشدا سەرنج ڕادەکێشێ. لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا لەو ٢٢ ولایەتەی کە ڕۆژهەلاتی تورکیا پێکدەهێنن ڕێژەی ٣٠٪ جووتیاران بێ زەوی بوون و لە حاڵێکدا ٤٢٪ی تەواوی زەوییە کشتوکاڵییەکان هی ٣٪ خاوەن زەوییە گەورەکان بوو. لە گوندەکاندا تەنیا ٣٪ی جووتیاران توانای سوود وەرگرتنیان لە تەکنیکی کشتوکاڵیدا هەیە. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کوردستانی تورکیا بۆتە هۆی خێرایی دروستبوونی جیاوازی چینایەتی لە شار و گوندەکاندا. ئێستا گوندە کوردنشینەکان لە قۆناغی تێپەڕین بەرەو نەمانی پەیوەندییە دەرەبەگایەتیەکاندان. بەگۆڕانی دەرەبەگەکانی کورد و سەرمایەدار بوونیان ڕەوەندی شێوەگیری بۆرژوازی کورد دەستی پێکردووە و ئابووری وردە خاوەن موڵکی نوێ پەیدا دەبێ، باری چینایەتی گوندەکانی کوردستان نەتەنیا لە ئەنجامی کامل بوونی ناوەوەی کۆمەڵگای کورد بەڵکە لەژێر کاریگەرێتی ڕەوەندە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان لە تەواوی تورکیادا ئەنجام دەگرێ.

نەمانی پەیوەندییە کۆنەکانی کۆمەلایەتی لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی جووتیارانی بێ زەوی کە لە هەلومەرجی دواکەوتەیی کوردستاندا نەیانتوانیوە کار لە شوێنی ژیاندا پەیدا بکەن و ناچار دەبن بەرەو ناوچە پەرەسەندوو و پێگەیشتووەکانی ڕۆژئاوای تورکیا



یان وڵاتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا کۆچ بکەن و لەم وڵاتانەدا لە کاری گران و کەم دەرامەتدا سوودیان لێ دەبینرێ. کوردەکان بەردەوام ڕۆڵی بەر چاویان لە چالاکییە سیاسییەکان و دروستکردنی دەوڵەتی تورکیادا هەبووە تاوەکو لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیشدا کوردەکان زۆر پلە و پایەی بەرزیان لە دەزگای دەوڵەت و سوپای تورکیادا گرتبوو. ئەوان لە ڕووداوەکانی چارەنووسسازی (١٩١٩-١٩٢٢) لە تورکیادا ڕۆڵی چالاکانەیان هەبووە دەبێ ئەوەش بڵێین کە زیاتر لە (٧٠) کورد چوونە ناو ئەنجوومەنی باڵای میللەتی تورکیا کە لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە ئەنقەرە دروستکرابوو. هەرچەندە کە ئەم نوێنەرانە پارێزگاریکەری بەرژەوەندی زۆربەی جەماوەری خەڵکی کورد نەبوون بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستی بەشداری کردنی نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەندا نیشانەی کاریگەرێتی ئەوان لە باری سیاسی و دەوڵەتی تورکیا بوو.

بەسەرنجدان لە قەدەغەبوونی حزبە سیاسییەکانی کورد لە تورکیا کوردەکان بەپێی پەیڕەو لە ڕێگای لیستی حزبەکانی تورکیا وەک نوێنەری (بێ لایەن) لە پارێزگاکانی ڕۆژهەلاتدا دێنە ناو ئەنجوومەنی باڵای گەلی تورکیا و دەبن بەئەندامی بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێیەکان.

بەم جۆرە هەمیشە نوێنەرانی بەرەگەز کورد لە ئەنجومەنی باڵای تورکیادا بوونیان هەیە هەرچەندە ئەوان بەدەنگی دەنگدەرانی کورد دەگەنە ئەنجوومەن بەڵام تا بەرووکاریش بەرگری لە بەرژەوەندی کوردان ناکەن چونکە ئەوان بەپێی قانونی تورکیا بەنوێنەری ناوچەی تایبەتی نەناسراون بەڵکە بەنوێنەری سەرتاسەری تورکیا لە قەڵەم دەدرێن. بەڵام مەسەلەکە تەنیا بەوەندە ناوەستێ. کوردەکان بەهۆی سنووری قانونی تورکیا ناتوانن لە ئۆرگانەکانی دەوڵەتی (ناوەخۆیی و پەرلەماندا) پەیوەندی و ئاواتە نەتەوەییەکانیان بپارێزن.

لە نیوەی دووەمی هەفتاکاندا لە هەلومەرجی چالاکبوونی ژیانی سیاسی

توركیادا و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کورد، بەڕێوەبەری شارەوانی هەندێ لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات کورد بوون بەڵام دوای کۆدێتای سەربازی لە ساڵی ١٩٨٠دا ئەوانە بەدەستی حکوومەتی سەربازی بەتاوانی بانگەشەی (کوردایەتی – کوردگەرایی) و (جیاخوازی) دەستگیرکران و وەک زۆر لە خەڵکانی چالاکی کورد بەزیندانی درێژخایەن حوکمیان درا.

تەنگهەڵچنینی حکوومەتی تورکیا بەتایبەتی دوای دەسەلات گرتنە دەستی عەسکەرییەکان لە ساڵی ١٩٨٠ دا زیاتر تاوی سەند. لەگەڵ ئەوەشدا کە زەبری بەر چاویان لە بزووتنەوەی کورد دا بەڵام ئەوان نەیانتوانی چالاکی حزبە کوردییەکان لە وڵاتدا بەیەکجاری بنەبڕ بکەن.

ئێستا بزووتنەوەی کورد بەقۆناغێکی دیکەدا دەڕوا. ئەگەر لە ڕابردوودا لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا بزووتنەوەی کورد لەژێر سەرکردایەتی توێژەکانی سەرەوەی عەشیرەت و پیاوانی ئاینیدا بوون ئەوا ئێستا بەهۆی هەندێ حزبی بگرە پێگەیشتوو کە بەپێی پەیڕەو و بەرنامەی داڕێژراو لە خەباتدان لە پێناو چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی کورداندا ڕێبەرایەتی دەکرێ.

ئێستا لە تورکیا و هەروەها لە وڵاتانی ئەورپای ڕۆژئاوا نزیکەی (١٠) پارت و دەستەی سیاسی کوردی تورکیا لە کار و چالاکیدان. بەدەسەڵاتترینیان ئەم پارتانەن: پارتی سوسیالیستی کوردستانی تورکیا (بەڕابەرایەتی کەمال بورکای) و پارتی کارگەرانی کوردستان (بەڕابەرایەتی عەبدوڵا ئۆجالان)ە. بوونی ژمارەیەکی زۆری پارتی سیاسی نیشانەی دابەشبوونی بزووتنەوەی کورد و بوونی ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازی سیاسی جیاوازن کە لە (چەپی توندڕەو تا ناسیۆنالیستی ڕاست)ن. چالاکی یەکێک لەو پارتانە بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی کوردستان گرتنەبەری شەڕی چەکدارانەیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پارتەکانی دیکە لایەنگری یەکێتی هێزەکانی چەپی وڵات و ناوچەکە بووە چارەسەرکردنی مەسەلەی



کورد لە سەرکەوتنی تەواوی بزووتنەوە پێشکەوتووخوازەکانی تورکیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا دەبینن. ئەم ڕێگایە، چارەسەکردنی مەسەلەی کوردی بەشێوەی خودموختاری یان فیدرالی لە چوارچێوەی تورکیایەکی دیموکراتی وەرگرتووە و ئاڵای جیابوونەوەی کوردستانی تورکیای هەڵنەکردووە و چونکە ئەم کارەی دوایی لە هەلومەرجێکی مێژوویی دیکەدا دەبینێ. ڕێگای سێیەم بەدەستهێنانی خودموختاری فەرهەنگییە لە چوارچێوەی تورکیادا بەشێکی بەر چاوی ڕووناکبیرانی کورد سەر بەم گرووپەن. نوێنەرەکانیان داوا لە ڕای گشتی جیهان دەکا کە فشار بخەنە سەر حکوومەتی تورکیا بۆ نەهێشتنی باری نائاسایی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات و خوارووی وڵات، توانای سوود وەرگرتن لە زمانی دایک و خوێندنی منداڵانی قوتابخانەکان بەکوردی، پەرەپێدانی فەرهەنگی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان بەزمانی کوردی.

بەشێکی توێژەکانی سەرەوەی کورد دژی هەرجۆرە گۆڕانکارییەکن لە کۆمەڵگای کوردیدا. خاوەنکارە گەورەکانی کورد کە لە ناوەندە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوای وڵاتدا (ئەنقەرە، ئەزمیر، ئەستانبول)دا دەژین و هەروەها زەویدارە گەورەکانی کورد کە لە نێو بەشێکی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات خاوەنی نفوز و دەسەلاتن بەشێوەیەکی گشتی سەر بەم گرووپەن. بەگشتی ئەوان پەیوەندی تێکچەسپاوی ئابووری و سیاسییان لەگەڵ بۆرژوازی تورکیا بووە بەرامبەر بەرگری کردنیان لە سیاسەتی ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا، پلە و پایەی پڕ سوود لە حکوومەت و ئەنجوومەنی باڵای گەلی تورکیا و تێکڕای دایەرەکانی دەوڵەت بەدەست دەهێنن.

لەم کاتەی ئێستادا ئەم ناوەندە نیشانە و سومبلی دڵخۆشی جەماوەری کورد نین چونکە لە نێوان ئەم جەماوەرەدا پەرەسەندنی هۆشیاری میللی، بیری سیاسی و مەیلی خەباتکردن لە پێناو وەدەستهێنانی مافە

نەتەوەییەکان دەبینرێ.

لە سەرەتای هەشتاکاندا لەگەڵ دەستپێکردنی هاوکاری پارتە سیاسییەکانی کورد لەگەڵ هێزە چەپەکانی وڵات و لەناو ئەمانەشدا پارتی کۆمۆنیستی تورکیا قۆناغێکی چۆنێتی نوێ لە خەباتی کوردەکانی تورکیادا هاتە ئاراوە.

لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی ئەم حزبانە، تەشکیلاتی (یەکێتی چەپی تورکیا و کوردستانی تورکیا) لە دیسامبەری ١٩٨٤ دا لە دایک بوو و بەڵام لەبەر جیاوازی بیروڕا، ئەم تەشکیلاتە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ دا لە بەریەک هەڵوەشایەوە. لە کۆتایی هەشتاکاندا پارتە کوردییەکان هەوڵیان دا بزووتنەوەی خۆیان لەگەڵ یەکدا بسازێنن یان بڵێین هاوکاری یەکدی بکەن. لە حوزیەرانی ساڵی ١٩٨٨دا بەرەی ئازادی بەخشی کوردستان (Tevger) لە سوێد دا دروست بوو. حەوت پارت و گرووپی سیاسی کوردستان چوونە ناویەوە. ئەم بەرە بۆ تێکڕای پارتە کوردییەکان پێشنیاری کرد تا لە تێکۆشانیاندا بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلی کورد یەکبگرن. ئەم بەرە سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سازمانەکانی دیکەی سەر بەو سازمانە و وڵاتە دیموکراتی و ئاشتی دۆستەکان و پارتە دیموکراتی و ئەنجوومەنە مرۆڤایەتییەکان و یەکێتییەکانی ژنان و لاوان و تێکڕای مرۆڤە شەریفەکانی بۆ هاریکاریکردنیان لەگەڵ خەباتی گەلی کورد دا بانگهێشت کرد. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم داواکارییانە ئەنجامێکی سیاسی واقیعیانەی بەدەست نەهێنا.

سیاسەتی شۆڤێنێستی ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا لەمەڕ مەسەلەی کوردەوە لە دوایین قانونی بنچینەیی قبوڵ کرا لە ڕیفراندۆمی (٧)ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٢دا دەنگی بۆ درا. قانونی بنچینەیی ئێستای کۆماری تورکیا هەروەکو قانونی بنچینەیی پێشوو ئاواتەکانی گەلی کوردیان نەگرتۆتە بەر چاو و مافی نەتەوەییان بەڕەسمی ناناسن. جگە لەم



قانونە بنچینەییە نیشانگەری یان ئامانجی سیاسەتی قانونی تاواندنەوەی کەمە نەتەوەکان لە لایەن ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی تورکیاوە لەمەڕ کەمە نەتەوەکانی تورکیا دەگیرێتەبەر.

قانونی بنچینەیی ساڵی ١٩٨٢ بەئاشکرا یەکسانی تەواوی هاوڵاتییان لە بەرامبەر قانوندا ڕادەگەیەنێ. هەروەکو لە پێشەکییەکەیدا هاتووە و دەڵێ: (هەر هاووڵاتییەکی تورکیا) "(ترک وطن داشی)" لە مافی ژیانێکی ئابڕوومەندانە لە لایەنی فەرهەنگی نەتەوەیی، پێشکەوتن، ڕژێمی قانونی و پێگەیشتنی ماددی و مەعنەوی خۆیدا سەرپشکە. لە مادەی (١٠)دا هاتووە کە هەموو چاوپۆشینێک لە جیاوازی زمان، نەژاد، ڕەنگی پێستیان، دیدی سیاسی، جیهانی فەلسەفی، ئاین، ڕێباز... هتد لە بەرامبەر قانونی بنچینەیی یەکسان دەبن.

لەگەڵ ئەمەشدا بەڕێگایەکی دیکە قانونی بنچینەیی وانیشان دەدا کە هەتا ئەو یەکسانییە ڕووکارەش تێدا نییە. بەم جۆرە لە پێشەکی شان بەشانی تێگەیشتنێکی دیکە باس دەکرێ (مافی دەسەڵاتدارێتی بەبێ هیچ چەند و چوونێک تەنیا پەیوەندی بەمیللەتی تورکەوە هەیە). ئەم حوکمە لە ژمارەیەک مادەی دیکەدا تەواو دەبێ: (دەسەڵاتی قانوندانان بەناوی میللەتی تورکەوە بەئەنجوومەنی باڵای گەلی تورکیا پەیوەندی دەبێ (مادەی ٧)) (دادگای دەسەڵاتدار بەناوی میللەتی تورکەوە کار دەکا...) (مادەی ٩) (هەر تورکێک مافی ئەوەی هەیە ببێتە فەرمانبەری دەوڵەت) (مادەی ٧٠). (هەر تورکێک تەمەنی بە ٣٠ ساڵ بگا دەتوانێ وەک نوێنەری ئەنجوومەن هەڵبژێردرێ) (مادەی ٧٦).

کەواتە دەبێ غەیرە تورکێک چی بکا؟ ڕوون و ئاشکرایە کە بەپێی قانونی بنچینەیی تورکیا تەنیا تورک لە تورکیادا دەژین. قانونی بنچینەیی هەوڵدەدا تێکڕای هاووڵاتییانی تورکیا بەهەموو میللەتە جۆراوجۆرەکانییەوە تەنیا بەتورک بزانن، ئەمە لە کاتێکدا کە نزیکەی ٣٠

میللەتی جیاجیا کە ژمارەیان لە ١٥ ملیۆن زیاتر دەبێ لەم وڵاتەدا دەژین. مادەی ٦٦ دەڵێ: (هەرکەسێ کە لەناو ئەڵقەی هاووڵاتییێتی دەوڵەتی تورکیادایە تورکە). لە مادەی ٤٢دا هاتووە: (نابێ لە دامەزراوەکانی فێرکردندا هیچ زمانێک جگە لە زمانی تورکی وەک زمانی دایک بگوترێتەوە). مافی فێربوون و قسەکردن بەزمانی دایک بۆ مندالانی کەمە نەتەوەکانی دیکە و لە وانەش نەتەوەی کورد نییە.

هەر لە هەمان مادەدا هاتووە (ناوەرۆکی بڕیارەکە لێرەدا قسە لەسەر مادەکانی ٤٤-٣٧ی پەیمانی ئاشتی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ دەکرێ کە پەیوەندی بەکەمە نەتەوە ناموسڵمانەکانەوە هەیە. تورکیا بەپێی مادەی ٣٧ی ڕێککەوتننامەکە ناچارکراوە کەوا ناوەرۆکی مادەکانی ٣٨-٤٤ قبوڵ بکا و نابێ هیچ جۆرە هەنگاوێکی قانونی و ڕەسمی جیاواز لەگەڵ ئەم مەرجانە بەکار بهێنێ. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا حکوومەتی تورکیا بەردەوام سنووری ئەو پەیمانانەی ناو ئەو ڕێککەوتننامەی بەزاندووە و هەندێ لە ناوەرۆکی قانونی بنچینەیی ساڵی ١٩٨٤ گەواهی ئەم ڕاستییە دەدەن.

جاران پەخشنامە جیاجیاکانی حکوومەتی تورکیا پەیوەندییان بە قەدەغەیی بەکارهێنانی تێکڕای زمانەکانی غەیرە تورکیەوە بوو لەگەڵ ناوەرۆکی یاسایی قانونی بنچینەییدا نەدەگونجا ئێستا ئەم سیاسەتە لەسەر بنچینەی مەودای فۆرمەلەکراو دارێژراوە و بەتایبەتی لە چوارچێوەی قانونی بنچینەییدا جێبەجێ دەکرێ. هەروەک لە مادەی ٢٦دا هاتووە: (بۆ بلاوکردنەوە و خستنەڕووی بیروڕای خۆتان بەپێی قانون نابێ سوود وەربگیرێ). لێرەدا ئاشکرایە کە بەزۆری مەبەست لە زمانی کوردییەوەیە. لە مادەی ٢٨ی قانونی بنچینەیی ساڵی ١٩٨٢دا هاتووە کە: (بەپێی قانون بلاوکردنەوەی بلاوکراوە بەزمانە قەدەغەکراوەکان ڕێگای پێ نادرێ). ناوەرۆکێکی لە قانونی بنچینەیی ساڵی ١٩٦١دا بوونی نییە.



سەردەمی زوو هەرچەندە کە بلاوکراوەی کوردی زۆر دەگمەن بوو بەلام دیسانەوە شتهایەک هەرچاپ دەکرا بەلام ئێستا قانونی بنچینەیی بەشێوەیەکی قانونی ئەوەی بەقەدەغە ڕاگەیاندووە.

قانونی بنچینەیی ئێستا بەسنووردارکردنی سەفەر و گوێزانەوە و گوازەگواز لە وڵاتدا زەمینەی کۆچێکی نوێ دەرەخسێنێ. لە مادەی ٢٣دا هاتووە: (ئازادی گوێزانەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە هەیە بەلام بەمەبەستی پشتگیری کردن لە تاوان، مسۆگەرکردنی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی و ئابووری، وەدیهێنانی ئاوەدانی و شارستانی و پاراستنی ماڵ و سامانی دەوڵەت بێ). چەند قانونێکی دیکەی لەم جۆرە لە ساڵانی (٢٠و٣٠)دا لە دژی کوردان بەمەبەستی ڕاگوێزانیان لە زێد و وڵاتیانەوە بەرەو ناوچە و ولایەتەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوا بڕیاری لەسەر درابوو.

ئامانجی سیاسی دانەرانی قانونی بنچینەیی ساڵی ١٩٨٢ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی چینایەتی و دیموکراتی و هەروەها بزووتنەوەی خەڵکی کورد بوو. هێنانەوەی قانونی بنچینەیی (تەئکید کردنەوەیە لە لایەن ئێمەوە-م. گ). مادەی ١٤: (هیچ یەکێک لەو ئازادییانەی لە قانونی بنچینەییدا لەبەر چاو گیراون ناتوانێ بەمەبەستی تێکدانی یەکێتی دەوڵەت، یەکێتی وڵات و گەل ترس بۆ سەر بوونی دەوڵەت و کۆماری تورکیا بەکار بهێنرێ). مادەی ٦٨: (پەیڕەو و پرۆگرام و بەرنامەی حزبە سیاسییەکان نابێ لەگەڵ یەکێتی دەوڵەت و وڵات و میللەت جیاوازبێ). مادەی ١٢٢ (ئەگەر هات و هەڵسوکەوت و کردەوەی زەبروزەنگ ئامێز لە ناوەوە و دەرەوە هەڕەشە لە یەکێتی وڵات و میللەت بکات ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانێ لە ولایەتەکاندا بەشێوەی جیاجیا یان لە سەرجەمی وڵاتدا باری نائاسایی ڕابگەیەنێ). بەپێی مادەی ١٤٣ دادگای ئاسایشی دەوڵەت بۆ لێکۆڵینەوە لە کار و کردەوەی پێچەوانە لەگەڵ یەکێتی وڵات و یەکێتی میللەت و ئاسایشی ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەت دادەمەزرێندرێ.

لە ڕاستیدا قانونی بنچینەیی بوونی مافە میللییەکانی گەلانی غەیرە تورک لەبەر چاو ناگرێ. دەسەلاتدارانی تورکیا بنچینەی قانونیان بۆ بەرەو پێشەوە بردنی سیاسەتی (تاواندنەوەی گەلان) یان کەمە نەتەوەکانی دیکە و لە وانەش کورد، دارشت. بەپێی قانونی بنچینەیی لە مانگی مای ساڵی ١٩٨٣دا قانونی جێگیرکردنی میللی (ملی اسکان یاساسی) بڕیاری لەسەر درا. بەپێی ئەم قانونە حکومەتی تورکیا دەتوانێ بەبیانووی (ئاسایشی میللەت) دانیشتوانی ناوچەیەک بۆ جێگایەکی دیکە بگوازێتەوە. بەپێی دەنگوباس و هەواڵەکانی بلاوکراوە کوردییەکان لە دەرەوەی وڵات ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کوردەکان بەپێی قانونی ناوبراو بۆ ڕۆژئاوای وڵات دوور دەخرێنەوە.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٣ قانونی بلاوکردنەوە بەغەیری زمانی تورکی (قانونی ژمارە ٢٩٣٢) بڕیاری لەسەر درا. ئەم قانونە لە ٨ مادە پێکهاتووە و لە خوارەوە چەند نموونەیەکیان لێ دەهێنینەوە.

مادەی یەکەم بنچینە و بڕیارە پەیوەندارەکان بەبلاوکردنەوە بەزمانە قەدەغەکراوەکان دەخاتە ڕوو. مادەی دووەم بلاوکردنەوەی بیروبۆچوون بەزمانێک کە زمانی ڕەسمی دەوڵەتان نەبووە و لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەڕەسمی نەناسراوە قەدەغە دەکا، مادەی سێیەم زمانی تورکی بەزمانی دایکی هاووڵاتییانی تورکیا دەناسێ. ئەم قانونە هەرجۆرە چالاکییەکی بۆ بەکارهێنان و پڕوپاگەندە بەزمانی دیکەی غەیرە زمانی تورکی وەک زمانی دایک قەدەغەکرد. مادەی چوارم زیندانی (١-٣) ساڵی بۆ چالاکییەکانی بەپێچەوانەی قانونی ناوبراو بڕیار داوە.

لە ڕاستیدا قانونی ژمارە ٢٩٣٢ سوود وەرگرتن لە زمانی کوردی لە تێکڕای مەیدانەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی لە تورکیادا قەدەغە کرد. جگە لەمەش قانونەکانی (١٤١-١٤٢) و قانونی سزادانی دیکەی تورکیا و هەروەها ناوەرۆکی پەیوەندار بەقانونی چاپ و قانونی



پەیوەندار بەپارتە سیاسییەکان هەن کە مافە نەتەوایەتییەکانی کوردی لە تورکیادا دادەڕووشاند. حکوومەتەکانی تورکیا لە دژی کورد هەنگاوی دیکەشیان ناوە. بەپێی هەواڵەکانی بلاوکراوەکانی تورکیا ناوی ٨٠٪ی گوندەکانی خواروی ڕۆژهەلاتی ئەنەدۆڵ لە دوای کۆدێتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠دا گۆڕدراون. لە وانە ناوی کوردی ٣٧٥ گوند لە کۆی (٥٨٨) گوندی ولایەتی ئاگری، ٤٢٦ گوند لە ولایەتی وان، ٢٨٩ گوند لە کۆی (٣٦٣) گوند لە ولایەتی موش، ٢٢٩ گوند لە کۆی (٢٧٣) گوند لە ولایەتی بەتلیس و هەموو ناوەکان بەناوی تورکی گۆڕدراون. هەموو ئەم کارانە بەبیانووی (مسۆگەرکردنی ئارامی و ئاسایش) ئەنجام دران. لە سەرەتای ئەپریلی ساڵی ١٩٨٥دا بەخستنە سەری (٢) خاڵی تەواوکەر بۆسەر قانونی گوند (پاسدارانی گوندان) دامەزرا. (پاسدارەکانی گوندان) دەبووایە بەشێوەیەکی ڕەسمی پارێزگاری گوندنشینەکان بکەن لە هەموو جۆرە دەستدرێژییەک بۆ سەر ژیان و سامانیان. دەوڵەت چەکی بەسەر دابەش کردن و پاداشتی پولی بۆ دیاریکردن. بەلام بەخێرایی (پاسداران)ی تازە بابەت لەژێر پەردەی گەڕان بەدوای تیرۆریستان دەستیان بە دەستدرێژی کردنە سەر خەڵکە بێ دیفاعەکە کرد. ئەمە بووە هۆی ناڕەزایی دەربڕین نەک هەرتەنیا لە نێوان زۆربەی جەماوەری دانیشتوانی ناوچەیی بەڵکە نوێنەرەکانی توێژەکانی سەرەوەی کوردیشی گرتەوە. هەروەکو دورماز ئاغای سەرۆکی عەشیرەتەکانی ئادیان کە لە ولایەتی سیرت دەژیا لە فێبریوەری ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ دەستەیەکی زۆری پیاوانی خۆی چوونە ئەنقەرە و لەگەڵ شکایەتکردن لە (پاسدارانی گوندان) سەریان لە بەرپرسانی دەوڵەت دا و داوایان لێکردن کە خەڵکی سنوورەکە لە بەڕەڵایی ئەوان بپارێزن.

دەسەلاتدارێتی تورکیا و هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەنگاو هەڵهێنانێکی توندی سەربازی لە دژی گەلی کورد لەگەڵ زنجیرەیەک

تۆمەت هەوڵیان دا، کە بزووتنەوەی کورد ڕیسواکەن. یەکێک لە دیارترین ئەو تۆمەتانە پارچەکردنی تورکیا بوو لە لایەن کوردەکان. بەڵام حکوومەت تەنیا خۆی بەپڕوپاگەندە دژی کوردەوە نەوەستا و لەم ساڵانەی دواییدا عەمەلیاتی سەربازی لە دژی کوردان گوڕوتاو پێدا. لەم عەمەلیاتانەدا هێزە سەربازییەکان، هێزەکانی ئاسایش، دەستەی (کۆماندۆ)، جاش (پاسدارانی گوندان) بەشدارییان کرد و لەگەڵ پڕوپاگەندە هەستی کۆمەڵانی خەڵکیان لە دژی بزووتنەوەی کورد دەورووژاند. ئامانجی عەمەلیاتی سەربازی هێزە چەکدارەکانی تورکیا سەرکوتکردنەوەی کوردان و تەواوی هێزەکانی چەپ لە ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بوو. لە بەیاناتی کەسایەتییەکانی دەوڵەتی تورکییەوە لێکدانەوەی چاپەمەنی لە بارەی عەمەلیاتە سنووردارەکانی سەربازی لە ناوچە کوردنشینەکاندا باس هەرباسی (جیاخوازی)، (ترسی دابەشکردنی وڵات) و بوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی (کۆمۆنیستی) و (مارکسیستی) بوو کە گوایە پاڵپشتی کوردەکان دەکەن. ئاژانسەکانی ئەنادۆڵ وەربگرە بەردەوام هەواڵ و دەنگوباسیان دەدا کە باس هەر باسی کەم نەبوونەوەی بارگرژی ولایەتەکانی خوارووی ڕۆژهەڵات بوو. ١٠ ساڵە کە پێکدادانی چەکدارانەی سەربازی تورکیا، (پاسدارانی گوندان) لەگەڵ هەندێ (دەستە و تاقم)ی کورد و بەتایبەتیش لەگەڵ لایەنگرانی پارتی کارگەرانی کوردستان (پ.ک.ک)دا بەردەوامە و دەوڵەت لەسەر هێرشەکانیان بۆ سەر، گوند، دامەزراوە سەربازی و، بەدیل گرتنی هێزەکانی مەرزی و ئەنجامدانی عەمەلیاتە تیرۆرستییەکانیان مودەعیە بەپێی هەواڵی ڕادیۆ و چاپەمەنییەکانی تورکیا لە ١٩٩٠/٦/١٠دا لە ئەنجامی هەڵمەتی پێشمەرگەکانی پارتی کارگەرانی کوردستان ٢٦ کەس کە لە ناویاندا (١٢) منداڵ و ٧ ژن لە گوندی گرە (چوریملی) ناوچەی شرناک کوژران. حکوومەت دەستی بەچالاکی دژی کورد کرد. نوێنەرانی تورکیا داوایان لە



ڕای گشتی دەرەوەی وڵات کرد کە ئەم کارە مەحکوم بکەن و پشتگیری لەو تیرۆرستانە نەکەن کە حکوومەتی تورکیا لەگەڵیاندا لە جەنگدایە. بەڵام زۆر بەڵگە هەیە ئەمە نیشان دەدەن کە ئەم کارە خوێناوییە لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نەکراوە بەڵکە لە لایەن (کۆماندۆ)ی تایبەتی مەشق پێکراوی تورکیاوە ئەنجام دراوە. نوێنەری (پ.ک.ک) لە ئەوروپا لە ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٠دا ئەم مەسەلەیەی ئاشکرا کرد. دەنگۆ ڕەسمییەکان لەگەڵ پەنابردنە بەر دروستکردنی کۆسپێکی زۆر لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە بۆ گەیشتن بەڕاستییەکانی ئەم ڕووداوە جێگای گومانە. سەردانە تایبەتییەکەی فەهیم ئەشقیلاری سکرتێری گشتی پارتی کاری مەردوم، سمایل بێشکچی زانا و کۆمەڵناسی دیاری تورکیا و نوێنەرانی پارت و بزووتنەوە سیاسییە جیاجیاکانی کورد و بەوانەشەوە کە ڕەخنەیان لە کاری توندڕەوانەی (پ.ک.ک) دەگرت، تاوانبارکرد. کۆمسیۆنێک لە نوێنەرانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان دروستکرا کە لە شوێنی ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و بەو ئەنجامە گەیشتن کە هێزە ناوچەییەکانی ئاسایشی دەوڵەتی بەئەگەرێکی زۆرەوە دەستیان لەم کارە تێکدەرانە هەیە. دەبێ دووپاتی بکەنەوە کە لە ساڵانی ڕابردووشدا کاری لەم جۆرە لەلایەن دەوڵەتەوە کراو حکوومەتەکانی تورکیا لە مۆتەکەی (زۆرانبازی لەگەڵ تیرۆرستان) بۆ دروستکردنی یەکێتی تەواوی هێزەکانی ڕاست و کۆنەپەرست بەمەبەستی ئاڕاستەی سیاسەتە شۆڤێنییەکانیان سوودیان لێ ببینن.

حکوومەت بەداوای تیرۆریزم هەوڵی دا میللەتی تورکیا هەترەش ڕژاو بکا هەست و هۆشیان لە دژواری و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان دوور خاتەوە. حکوومەتەکانی تورکیا لە جەوهەردا توانای بەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیایان بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە نییە. لە ١٩ی یولی ساڵی ١٩٨٧دا دوای نۆ ساڵ و هەندێک حکوومەتی سەربازی لە

ولایەتەکانی دیاربەکر، سیرت، ماردین و هەکاریدا هەڵوەشایەوە و لەجیاتی ئەوە باری نائاسایی بەر قەرار کرا. لەسەر بنچینەی بڕیارە یاساییەکان کە لە لایەن حکومەتەوە لەمەڕ باری نائاسایی ناوچەکەوە بڕیاری لەسەر درا، فەرمانداریەک کە لە ٨ ولایەت پێکهاتبوو: (ولایەتی دیاربەکر، سیرت، ماردین، هەکاری، تونجلی، بینگول، وان و ئەلازیگ)، هاتەکایەوە. دەسەڵاتێکی زۆر بەم فەرمانداریە درا کە چەند نموونەیەکی لێ دەخەینە بەرچاو:

١- لەژێر ڕکێف گرتنی دامەزراوەکان، ساختمانەکان، هۆیەکانی بار و گواستنەوە و کارمەندان و کادیری ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە.

٢- دەسەڵات گرتن بەسەر ئۆرگانەکانی ئاسایشی دەوڵەتی ناوچەکە.

٣- داواکردنی یارمەتی لە هێزە چەکدارە جێگیرەکانی ناوچەکە.

٤- سەرخستنی پلەوپایە ڕەسمییەکان جگە لە پلەوپایەی جەندرمە، قازی و دادگاییەکان.

٥- ئەنجامدانی مشووری ئیداری پەیوەندی بەگوندەکان و بەرژەوەندییەکانیان.

٦- بەکارهێنانی هێزەکانی ژێر دەسەڵات لە کاتی پێویستدا بۆ ئەنجامدانی عەمەلیات لە ولایەتەکانی هاوسێدا.

٧- زیادکردنی کرێی کارمەندانی ژێر فەرمان بەپێی میزانی ١٠-٢٥٪ تا ئاستی زۆرترین مافی یەک کارمەندی دەوڵەتی.

٨- ڕێکخستنی پەروەندی خزمەت بۆ یەک بەیەکی کارمەندانی ژێر دەسەڵات و غەیری ئەوان.

بەم جۆرە فەرمانداری کاروباری نائاسایی کە لە بنچینەدا تەواوی دەسەڵاتەکانی لە ولایەتەکانی ناوبراو لەسەرەوە گرتۆتە دەست و بۆتە



خاوەنی دەسەڵاتێکی بێ سنوور بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەی دیموکراتی کورد. ئەم بڕیارنامەیە بەسوود وەرگرتن لە پشتگیری قانون و فرمانی قانونی کردنی سیاسەتی شۆڤێنیستی دژی گەلی کوردی لە وڵاتدا گرتە ئەستۆ.

لە سەرەتای مانگی مای ساڵی ١٩٩٠دا فەرمانداری کاروباری نائاسایی لە ناوچەکەدا چەند بڕیارێکی دا کە بەپێی ئەو بڕیارانە لەو ولایەتانەی کە ئەم باری نائاساییە دەیانگرێتەوە واتە (بینگول، دیاربەکر، ئالازیگ، هەکاری، ماردین، سیرت، تونجلی، وان، ئادیامان، بەتلیس، موش) هەرجۆرە کارێکی بێ مۆڵەتی تایبەتی لە زەمینەی قەدەغەکردن، لە سەرەخۆ کارکردن، خۆپیشاندان، لە کارخستنی دامەزراوەکان قەدەغە دەکرێ.

ئەنجومەنی باڵای گەلی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٠دا بەمەبەستی خەباتێکی سەرکەوتووانە لە دژی (تیرۆریزم) قانونی گۆڕینی ناحیەی شەرناک و باتمان بەولایەت ڕاگەیاند کە ژمارەی ئەو بڕیارانە بەم کارەی دواییان گەیشتە (٧٣). جگە لەمە بەپێی قانونی پێنج ناحیەی نوێ لە ماردین، سیرت، ساکار، ئەرزرۆم و قەیسەری دروست کرا. لە لایەکی دیکەوە چەقی خەبات لە دژی تیرۆریزم بەپێی ٥٠ هەزار سەربازی (ئارامکەرەوە) لە دیاربەکرەوە بۆ باتمان گوێزرانەوە.

تا کۆتایی دەیەی ٨٠ دەسەڵاتدارێتی تورکیا نکۆڵی لە بوونی مەسەلەی کورد و بوونی گەلی کورد دەکرد. ئێستا ئەوان ناچاربوون بایەخ و گرنگی ئەم مەسەلەیە قبوڵ بکەن و پێشی ڕابگەن. هەروەکو لە مانگی مای ساڵی ١٩٩٠ ئەردال ئینوند سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی گەل لەو سەردانەی کە بۆ ولایەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتدا کردی لە دیاربەکردا ڕایگەیاند (کە مەسەلەی کورد.. مەسەلەی دیموکراتییە لە وڵاتدا... هیچ جۆرە پێویستییەک بەوە ناکا کە هەموو بەیەک زمان بدوێن). لە درێژەی

قسەکاندا گوتی ڕوخسەتدان بەقسەکردن بەزمانی کوردی مانای چاوپۆشین و لێبوردن لە پارتی کارگەرانی کوردستان نییە. لە وتەیەکی دیکەشیدا لە هەمان میتینگی کە لە دیاربەکردا هەیبوو بەمیللەتی گوت: (ڕەنجی ئێوە ڕەنجی ئێمەیە... من قسە دەدەم کاتێ کە بەحوکم دەگەین بەپێی لەبەر چاوگرتنی هیچ جۆرە جیاوازییەک بەشێوەیەکی یەکسان هەڵسوکەوت لەگەڵ تێکڕای هاووڵاتییان دەکەین... لەم ناوچەیەدا دەبێ هەموو کەسێک بێ گیروگرفت بەزمانی دایکی قسەبکا، گۆرانی بڵێ و گوێ بۆ گۆرانییە کوردییەکان ڕادێرێ. نابێ ئێمە ناو لەو خەڵکانە بنێین جوداخواز). هەروەها دیسانەوە گوتی: لە کاتی گەیشتنە حوکمەمان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەرمایە زیاتر دەخەینە کار بەڵام دژی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ وڵات پارچە بکەن خەبات دەکەین. لەگەڵ تێکڕای ئەمانەشدا لە گرتنی بەدری ئایسل گۆرانی بێژی بەناوبانگی تورکیا کە لە ئێوارە دەعوەتی فەخری ئەردال ئینونو بەزمانی کوردی گۆرانی گوت لای حکوومەت هیچ واستەیەکی بۆ نەکرد. دنیز بایکالی سکرتێری گشتی پارتی (سۆسیال دیموکراتی گەل)یش سەفەرێکی بۆ ولایەتەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی وڵات هەبوو. ئەو لە یەکێک لە وتەکانیدا ئاماژەی بە دامەزراندنی پەیمانگای کوردی لە وڵاتدا کرد بۆ خەریکبوون بەمێژوو و فەرهەنگی خەڵکی کورد. ڕابەری پارتی سۆسیال دیموکراتی گەل لە کاتی بەڕێکردنیدا لە ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتدا هەواڵێکی لە بارەی باری دژواری ژیانی خەڵکی لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ئامادەکرد و ڕازیبوونی خۆی بۆ خوێندن بەزمانی کوردی هاوسان لەگەڵ زمانی تورکیدا لە ڕێکخراوەکانی پەروەردەی وڵاتدا ڕاگەیاند.

ئەو ئامادەیی خۆی دەربڕی کە چاو بەو بڕیارەیدا بخشێنێتەوە کە بۆ دەرکردنی نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی باڵای گەلی تورکیادا دابوونی کاتێ کە نوێنەرانی ناوبراو بەشدارییان لە کۆنفرانسی نێو نەتەوەیی



(کوردەکان، مافی مرۆڤ و ڕەسەنی فەرهەنگی)دا کردبوو کە لە (١٤ تا ١٥)ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٩دا لە پاریس سازکرابوو. لەگەڵ ئەم حاڵەشدا حکوومەت هەر درێژەی بەکار و کردەوەی سزادانی ئەم نوێنەرە (سەرپێچیکەرانە)دا. هەروەکو کۆمسیۆنی هاوبەشی قانونی بنچینەیی- قەزایی لە سەرەتای مانگی مای ساڵی ١٩٩٠ لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی حەسانەی پەرلەمانی ٤ نوێنەر (تۆفیق کۆچاک، عەدنان ئاکمن، ئیبراهیم ئاکسوی، محەمەد عەلی ئارین) بەتاوانی پڕوپاگەندەی جوداخوازی و چالاکی لەمەڕ دابەشکردنی وڵات ڕای خۆی دا.

لە مارسی ساڵی ١٩٩٠دا سەرۆک کۆمار، تورگوت ئۆزال لەم بارەوە لەگەڵ دانی کارتی (بلانش) فەرمانی بەفەرمانداری ناوچەکە دا بۆ ڕاگەیاندنی باری نائاسایی.

لەم فەرمانەدا دەسەڵاتی کاری وەک دوورخستنەوەی کەسان لە زێدیان، داخستنی چاپخانەکان و بڵاوکراوەکان، دوو هێندە ماوەی جەزای (تاوانەکانی) بەبیانووی جوداخوازی بەفەرمانداری ناوچەکە دا.

مەسەلەی کورد لە وڵاتدا لەگەڵ ئەم هەموو کارانە و کاری ڕەگەز پەرستانەی دیکەوە بەمەبەستی سەرکوتکردنی هەر جۆرە دیاردەیەکی (جوداخوازی کورد) بوو و بووە بابەتی لێکۆڵینەوەی فراوان. سەرۆک کۆمار تورگوت ئۆزال لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئەزڤیستیا) لە (٥)ی حوزیەرانی ساڵی ١٩٩٠ لە بارەی مەسەلەی کوردەوە گوتی: (ئەمە گرفتێکی کۆن و زۆر ئاڵۆزە. ئیمڕۆ نەتەنیا سەرنجی ڕای گشتی تورکیا بەڵکە ڕای گشتی جیهانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئێمە وای بۆ دەچین کە تەنیا بەڕێگای ئاشتییانە ئەم مەسەلەیە دەکرێ چارەسەر بکرێ. ئەم ڕێگاچارە دەبێ بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و ئاشتییانە و ڕێگاگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوە و تیرۆریزم و ئەنارشیزم بێ)... سەرۆکی مەملەکەت بۆ یەکەم جار لە مێژووی بوونی کۆماری تورکیا بایەخی مەسەلەی کوردی

قبوڵ کرد و بۆ چارەسەری ئاشتیانەیشی هیواداری خۆی پیشان دا. لە لایەکی دیکەوە سەرۆک کۆمار ئەوەی دووپات کردەوە کە سوود لە هەموو شێوە و ڕێگایەک وەربگیرێ بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵات. ئەو گوتی: (میللەت دەبێ بزانێ: کە هیچ هێزێک ناتوانێ یەکپارچەیی کۆماری دیموکراتی کە بەهۆی ئەتاتورکی گەورە دامەزراوە و لە چوارچێوەی سنوورەکانی میللەت و بەنرخی ژیان و خوێنی خەڵکی تورک دروستکراوە، بشکێنی و من ڕادەگەیەنم کە یەکپارچەیی کۆمار لەگەڵ سوود وەرگرتن لە تێکڕای ئەو شێوانەی دەلوێ و بێ چەند و چۆن لە چوارچێوەی قانونی بنچینەییدا دەپارێزرێ). سەرۆک کۆمار لە دوای تەواوکردنی ئەم خواستە دووپاتی کردەوە کە: (بۆ ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵات خستنەکاری سەرمایە بۆ ماوەی دوورودرێژ و بایەخ پێدانی زیاتر بۆ گەشەسەندنی ئابووری ناوچەکە پێویستە. لە جەوهەردا تێکڕای ئاڵۆزی باری میللەت لە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتدا لە دواکەوتەییەوە هاتووە. بەمسۆگەرکردنی خۆشگوزەرانی و شارستانییەت لە وێدا، من دڵنیام کە ئەم مەسەلە خۆی لە خۆیدا چارەسەر دەکرێ). بەم جۆرە ڕابەرانی تورکیا لە لێکدانەوەی مەسەلەی کورد وەک گرفتێکی ئابووری بەردەوام دەبن و ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا بێ توانایی خۆیان بۆ وەرگرتنی هەندێ تەگبیری سیاسی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە لە وڵاتدا نیشان دا. تەنیا لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٠دا زیاتر لە هەزار کەسی کورد لە ولایەتە جیاجیاکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتدا دەستگیرکران. تا بەوە دەگا حکوومەت بەتۆمەتی سوود وەرگرتن لە زمانی دایک لە ڕاوەدوونانی کوردان بەردەوام بوو.

لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٠ دانیشتنی ئەنجوومەنی گشتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ سازکرا.

ویداد ئایدن نوێنەری دیاربەکر، ئەحمەد زەکی و ئوکچو ئۆغلو وەکیل،



مستەفا ئۆزۆن نوێنەری پارتی کاری گەل لە تەشکیلاتی دیاربەکر بەهۆی وتەدان بە زمانی کوردی لەم دانیشتنەدا دەستگیرکران. ویداد ئایدن لە بەردەم دادگادا ڕایگەیاند کە زمانی کوردی زمانی دایکیەتی و بەکوردی قسەکانی دەکرد. دادپەروەری دادگای ئاسایشی دەوڵەتی ئەنقەرە بەپێی مادەی ١٤٢ (بەندی سێیەم)ی قانونی سزای تورکیا لەبەر لاوازکردنی هەستی میللی داوای ١٠ ساڵ زیندانی بۆ کرد. لە دواتردا دادگای ئاسایشی دەوڵەت مستەفا ئۆزۆنی ئازادکرد.

نموونەیەکی دیکە.. موسا عەنتەر نووسەر و ڕۆژنامەوانی تەمەن ٨٠ ساڵە لە بەر بەشداری کردنی لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئینگلیزی لە ١٣ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٠دا کە تایبەت بوو بە خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە لە لایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتەوە بە تاوانی پڕوپاگەندە لە دەرەوەی وڵات لە دژی کۆماری تورکیا و لاوازکردنی هەستی میللی بە نائامادەیی(غیابی) حوکمی زیندانی کردنی درا.

لە ١٢ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٠ دا لە دیاربەکر ٤٤ نیشتمانپەروەری کورد بەهۆی بوونی پەیوەندییان بە(ڕێکخراوی نا قانونی جوداخواز) دادگایی کران. داواکاری گشتی داوای حوکمی لە سێدارەدانی (٧) کەس و زیندانی کردنی ماوەی (٣-١٥) ساڵی بۆ ئەوانی دیکە کرد. تەنگپێهەڵچنینی نیشتمانپەروەرانی کورد بووە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی ڕای پێشکەوتووخوازی تورکیا.

بۆ یەکەمین جار مەسەلەی کورد بوو بەبابەتی مشتومڕی یەکێتییەکانی وڵات. مونیر جەلالی سەرۆکی یەکێتی (پترۆل- ئیش) لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٠دا کۆبوونەوەی بەرفراوانی ئەنجوومەنی یەکێتی ڕاگەیاند کە بەبۆچوونی ئەو مەسەلەی کورد گرنگترین هۆکاری ڕەوەندی دیموکراتیزاسیۆنی وڵاتە.

حکوومەتی تورکیا لە هەلومەرجێکی وادا ناچاربوو دان بە مەسەلەی

کورد بنێ کە هەموو هاووڵاتیانی تورکیا بەشێوەیەکی یەکسان لە مافی بەرامبەریەکی بەرخوردارنین و لە پەیامێک کە بۆ یەکێتی ئەورووپای نارد دووپاتی کردەوە کە هاووڵاتیانی ولایەتەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی وڵات (ئالازیگ، بینگول، تونجەلی، وان، دیاربەکر، ماردین، سیرت، هەکاری، باتمان، شەرناک) ناتوانن لەو مافە بڕیاردراوانەی کە لە (ڕێککەوتننامەی پەیوەند بە بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان) کە لە لایەن تورکیاوە مۆرکراوە. سوودوەرگرن.

تورکیا بە بیانووی نائارامی لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و لە ترسدابوونی ئاسایشی میللەت لە ئەنجامی عەمەلیاتەکانی (تیرۆرستان) پاکانەی بۆ خۆی دەکرد. لەگەڵ ئەم حاڵەشدا ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا ملیان بۆ دانی هەندێ ماف دا. هەروەکو مەهدی زانا سەرۆکی پێشووی شارەوانی دیاربەکر کە بە تاوانی (بەرگری لە زمانی کوردی) دەستگیر کرابوو دوای بە سەربردنی دوو ساڵ لە زیندانی ئازادبوو.

زۆر لە نوێنەرانی پارتی دەسەڵاتداری (نیشتمان- وطن) نیگەرانی خۆیان لە بارەی ئەم جۆرە پلان و هەنگاوانە نیشان دا. ئەوان لەو باوەڕەدابوون هەرجۆرە لێبوردنێک لەم مەسەلە (یەکێتی زمان، ئاین و فەرهەنگ وەک ڕووکاری یەکپارچەیی وڵات) لاسەنگ دەکا و دەرگا بۆ داواکاری خاک و زەوی دەکاتەوە.

تورگوت ئۆزال لە کۆتایی تەموزی ساڵی ١٩٩٢ دا لە هەمان بارەوە لەگەڵ ٥٠ کەس لە نوێنەرانی پارتی (نیشتمان- وطن) لە ئەنجوومەنی باڵای گەلی تورکیا چاوپێکەوتنی هەبوو. لەو دیدارانەدا گوتی: گۆڕانکارییە قانونییەکانی کە مۆڵەت بەسوود وەرگرتن لە زمانی کوردی دەدا مەحکەمترین جێگا بۆ تورکیا لە پشت مێزی دانوستاندا مسۆگەر دەکا. ئێستا لەم کاتەدا هەرکەسێک بیەوێ بە کوردی بدوێ دەتوانی. قانون لە ساڵی ١٩٨٣دا لە سەردەمی حکوومەتە سەربازییەکان بەبڕیار



ئەمەی قەدەغە کردبوو. ئەوەی دووپات کردەوە کە کەس نابێ نیگەران بێ: زمانی تورکی وەک زمانی ڕەسمی دەمێنێتەوە، لە قوتابخانەدا بەتورکی قسەدەکرێ... و بەردەوام بوو کە کوردەکان لە هۆزە چیاییەکانەوە هاتوون... ئەوان بە تێپەڕینی ڕۆژگار کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی مادەکان و ئێرانییەکان لەبەرئەمە زمانەکەیان بە زمانی خێزانە هیندوئەورووپاییەکانەوە لکا.

لە سوریادا یەک ملیۆن کورد دەژین، لەگەڵ ئەمەشدا، حکوومەتی سوریا سوود لە کوردەکان دەبینێ. لێرەدا ١٠ ملیۆن کورد دەژین، واباشترە ئێمە زیاتر لە سوریا پشتگیری کوردەکان بکەین (نابێ ئێمە دەرفەتی سوود وەرگرتن لە کوردیان بدەینێ) (تەرجومان)(١٠٣١) (١٩٩١).

لائیحەی قانونی لەسەر زمانی کوردی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ دا پێشکەش بە ئەنجوومەنی باڵای تورکیا کرا و لە ئەپریل بڕیاری لەسەردرا. بەپێی ئەمە زمانی تورکی زمانی ڕەسمی دەوڵەتی تورکیا بووە و هەر هەموو داواکارییەک لە ڕێکخراوە دەوڵەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێ تەنیا بەزمانی تورکی بێ. تێکڕای ئەو داواکارییانەی کە پێچەوانەی ئەم قانونە بێ قبوڵ نەکراوە و بە ٢/٥ ملیۆن لیرە سزا ئاگادار دەکرێتەوە. کەسی بەرپرسیار کە داواکارییەکانی لەم جۆرە قبوڵ دەکا لە ٥ تا ١٠ ملیۆن لیرە سزا دەدرێ. لە لایەکی دیکەشەوە ماددەی شەشەمی لائیحەی قانونی (سوود وەرگرتنی ئازاد لە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە) لەبەر چاوگرت. ئەوان دەتوانن بەم زمانانە مۆسیقا لێبدەن لەسەر گرامافۆن و ڤیدیۆ کاسێتان و ڕێگای دیکە سوود وەرگرن. سوود وەرگرتن لە زمانی کوردی و زمانە ناوچەییەکانی دیکە لە بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هەروەها لە فیلم (مەبەستی فیلمی سینەماییە) بە قەدەغەیی ڕادەگەیاند، هەرکەسێ ئەم بڕیارانە ببەزێنی بەسزای ٢٥- ٥٠ ملیۆن تەمێ دەکرێ. بەم جۆرە ئەم قانونە بەهیچ شێوەیەک جیاوازکاری لە مەڕ زمان و فەرهەنگی

کوردی نەگۆڕی بەڵکە کەمێ پەردەپۆشی لەم بارەوە کرد، ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا لە هەمان کاتدا بەدەرکردنی ئەم قانونە هەوڵیان دا ڕای گشتی ناوەوە و دەرەوەی وڵات گومڕا بکەن، نارەزایەتی کوردەکان خامۆش بکەنەوە و پێگەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا بەهێز بکەن (لەوانەیە ڕۆڵی بەرگریکەری لە کەمە نەتەوەکانی عێراق بگرنە ئەستۆ) و بۆ ڕای گشتی جیهان کە تورکیا بەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار دەکا، بسەلمێنن، کە ئەوان ڕێز لە ڕەسەنایەتی فەرهەنگی کوردەکان دەگرن. ئەم قانونە مۆڵەتی بەکوردەکان دا کە لە ماڵەوە و لە حەوشەکانیان بەکوردی قسە بکەن. هیچ گۆڕانکارییەکی بەکردەوە لەم جێگایە نەهاتە ئاراوە. تورگوت ئۆزال لە قسەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە هۆیەکانی وروژاندنی دەسەڵاتدارانی تورکیا بەمجۆرە چاوپۆشینە ڕووکارانە لەمەڕ بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە گوتی: (ئەگەر ئێمە زمانی کوردی ئازاد نەکەین ئەوا لە دوای جەنگی کەنداوی فارس زۆر سەخت دەبێ بتوانین لە سەر مێزی دانوستان و گوتوبێژ دابنیشین.

لە سەرەتای فێبریوەری ساڵی ١٩٩١ مەکتەبی پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ئاماژەکردن بە کردەوەی حکوومەت بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو: «ئێمە لە هێزە ئیمپریالییەکان ناخوازین ڕوخسەتی قسەکردنی ئازادمان لە ماڵ یان لە باغەکانماندا یان سەدەقەی دیکەی لەم بابەتانەمان بدەنێ... ئێمە ئازاد و سەربەستانە دەژین تا گەیشتن بەم ئامانجە خەبات دەکەین. با دۆست و دوژمن ئەمە بزانن!» لە ١٤ی مایسی ساڵی ١٩٩١ دا ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەلجیکا بەیاننامەیەکیان لە بارەی مەحکوم کردنی سیاسەتی حکوومەتی تورکیاوە لە بارەی مەسەلەی کورد و نارازی بوونیان بە قبوڵکردنی تورکیا لە کۆمەڵگای ئەوروپا بڕیاردا. لە بەیاننامەکەدا هاتبوو کە:

ئەنجوومەنی نوێنەران داوا لە دەوڵەت دەکا تاوەکو بەسوود وەرگرتن لە



کەناڵەکانی کۆمەڵگای ئەوروپی، یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگاداری حکوومەتی تورکیا بکەنەوە کە داواکار بەڕاگرتنی دوورخستنەوەی کوردەکانی دانیشتووی ولایەتەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، نەهێشتنی باری نائاسایی لەم ولایەتانە، ڕێز لە مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی کوردەکان و تەواوی کەمە نەتەوەکانی دیکە بگرن. هەروەها پێشنیاز دەکا کە بەلجیکا نارازییە لە قبوڵ کردنی تورکیا لە کۆمەڵگای ئەوروپی تا ئەو کاتەی کە لەم وڵاتەدا مافی مرۆڤ پێشێلکرابێ مافی فەرهەنگی کوردان بەڕەسمی نەناسرابێ و هەروەها باوەڕ دەکرێ بەلجیکا وەک ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا بکا کە هەموو کارێکی پێویست بۆ خستنەڕوو و کۆڵینەوە لە مەسەلەی کورد لە کۆنفرانسی جیهاندا ئەنجام بدرێ.

ئەم بەیاننامەیە بووە هۆی نارەزایی پیاوانی سیاسی تورکیا و داواکردنیان بەچاوخشاندنەوەی تورکیا بەپەیوەندییەکانی لەگەڵ بەلجیکادا و تا وەکو باڵیۆزی خۆشیان لە برۆکسل داوا کردەوە. بەڵام ئەمە تەنیا لاف و گەزافێک بوو. حکوومەتی تورکیا داوای چوونە ناو کۆمەڵگای ئەوروپای دەکرد، ناچار بوو هەندێ هەنگاو بۆ دیموکراتیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات هەڵنێ. بەم جۆرە پەرلەمانی تورکیا دوای دانیشتنێکی دوور و درێژی کە تەواوی شەوانی ١١-١٢ئەپریل درێژەی کێشا و لائیحەی قانونی دەوڵەتی بڕیاری دا. لەم لائیحەیەدا جگە لە (لابردنی قەدەغە)ی کەلک وەرگرتن لە زمانی کوردی بڕگەکانی ١٦٣، ١٤٢، ١٤١، ١٤٠ی قانونی سزاکە سزای بیروڕا جیاوازەکان دەگرێتەوە، هەڵوەشاندەوە.

دەبێ ئەوەش بەبیر بێنینەوە کە بەپێی مادەکانی ١٦٣، ١٤١ی قانونی جەزایی تورکیا ١٠٠ هەزار کەس پەلکێشی دادگا کران و لە جوملەی ئەوان لە ڕۆژی ١٢ی سێبتەمبەری ساڵی ١٩٩٠دا (ڕۆژی کودەتای

سەربازی) تاکو شوباتی ساڵی ١٩٩١ دەعوا لە دژی زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس تۆمارکرا. ئاق بلوت سەرەک وەزیری تورکیا ڕایگەیاند کە بەپێی قانونی نوێ زیاتر لە ٢٤ هەزار زیندانی ئازاد دەکرێن.

لە هاوینی ساڵی ١٩٩١دا باری کوردستانی تورکیا سەرلەنوێ ئاڵۆز بۆوە. حکوومەتی تورکیا نیشتمانپەروەرانی کوردیان بەنواندنی چالاکی تێکدەرانە وا تاوانبار دەکرد کە کەلێن لە وڵاتدا دروست دەکەن.

ئەنقەرە بۆ ئەم کارە نەتەنیا لە بیانوویەک دەگەڕا بۆ سەرکوتکردنی کوردان بەڵکە هەوڵی دەدا کە گەل لە ڕاستە ڕێگای خەباتی بۆ مافە کۆمەڵایەتییەکان لادا. تورکیا لە ڕەهەندی سیاسەتی دەرەوە هەوڵی دەدا کە کاری هاوبەش لەگەڵ عێراق، ئێران و سوریا لە دژی نیشتمانپەرستانی کورد بکا.

بەپێی ڕێککەوتننامەیەک کە لە هەشتاکاندا لە نێوان تورکیا و عێراقدا مۆرکرا ڕێگا بەهێزە چەکدارەکانی تورکیا درا کە لە ئاسمان و زەوی تا قووڵایی ١٠-١٥کم ڕاوەدوی شۆڕشگێڕانی کورد بنێ. ئەم جۆرە عەمەلیاتانە بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەبۆوە.

لە تورکیادا ئەم کارە وا دەخرایە ڕوو کە گوایە ڕاوەدوی ئەو کوردانەی تورکیا دەنێن کە پاڵیان داوەتە باکووری عێراق.

لە لایەکی دیکەوە تورکیا هەوڵی دەدا تا فشار بخاتە سەر سوریا چونکە حکوومەتی تورکیا لەو باوەڕەدابوو کە حکوومەتی سوریا چاو لە (تیرۆرستانی) کورد دەپۆشێ و ماوەیان دەدا کە لەوێ بنکەکانیان دامەزرێنن و لە وێوە هێرش بۆ ناو خاکی تورکیا دەهێنن. نوێنەرانی حکوومەتی تورکیا دەستیان بە وتەدانی پڕ گەف و گوڕ کرد کە مەبەستیان سوریا بوو.

لە ئابی ١٩٨٧ دا تورگوت ئۆزال بۆ یەکەمین جار لە مێژووی



پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سوریادا لەپاش سەربەخۆیی سوریا سەردانی دیمەشقی کرد، لە ئەنجامی ئەو گوتوبێژانەی نێوانیاندا چەند پرۆتۆکۆلێکیان لە بارەی ئاسایش و هاوکاری ئابووری مۆرکرد. بابەتەکانی گوتوبێژەکانیان ئەو مەسەلانەبوون کە پەیوەندییان بەمسۆگەر کردنی ئارامی ناوچە سنوورییەکانی نێوانیانەوە هەبوو، لەگەڵ کەڵک وەرگرتن لە زەخیرەی ئاوی دیجلە و فورات کە سەرچاوەکانی لە تورکیاوە دێ و بایەخێکی زۆری بۆ تورکیا، سوریا و بەتایبەتیش عێراق هەیە، ئاشکرایە کە ئەنقەرە بۆ توندوتیژکردنی سیاسەتی سوریا بەرامبەر بەکوردان فشاری زۆری بۆ ئەم دەوڵەتە هێنا. لە سەرەتای مانگی مای ١٩٩٠دا یەلدرم ئاق بلوت سەردانی بەغدای کرد و گوتوبێژی لەگەڵ سەدام حوسێنی سەرەک کۆماری عێراقدا کرد. لە ئەنجامی ئەم سەردانەدا پروتۆکۆل گەلێکی ئابووری لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا مۆرکرا. وەک ئاشکراشە لە کاتی گوتوبێژدا مەسەلەی کوردیش قسەی لەسەرکراوە.

گۆتەگۆتێک لەمەڕ داواکردنەوەی پارێزگا بە نەوت دەوڵەمەندەکانی موسڵ و کەرکووک لە لایەن تورکیاوە بەرگوێ کەوت کە بەپێی بۆچوونی هەندێ ناوەندە توندڕەو لە ساڵی (١٩٢٦) ئەم ناوچانە بەهۆی بەریتانیای خاوەن شکۆ بەجۆرێکی نا دادپەروەرانە و بەزۆری لە کۆماری تورکیای لاو دابڕ کران.

تورکیا بەرەسمیی ئەم گۆتە گۆتەی بەدرۆخستەوە. تورگوت ئۆزال لە کاتی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٠دا نارەزابوونی خۆی لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی و گۆڕانی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق دەربڕی. ئەو ڕایگەیاند کە ئێران و سوریاش هەمان بۆچوونیان هەیە.

لە (١٠)ی ئەپریلی ساڵی ١٩٩١ دا نوێنەری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی تورکیا هەواڵی ئاژانسەکانی لە بارەی چوونە ناو خاکی عێراقی

هێزەکانی تورکیاوە دووپاتکردەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو دووپاتی کردەوە کە تەنیا (ژمارەیەکی کەمی سەرباز) سنوورەکانیان بەزاندووە و بۆ (پارێزگاری کردنە لە ڕاکردووانی کورد) و گێرانەوەی یاسا و دسپلینە ئەمەش تەنیا لە ناوچە سنوورییەکاندا بەپانی چەند کیلۆمەترێک چوونەتە ناو خاکی عێراقەوە.

ڕووداوەکانی خاکی کوردستانی عێراق بووە هۆی نیگەرانی ئێران و سوریاش، ئەو دەوڵەتانە هەوڵیان دەدا کە جلەوگیری لە کاریگەرێتی بزووتنەوەی کوردەکانی عێراق لەسەر کوردی وڵاتەکانیان بکەن.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی کۆماری ئێران بۆ دیدارێکی ڕەسمی چووە ئەنقەرە. گوتوبێژەکانی لەگەڵ تورگوت ئۆزالی سەرەک کۆمار لەسەر مەسەلەی پەنابەرە کوردەکانی عێراق بوو کە سەدان هەزار کەس لەم کوردانە لە سنوورەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیادا کۆببونەوە.

لە ناوەڕاستی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٩١دا دیداری بێ ئەنجامی تاریق عەزیز یاریدەدەری سەرەک وەزیرانی عێراق بۆ ئەنقەرە کۆتایی پێهات. بەپێی لێکدانەوە سیاسییەکانی سەرەک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند: (سەرەک کۆمار تورگوت ئۆزال دووپاتی کردەوە کە چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی مەسەلەی کورد تەنیا بەبەرقەراری سیستەمی دیموکراتی دەکرێ). لەگەڵ ئەمەشدا ڕابەرانی تورکیا لە سیاسەتی بەربەرەکانی کردنی کورد یان هەر بەردەوام بوون. لە لایەکی دیکەوە نابێ سیاسەتی ئەوان جیا لە گرنگی ژیۆپۆلێتیکی ڕۆژهەڵات و خوارووی ئەنادۆل، ستراتیژی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و ناتۆ بەگشتی لێی بکۆڵرێتەوە.

لە هەشتاکاندا ڕێککەوتننامە گەلێک لە نێوان ئەمریکا و تورکیا لەگەڵ پێشبینی بەرفراوانکردن و مۆدێرنیزکردنی سیستەمی سەربازگەکان و فرۆکەخانەکان و دروستکردنی دامەزراوی سەربازی نوێ بەدەستی ئەمریکا



لە تورکیادا و (بەزۆریش لە ڕۆژهەڵات) مۆرکرا.

لە ناوەڕاستی ژوئیە (تەموز)ی ساڵی ١٩٩١دا هێزە هاوپەیمانەکان، خاکی کوردستانی عێراقیان بەجێهێشت و بەرەو ناوچەی سیلۆپی لە تورکیا کشانەوە. لەوێدا سەربازگەیەکیان بۆ هێزی (بەرپەرچدانەوەی خێراکان) دانا کە ژمارەیان نزیکەی (٥) هەزار کەس لە یەکەی سەربازی ئەمریکی، بەریتانی، فەرەنسایی و ژمارەیەک دەوڵەتی دیکەی ڕۆژئاوایی بوو. جگە لە مەش هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان، لە دوو بنکەی هێزی ئاسمانی ئەنجەرلیک و باتمان لە تورکیا جێگیر بوون. ئەم هێزانە هەموویان بۆ زامن کردنی هێرش نەهێنانی سوپای عێراق بۆ ناوچە کوردنشینەکان و چاودێری کردنی دانی خودموختاری بەکوردان و دیموکراتیزەکردنی ڕژێمی عێراق لە بەغداوە کە ئامادەی مۆرکردنی ئەم مەرجانە بوو، داواکرابوو. تورکیا لە سەردەمی ئاڵۆزی باری کەنداوی فارس دا زنجیرەیەک کاری بۆ بەهێز کردنی هێزە سەربازییەکانی خۆی لە خوارووی ڕۆژهەڵاتدا ئەنجام دا.

ژمارەی ئەو هێزە سەربازیانەی کە لەم ناوچەیەدا جێگیربوون دەگەیشتە ١٨٠ هەزار سەرباز (حکوومەتی تورکیا بەر لە هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت لە ئابی ساڵی ١٩٩٠دا نزیکەی ٦٥ هەزار سەربازی لەو ناوچەیەدا دانابوو کە بەپشتیوانی ٣٥ هەزار جەندرمە و پۆلیس کاریان دەکرد.

بەپێی قسەی کوزاچیک ئوغلوی فەرمانداری ناوچەکە، حکوومەت بەڕاگەیاندنی باری نائاسایی ناچار بوو کە بودجەیەکی زۆر بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە شاخاوییەکان بە درێژایی سنوورەکانی تورکی – عێراق کە درێژایی ٣٥٠کم بوو، خەرج بکا. ئەو لە دیاربەکر بەنوێنەری هەواڵدەری ڕۆیتەری گوت: (درێژایی سنوورەکانی تورکیا و عێراق بڕاوە و دەست پێگەیشتنی کارێکی دژوار، ئێمە وەک پێویستە باری هاتوچۆمان لەو ناوچەیەدا دابین نەکردوە).

کوزاچیک ئۆغلو ڕایگەیاند کە پۆستی هاتوچۆ بەپێی قاعیدە تەنیا لە نزیکەی ١٠کم سنوور جێگیر بوونە لەبەر باری خراپی ڕێگا و جادەکان، ئازووقەیان بە هێلی کۆپتەر بۆ دەچێ. (بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە پێویستە ژمارەی سەربازان زیاتر بکرێ و هەروەها گوتی: دەبێ ئەوان شەو و ڕۆژ ٢٤ سەعات شوێنەکانیان بپارێزن). لە سەرەتای ئابی ساڵی ١٩٩١دا پێکدادانی سەربازی لە نێوان دەستەکانی هێزی ئاسایش و خەباتگێڕانی کورد کە لە پێناوی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ تێدەکۆشن لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا دا ڕوویدا. ١١ پاسەوانی سنوور لە نزیکی گوندی چوکوردژی کوژران. سوپای تورکیا بۆ ڕاوەدونانی خەباتگێڕانی کورد و نەهێشتنی بنکەکانیان لە باکووری عێراق بە قووڵایی ١٠کم چووە ناو خاکی عێراقەوە. سەرتیپ ح. تولان لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هەواڵنێری ئەنەتۆڵ ڕایگەیاند کە سوپا بەشێوەیەکی کاریگەرانە و بەوردی دەستی لە پارتی مارکسیستی کرێکارانی کوردستان وەشاندووە و هەوڵدەدا ڕێگا لە کشانەوەیان بەرەو ڕۆژهەڵات و سنوورەکانی عێراق بگرێ. بەپێی هەواڵی یوپی (ئاژانسی هەواڵدەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. و.) ٢٠ هەزار کۆماندۆی تورکیا، ١٣٢ فڕۆکەی جەنگی و ١٠٠٠ جاش لە ولایەتی بەتلیس لەم عەمەلیاتانەدا بەشدارییان کردووە. سوپا بەپشتیوانی فڕۆکە ڕاوکەرەکان (جەنگییەکانی) ئێف ١٠٤ و ئێف ٤و هەروەها هیلیکۆپتەرە جەنگییەکانی تۆماوسیکۆرسک بنکەکانی کوردانیان لە ناوچە چیاییەکاندا داگیر کردووە. لە ئەنجامی هێرشە ئاسمانییەکاندا تەنیا لە ناوچەیەکی ئاوەدانی کوردنشین زیاتر لە ١٠ کەس کوژراون و ٣٠ کەسیش بریندار بوون. ڕۆژنامەی (حوریەت) لەم بارەوە نووسیبووی کە دوای هێرشە ئاسمانییەکان و تۆپبارانکردنی لە لایەن سوپای تورکیاوە نزیکەی ٢٠ هەزار کەس هێڵی سنووریان لەناو خاکی عێراقدا داگیر کردووە و نیازیان وایە بۆ دوورخستنەوەی دەستی پێشمەرگە



کوردەکان لە خاکی تورکیا ئەم ناوچەیە بکەنە (پشتێنەیەکی ئاسایش).

عێراق نارەزایی لە بەرامبەر هێرشی تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق دەربڕی. س. گایرای وەزیری کاروباری دەرەوە ڕایگەیاند کە پەڕینەوە بۆ ناوچەکانی باکووری عێراق بەمەبەستی (پشێوی نانەوەی تەواوی خاکی) ئەم وڵاتە نەبووە و تەنیا بەمەبەستی کۆتایی هێنانە بەعەمەلیاتی دەستە چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەنقەرە ڕایگەیاند بنکەکانی دەستە جوداییخوازەکان لە خاکی ئێرانیش هەن بەڵام تاران ئەم تۆمەتەی ڕەتکردەوە.

جەنگاوەرانی کورد لە نیوەی دووەمی ئاب ئۆتۆبوسێکی پڕ لە پۆلیسی تورکیایان لە ناوچەی دیاربەکردا ئاگر باران کرد لە ئەنجامدا ٣ پۆلیس کوژران. لە شەڕێکی دیکەی ئەم ناوچەیە کە لە نێوان جەنگاوەرانی کورد و لەشکری تورکیا ڕوویدا ٥ سەرباز و چەند کوردێک کوژران. لە ماوەی ٣ هەفتەی مانگی ئابدا لە ڕووداوەکانی عەمەلیاتی سەربازی ٥٠ کەس کوژران و سەدان کوردی ڕاپەڕیو بەدیل گیران.

بەگشتی لە ماوەی ٧ ساڵ خەباتی چەکدارانە (لە ئابی (١٩٨٤)ەوە تا ئابی ساڵی ١٩٩١) زیاتر لە ٣٠٠٠ خەباتگێڕی کورد و پیاوانی عەسکەری تورکیا و کەسانی بێ دیفاع لە کوردستانی تورکیا کوژران. لە ناوەڕاستەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩١دا فڕۆکەکانی تورکیا سەرلەنوێ دەستیان بە بۆمبارانی خاکی کوردستانی عێراق کرد. شاری (کورال، بەداخەوە نەمزانی چ شارێکە، و.کوردی)و دەیان ناوچەی ئاوەدانی دیکە کە گوایا خەباتکارانی پارتی کرێکارانی کوردستان خۆیان لەم ناوچانە حەشارداوە و لەوێوە هێرش بۆ سەر کاربەدەستانی سنووری تورکیا دێنن، مووشەک باران کران. لە دوای بۆمبارانەکان زیاتر لە ٣٠٠٠ کۆماندۆی تورکی، ٢٠٠ گاردی نا عەسکەری و دەستەی تایبەتی دابینکردنی ئاسایش، عەمەلیاتی زەمینییان درێژە پێدا. بەپێی قسەکانی مەسعود

یەلمازی سەرەک وەزیرانی تورکیا عەمەلیاتە سەربازییەکان بەمەبەستی گەڕان بەدوای (تیرۆرستان) کران کە لە ناوچە سنوورییەکاندا هێرشیان دەکردە سەر هێزە سنوورییەکان. لە لایەکی دیکەوە بۆ ئازادکردنی ٧ کەس کە لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان بەدیل گیرابوون نەخشە و پلان دارێژرابوو. یەکێک لە ئامانجە بنچینەییەکانی حکوومەتی تورکیا لەم عەمەلیاتانەدا سەرکوتکردنی چالاکی چەکدارانەی کوردە ئۆپۆزیسیۆنەکان بوو کە بۆ دامەزراندنی (دەوڵەتی سەربەخۆ) خەباتیان دەکرد. لە عەمەلیاتە جەنگییەکانی خەباتگێڕانی P.K.K تەنیا پارتیزانانی کورد و خەڵکی بێ دیفاع زەرەرمەند نەبوون، بەڵکە عەسکەرییەکانی تورکیاش خەسارەتی سەنگینیان لێکەوت.

لە کاتی بۆمبارانکردنی کوردستانی عێراق، بۆمبای ناپاڵمی سووتێنەر لە لایەن سوپای تورکیاوە بەکار هێنرا و دەیان قوربانی نوێی نایەوە. نزیکەی ١٠ هەزار کەسی سڤیل لە هێرشە ئاسمانییەکان قورتاریان ببوو و شاری کوردانیان بەجێهێشت. ئەو جادەی کە لەم شارەوە بۆ شاری سلێمانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی کە لە باکووری عێراقە دەچوو پڕ لە خەڵکی ڕاکردوو بوو.

حکوومەتی عێراق بەو کارە نارەزایی خۆی لە بارەی دەستدرێژی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بەئەنقەرە ڕاگەیاند و داوای ڕاگرتنی عەمەلیاتی جەنگی دەکرد. بۆ پاراستنی ڕێزی هاوسێیەتی لەگەڵ تورکیادا. بەڵام لە ڕاستیدا لەمەڕ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە کەنداوی فارسدا لە بارەی عەمەلیاتی هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا نیگەرانی خۆیان نیشان دا. یەکێک لە نوێنەرەکانیان لە باکووری عێراق ڕایگەیاند کە بەدڵنیاییەوە عەمەلیاتە سەربازییەکانی ئەنقەرە دەتوانێ پەیوەندی هێزەکانی چەند میللەتێک لەگەڵ تورکیا بەرەو خراپتر پەلکێش بکا.

حکوومەتی تورکیا سەرەڕای ئاگادارکردنەوەیەکی واش لە عەمەلیاتە



سەرکوتکارییەکانی لە کوردستانی عێراقدا هەر بەردەوام بوو. جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەلومەرجێکی وادا لە سەرەتای نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩١دا پارتیزانە کوردەکانی لایەنگری (پ.ک.ک)ی لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بۆ ئاگر بەست بانگەشەکرد. ئەو هیوای خواست کە پارتیزانەکان لە خەباتی چەکدارانە لە پێناو سەربەخۆییدا دەست بکێشنەوە. جەلال تاڵەبانی گوتی ئەگەر هاتوو لەو داوا بکرێ ئەوا دەتوانێ ڕۆڵی ناوبژیکەر لە نێوان ئەنقەرە و (پ.ک.ک)دا ببینێ.

لە هەمان کاتدا کوردەکانی باکووری عێراق بەهۆیماڵوێرانی دانیشتوانی ناوچەکە بەدەست هێرشە ئاسمانی و زەمینییەکانی لەشکری تورکیاوە بۆ سەر بنکەکانی کوردە پارتیزانەکان و خاکی عێراق بێزاری زیاتریان دەربڕی.

لەم هەلومەرجەدا مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند ئەگەر هاتوو هێزە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە هێرشەکانی بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق بەردەوام بن ئەوا بەچەک وەڵامیان دەدرێتەوە.

ئەوەی لە بارەی ئایندەی بزووتنەوەی کوردەوە پێویستی بەباسکردنە ئەوەیە کە ڕۆڵی ئەم بزووتنەوە بەم نیشانە و هۆیانەی خوارەوە زیاتر دەبێ:

١- گەلی کورد چ لە تورکیا و چ لە وڵاتانی دیکە بەشێوەیەکی دەستەجەمعی دەژین ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی دابونەریتی میللی و پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەیی.

٢- بزووتنەوەی زیادبوونی کۆمەڵگای کورد نیشان دەدا کە ژمارەیان سەرەڕای سیاسەتی نەهێشتن و تواندنەوە و ئازار و تەنگپێهەڵچنین بەبەردەوامی لە زیاد بووندایە.

٣- هەرچەندە لە قۆناغی ئێستادا بزووتنەوەی کورد لە تورکیادا پەرش و بڵاو بووە و لەلایەن چەندان پارت و ڕێکخراوەوە ڕێبەری دەکرێ، بەڵام دیسانەوە پەیدابوونی ئەم پارت و ڕێکخراوە کوردییانە نیشانەی پێگەیشتن و پەرەسەندنی چالاکییە سیاسییەکانی جەماوەری کورد و ئامادەیی توێژە بەرفراوانەکانی خەڵکە بۆ بەشداری کردن لە خەبات لەپێناو وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییە- دیموکراتییەکان. تاقیکردنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کوردان لە تورکیا نیشانە زۆرەکانی ئەم بیروباوەڕە بەهێز دەکا کە ئەم تێکۆشانە سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەی زۆری کە هەیەتی هەر بەردەوام دەبێ. نابێ ئەم ڕاستییە لەبەرچاو نەگیرێ کە خەباتی کوردەکانی عێراق، ئێران و سوریا تا ڕادەیەک بەزەمینەی لەبار و بەرچاو و بۆ بزووتنەوەی کورد لە تورکیادا دەژمێردرێ.

چارەسەری بنەڕەتی مەسەلەی کورد بەدروستکردنی یەک کوردستانی سەربەخۆ دەبێ کە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا ، ئێران، عێراق، سوریا بگرێتە خۆی. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کارە لە قۆناغی ئێستادا لە دەسەڵاتدا نییە ئێستا دەبێ دەست بدرێتە دیموکراتیزەکردنی ژیانی سیاسی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدادەژی.

لە کاتی ئێستادا بەشێکی بەرچاوی ڕووناکبیرانی لایەنگری دیموکراتی تورکیا لەپێناو دانی مافی فەرهەنگی بەکوردان، خوێندن بەزمانی کوردی، چاپکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی دیکە بەزمانی کوردی تێدەکۆشن. بێ چەند و چوون دانی جۆرە دەرفەتێکی وا بەکوردان گیروگرفتیان چارەسەرناکا بەڵام بەشێوەیەکی کاتی دەتوانێ بارگرژی سیاسی لە کوردستانی تورکیا بخاتە لاوە.

## بەشی چوارەم

# دیاردەی کورد لە سوریای ئێستادا

بەپێی سەرچاوەی کوردەکانی دەرەوەی وڵات ژمارەی کوردەکانی سوریا ڕێژەی ١٠ ٪ی دانیشتوانی سوریایە. لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا سەرژمێرییە ڕەسمییەکان و قانونی بنچینەیی سوریا لە بوونی کورد لەم وڵاتەدا خۆیان لە گێلی داوە. لە لایەکی دیکەوە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی جەزیرە (پارێزگای حەسەکە) لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٥٥ بەشێوەیەکی گشتی لەبەر زیادبوونی سروشتی (مەبەست لە زاوزێ کردنە. و.ک) کوردەکان کۆچکردنیان تا ڕێژەی ٩٢ ٪ی زیادی کرد. لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتوانی جەزیرە ١٤ ٪ی سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی سوریایان پێک دەهێنا.

کوردەکان لە پارێزگاکانی دیمەشق، حەسەکە، حەلەب، ڕقە، لاتاکیە، حەما، حمس، دێرئەلزۆر، تارتوس، ئەدلیب دەژیان. بەشی هەرە زۆریشیان لە پارێزگای حەسەکە و ناوچەی عەینول عەرەب و عفرین لە پارێزگای حەلەبدا کۆبوونەتەوە، لەو شوێنانەشدا یا لە دەوری یەکدا دەژین یا زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکەیان پێکهێناوە.

رووبەری پارێزگای حەسەکە (جەزیرە) ١٧٠ بە ٢٢٠کم٢ یە.

کوردەکان لە دیمەشقدا لە گەڕەکی (سالحیە) و هەروەها (روکنولدین) کە بەگەڕەکی کوردان بەناوبانگە، دەژین. لە نێوان ناوچە و شار و گوندەکانی پارێزگای حەسەکەدا کە کورد زۆربەی دانیشتوانی لێ پێکدەهێنێ، دەکرێ ناوی حەسەکە، قامیشلی، عامودە، دەرباسیە، ڕەسولیان (سەریکانی)، تەل عوبێد، تەل تامیر، تەل کوچک، ئەملەلیکیە (دەرەک). قبور ئال بەید، عەین دیوار، شەدادی، بۆتاه، سنجار، بهێنرێ.



کوردەکانی پارێزگای حەلەب لە ناوچەی چیای کوردان (کورداغ)، چیای سەمعان و عەزاز و شارەکانی ئەفرین، عەینول عەرەب، کوبانی، جەرابلوس نیشتەجێن. بەپێی سەرچاوە ڕەسمییەکان ژمارەی ئەو کوردانەی کە لە شەستەکاندا لە شار و گوندەکانی جەزیرە و حەلەب دەژیان بەم چەشنەی خوارەوە بوو، ٣٥-٤٥ هەزار کەس لە قامیشلی، ٢٢ هەزار کەس لە حەسەکە، ٣٥-٤٥ هەزار کەس لە عامودا و دەرباسیە و ڕەسولیان و تەل عوبێد، ٦ هەزار کەس لە دەرەک، قبور ئال عوبید (ترپە سپی) و تەل کوچک، ٥ هەزار کەس لە ئەفرین،١٣ هەزار کەس لە عەزاز، ٩ هەزار کەس لە جەرابلوس و ٣ هەزار کەس لە عەینول عەرەب (کوبانی).

لە ماوەی نێوان سەرژمێری ساڵانی ١٩٦٠-١٩٧٠ ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە ٢٨ر٧٪ زیادی کرد، کە دەکاتە ٧ر٤٪ی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی هەموو وڵات. زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی تێکڕای وڵات لە ساڵی ١٩٧٠دا، ٣٢ر٨٪ بوو. لەم ماوەیەدا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای حەسەکە گەیشتە ٩٦ هەزار کەس و ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی گەیشتە ٣٧٦ هەزار کەس. لەگەڵ ئەمەشدا، سەرژمێری ڕەسمی ١٥٠ هەزار کەس لە کوردەکانی جەزیرەی نەهێنابووە ناو حساب (سەرژمێری نائاسایی ساڵی ١٩٦٢) تەبەعەی سوریایان لێ زەوتکرابوو. لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠دا مەیلی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان پارێزرا، (وادەزانم مەبەستی ڕانەگەیاندنی بێ. و.ک) لەبەرئەوەی بەپێی هەواڵە ڕەسمییەکانی ساڵی١٩٨٠ نزیکەی ٧٤ هەزار کەس لە شاری حەسەکە و ٩٣ هەزار کەس لە شاری قامیشلی، ٢٠ هەزار کەس لە شاری ئەفرین، ١٣ هەزار کەس لە شاری عەینول عەرەب (کوبانی)، ١٥هەزارکەس لە ڕەسولیان (سەریکانی) و ١٤ هەزار کەس لە ئەملەلیکیە (دەرەک)دا دەژیان. ئەم ئامارانەش ئەوە نیشاندەدەن کە بەپێی خشتەی ناوەڕاستی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە ١٠ ساڵی ١٩٧٠-

١٩٨٠دا لە شاری حەسەکە بەرێژەی ٧٦٪ بوو کە لە پلەی دووەم دێ و لە شاری قامیشلی ٦٢٪ بوو کە بەپلەی شەشەم دێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی سەرچاوە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات زیاتر لە ٣٠ هەزار کورد لە ساڵی ١٩٨٠دا لە شاری دیمەشق دەژیان و ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٩٠دا گەیشتە زیاتر لە ١٧٠ هەزار کەس. ئەم زیادبوونەش لە ئەنجامی زاوزێ و هەروەها کۆچکردنی کورد، لە ناوچە کوردنشینەکانەوە بوو بۆ ئەوێ. بەپێی زانیاری سەرچاوە ڕەسمییەکان ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای حەسەکە (جەزیرە) لە ناوەڕاستەکانی دەیەی هەشتادا، خۆی لە ٧٠٠ هەزار کەسێک دەدا. بەم جۆرە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە دوای پارێزگاکانی حەلەب، دیمەشق، حمس، حەما لە پلەی پێنجەمدا دێ. بەو پێیەی کە ژمارەی کوردەکانی سوریا ١٠٪ی سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی ئەم وڵاتەبن ئەوا ژمارەیان لە ساڵی ١٩٦٠دا ٤٥٠ هەزار کەس و، لە ساڵی ١٩٧٠دا ٦٢٥ هەزار کەس و، لە ساڵی ١٩٨٠دا ٩٠٠ هەزار کەس و لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بەحسێبکردنی کوردە بێبەشکراوەکان لە مافی هاووڵاتی سوریا، ئەوا ژمارەیان گەیشتۆتە یەک ملیۆن.

ئاکامی ڕوون ئەوەیە کە لە مەسەلەی زیاد بوونی ژمارەی کوردی سوریا ڕەوتێکی جێگیر (ثابت) هەیە. بۆ نموونە ژمارەی کوردەکان تەنیا لە ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٨٠ دووقات زیادی کرد. ئەم ڕەوتە لە دواییشدا پارێزرا. ئەگەر ڕەوتی زیادبوونی ژمارەی کورد و عەرەب بەیەکسانی لە بەر چاو بگیرێ بەگوێرەی لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوەکان لە وانەیە ژمارەی کوردەکانی سوریا لە ساڵی دوو هەزاردا بگاتە یەک ملیۆن و نیو، لەم ژمارەیەشدا یەک ملیۆنی لە پارێزگای حەسەکەدا دەبێ.

جووتیاران بەتایبەتی جووتیارانی هەژار و نەدار بەشی هەرە زۆری کوردەکانی سوریا پێکدەهێنن. زۆربەی هەرە زۆری جووتیاران هەژار و بێ



زەوین. موڵکدارە نیمچە فیوداڵەکان لە شێوەی بورژوازی و وەرزێری و زەویدار دان. لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٨٠دا توێژە خۆشگوزەرانەکانی گوندنشینی ڕوویان لە زیاد بوون کرد. ژمارەی کرێکارانی کورد لە پیشەسازییەکان، دامەزراوە بازرگانی و بەشە خزمەتگوزارییەکاندا زێتر بووە و هەروەها کرێکارانی کشتوکاڵیش لە زیاد بووندان.

بۆرژوای شاری، کوردە موڵکدارە بچووک، مام ناوەندی حاڵ و گەورەکان نوێنەرایەتی سەرلەبەری خەڵکی کوردیان دەکرد.

کرێکارانی کورد لە بەشی ترانسپۆرتی ڕێگای ئاسن و نەوت و دامەزراو و بەرێوەبەرایەتییە دەوڵەتییەکاندا کار دەکەن، زۆر لە کوردەکان کاری حەماڵی دەکەن. زۆری جووتیار و لادێیی هەژار و بێ زەوی بووەتە هۆی زۆربوونی ژمارەی کرێکاران و کرێکارانی وەرزیش بوونەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی کرێکارانی کورد لە شارەکاندا.

هەروەها ژمارەی کرێکارانی کورد لە پیشەسازی نەوتدا بەهاوتەریبی زیادبوونی گشتی ژمارەی کرێکارانی کورد ڕووی لە زیاد بوون کرد.

کرێکارانی کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی جەزیرەدا لە دامەزراوەکانی دەرهێنانی نەوتی قەرە کوچک، ڕۆمیلان، سووێدین و جابس کاردەکەن. بۆ نموونە لە سەرەتای هەشتاکاندا، ٧ هەزار کرێکاری کورد لە کانەکانی ڕومێلان کاریان دەکرد. کرێکارێکی زۆری کورد لە شارەکانی دێرئەلزۆر و ئەلزەورا (طبقە) دا دەژین. کرێکارانی کورد لە دیمەشق بەزۆری لە پیشەسازی ڕستن و چنین کار دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان لە کاتی کار دۆزینەوەدا تووشی زۆر کۆسپ و تەگەرەی بیرۆکراتییانە دێن و جیاوازی نەتەوەییش بنچینەی ئەم جیاوازکارییە. کوردەکان وەک کارگەچی و، میکانیک، چاککەرەوە (مصلح و کاری کانزایی، شوفێری هۆیەکانی ترانسپۆرت، کرێکاری بیناسازی و پاسەوانی و...... هتد) کاردەکەن.

لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتی سوریادا گۆڕانکاری

بەسەر کۆمەڵگەی کوردی ئەم وڵاتەشدا هات. لەم ڕۆژگارەدا لە ناوچە کوردنشینەکاندا لەگەڵ هاتنە ناوەوەی شێوەکانی ئابووری سەرمایەداری و لەناوچوونی پەیوەندییە فیوداڵییەکان و پەیدابوونی دەستەهایەکی بۆرژوازی مام ناوەندی بازرگانی پول و ساختمانی (دەبێ مەبەست عقارات بێ. و.ک) دەستی پێکرد. ئەم ڕەوتەش پەلی بۆ تەواوی بەشە خزمەتگوزارییەکان کێشا و لە هەمان کاتدا بەشی زۆری ئەم ئەرکە بۆرژوازی کۆمپرادۆر ئەنجامی دەدا. تێکەڵ یەکبوونی بۆرژوازی پیشەسازی و بازرگانی کورد و عەرەبیش پەیدابوو. گۆڕانکارییە ناوبراوەکانی کوردەکانی قامیشلی، عامودا، ئەلمەلیکیە (دەرەک)، عەینول عەرەب (کوبانی)، ئەفرین و حەلەبیشی گرتەوە. زۆربەی کوردەکان سوننی و کەمێکیشیان شیعە (عەلەوی) و یەزیدین. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا یەزیدییەکان ٢٠ هەزار کەس بوون کە لە ڕۆژئاوای حەلەب و دەوروبەری چیای سەمعان (جبل سمعان) دا و لە باکووری حەلەب لە جەبەل ئیکراد (کورداغ) و هەندێ گوندی باشووری باژێڕی ئامودا و هەروەها لە جەزیرە و دەوروبەری جەبەل عەبدول عەزیزدا دەژین. شێخ سەرچاوەی دەسەڵاتێکی ڕەهای تەریقەتەکەیەتی و تەریقەتی نەقشبەندیش بەناوبانگترین ئەو تەریقەتانەیە. لە ناوچە کوردنشینەکاندا مەلاکان لە لایەن شێخەکان یان خاوەن گوندەکانەوە دادەنرێن.

کۆمەڵگای سوریا هەروەکو مۆزائیکی یەکپارچە لە دەستەوگرووپی کۆمەڵایەتی بە ئاین و زمانی جیاجیاوە، ناوچەکانی نیشتەجێ بوون و شێوە ژیانی جیاجیادا پێک دێ، واتا لەگەڵ ئەو توخمانەی کە کۆمەڵگا دروست دەکا. بەگوێرەی زانیاری ڕۆژئاواییەکان کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکان ڕێژەی ١٠ ٪ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدەهێنن. ئەم دەستە و کۆمەڵانە لە هەرێم یان باشترە شوێن و ناوچە سەربەخۆی کۆمەڵایەتییەکانیدا، کە لە هەندێ ناوچەی جیاجیای سوریادا لە لایەنی



ژمارەوە زۆرینەن، کار دەکەن. لە هەموو ناوچەیەکدا چەندین گرووپی ئاینی بەشێوەی کۆمەڵەی سەربەخۆ هەن.

بەشێوەیەکی بەرفراوان (بیری کەمایەتی) باوە کە خراپ سەیرکردنی کەمە نەتەوە ئاینییەکانی دیکە خاسیەتێکی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە و هەرچەندە کە ئەم بارە لەناو تاقم و دەستەکانی زۆرینەشدا هەرباوە. جیاوازی ڕادەی خۆشەویستی ئاینی ڕۆڵێکی بەر چاو خولقاندنی لە نیازپاکییەکانی نێو تیپێکی ئاینیدا دەگێڕێ. فیرقە ئاینییەکان ژیان و چالاکی ئەندامانی خۆیان ڕێک دەخەن. ئیسلام ئاینی ٨٠ ٪ی سەرجەم دانیشتوانی سوریایە. لە جیهان بینییە ئاینییەکاندا جیاوازی گەلێک دەبینرێ، باوەڕی گشتی بەشتە پیرۆز و گیانە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ ڕێ و ڕەسمی ئەجندەگیری لە ئارادان، سەردانی شوێنە پیرۆزەکان بازاڕی گەرمە. لە سوریا لێک تیژکردنی تیپە ئاینییە جۆراوجۆرەکان یان ئاگر هەڵگیرساندن لە نێوان ئاینەکان قەدەغەکرا. دەستەی ڕەسمی لە هەندێ باری ئاساییدا بەمەبەستی نیشاندانی کاردانەوەیان لە ڕاگەیاندنەکاندا بەرامبەر دروشمە ئاینییەکان کە لە دەرەوەی وڵاتدا دەبیسترێن ئەوا لە هۆکاری ئاین لەسەر ژیانی سیاسی سوود وەردەگرن.

هەندێک لە ڕێبەرانی سێ کۆدێتای سەربازی لە سوریادا کوردی سوننی بوون. ئەمانەش ژەنەڕاڵ حوسێن زەعیم، ژەنەڕاڵ موحسن بەرازی و ژەنەڕاڵ ئەدیب شیشکلی بوون. حوسێن زەعیم و ئەدیب شیشکلی بۆ پاراستنی حکومەتەکەیان پشتیان بە ئەفسەرانی کورد بەستبوو. کوردەکان لە سەردەمی حوسێن زەعیم و ئەدیب شیشکلی دا پۆستی وەزارەتی گرنگیان گرتبووە ئەستۆ و لە کاروباریشدا بەخێرایی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. لە سەردەمی پاکسازیدا کە بەهۆی کۆدێتای شوباتی ساڵی ١٩٤٥ەوە هاتە ئارا، لادان و کەنار خستنی ئەفسەرە کوردەکان لە پۆست و پلەوپایەی بەرزی هێزە چەکدارەکان دەستی پێکرد.

گرتنەبەری سیاسەتی تاواندنەوەی نەتەوەیی (مەبەست نەتەوەی کوردە) لە لایەن حکوومەتی مەرکەزییەوە بووە هۆی دەرگا پێوەدان لەسەر بیری ڕەسەنایەتی خەڵکی کورد لە سوریا. یەکێک لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی پارتی بەعس خولڵقاندنی هەلومەرج بوو بۆ بە عەرەبکردنی کۆمەڵگای سوریا. بەعس لە ساڵی ١٩٤٧دا ڕایگەیاند کە خەبات لەپێناوی (پەروەردەکردنی نەوەی نوێی عەرەب) دەکا بەپەیڕەو کردن لە بیری یەکێتی نەتەوەی عەرەب بۆ بەدەستهێنانی قانونی بنچینەیی کە ئازادی سیاسی و ژیانێکی ئازاد بۆ عەرەب مسۆگەر بکا. لە نامیلکەی (تێکۆشانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی) لە نێوان سالانی ١٩٣٣-١٩٧٥دا (من ئەم بەروارەی یەکەم بەهەڵە دەزانم. و.ک) (چاپی دیمەشق، ١٩٧٨). بایەخی بنچینەیی لایەنگری بۆ خۆماڵی کردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانی عەرەب، (بەرژەوەندی نەتەوەیی و باڵای عەرەب) و مسۆگەرکردنی ئازادی هاووڵاتیانی دووپات کردەوە. بەعس ئەوەی خستەڕوو کە سوودی کۆمەڵایەتی هاووڵاتی لەسەر بنچینەی تەرازووی کاری ئەو (لەپێناو خۆشگوزەرانی میللەتی عەرەب) دیار بکرێ، سیاسەتی یەکەمی دامودەزگای بەعس بە عەرەبکردن لەسەر بناغەی (خولڵقاندن و پەرەپێدانی فەرهەنگێکی عەرەبی) و ڕێکخراوی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بوو کە دەبووایە (لەسەر بناغەی ئایدیۆلۆژیای عەرەبی پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەییان مسۆگەر بکەن). بەعس بڵاوی کردەوە کە لەپێناو پەرەپێدانی (هۆشیاری نەتەوەیی عەرەب لە لایەنی ئایدیۆلۆژی سیاسەت، ئابووری، هونەر و ئاوەدانکردنەوەدا) لە دژی هەرجۆرە ڕێکخراوێکی نا نەتەوەیی لەناو سیستەمی پەروەردەیی خەبات دەکا.

ناو نەهێنانی مەسەلەی تایبەتی کورد و باس نەکردن و گوێ نەدان بەدابینکردنی ئازادی و مافی خەڵکانێکی غەیرە عەرەب مانای ئەوەیان دەگەیاند کە دەبێ سوریا بە عەرەب بکرێ. بەم جۆرە ناسیۆنالیزمی عەرەبی



بە سیستەمی دیتنێکی وا ڕۆڵی ڕابەری و سەرەکی دان بەبیروباوەڕەکانی بەعس لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا مسۆگەر کرد و هەر لەسەر ئەم بنچینەشەوە بوو لەم وڵاتەدا چەند نەتەوەیەکی جیاوازی لەناو یەکێتی نەتەوەی عەرەبدا بەعەرەب لە قەڵەم دا.

بەداخەوە بەدواهاتنی چەند جۆرە کردەوەیەکی دیکەی لەم جۆرە کاری لە چارەنووسی کورد گەلێکی زۆر کرد. لە بەهاری ساڵی ١٩٦٢دا سەرژمێرییەکی تایبەت یان نائاسایی بەسەر خەڵکی جەزیرەدا سەپێنرا، کە ئەنجامەکەی بێبەش کردنی (١٢٠) هەزار کورد بوو لە ڕەگەزنامەی سوری. بەم جۆرە ئەم خەڵکە لە ڕەگەزنامە بێبەش کراوەیان ناونا (بێگانە) هەرچەندە ئەم خەڵکە بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی سوریاوە لەم وڵاتەدا و لەسەر خاکی باب و باپیرانیاندا ژیاون.

سەرژمێری ڕەسمی پڕ بوو لە نەژادپەرستی و، بەجۆرێک لە هەندێ ناوچەدا نیوەی خێزان بەبێگانە و نیوەکەی دیکەی بەهاووڵاتی دانرا، دایک و باوک هاووڵاتی و منداڵەکانیان بێگانە نووسرابوون. لە ئەنجامدا بێگانەکان لە تەواوی مافی هاووڵاتییێتی و لە مافە کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگییەکان و تا بەمافی تەندروستیش ڕادەگا بێبەش کران. بەڵێ تا بەڕۆژی ئیمڕۆش دەگا چارەنووسێکی وا نەگریس دامەنگیری زێتر لە ٢٠٠ هەزار کوردی سوریا بووە.

ساڵی ١٩٦٣ بەعس دەستی بەپڕوپاگەندەی پووچەڵکردنەوەی (بەرنامەی)ی خەیاڵی (کوردەکان) کرد کە گوایە بەناوی (دەوڵەتی کوردستان)ی سەربەخۆ نیازی دامەزراندنی (ئیسرائیلی دووەمیان) هەیە لە ناوچەی جەزیرەدا. لەو ناوچانەی کە جووتیاری کورد تێیدا دەژین چارەسەری زەوی نەکرا و لەبەرئەوەی کوردەکان لایەنگری کۆمۆنیزم بوون خەڵکی جەزیرەش زۆربەیان کورد بوون لە کاتی دامەزراندنی (یەکێتی گشتی جووتیاران)دا، ڕێگایان پێ نەدرا بچنە ناو ئەم یەکێتییەوە.

ئامانجی هاوکاری نێوان بەعسی سوریا و عێراق لە ساڵی ١٩٦٣دا مسۆگەرکردنی کۆمەک و هاوکاری سەربازی بوو لە دژی ئەو شۆڕشەی لە کوردستانی عێراقدا بەرپا ببوو. لەو سەردەمەدا لیوای پیادەی (یەرموک) بەخۆی و هەزار سەرباز و ئەفسەر و هێزی ئاسمانی سوریاوە لە شەڕی دژ بەکوردەکانی کوردستانی عێراق کە بەڕابەرایەتی مستەفا بارزانی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ەوە بەرپایان کردبوو، بەشدارییان کرد.

لە هەندێ لایەنەوە حکومەت بەرامبەر بەکوردەکان چاوی بەسیاسەتی خۆیدا خشاندەوە. سەرۆکی سوریا حافز ئەسەد لە دوادواییەکانی ساڵی ١٩٧٢دا بەپێی یاساکانی چارەسەرکردنی زەوی فەرمانی دابەشکردنی زەوی بەسەر کوردەکانی پارێزگای حسەکە (جەزیرە)دا دەرکرد. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٦دا بەرنامەی دەرکردنی کوردەکانی ناوچەی (پشتێنەی عەرەبی) یا (ناوچەی سەوز) کە لە جەزیرەدا ناو دەبرا مەحکوم کرد و بەرنامەی (ئاواییە سەرپاک عەرەبییەکان)یشی مەحکوم کرد. دوای ئەمە کوردەکان زیاتر هەستیان بە ئارامی کرد، لە ڕادیۆ دەستیان بەبڵاوکردنەوەی مۆسیقای کوردی کرد و نوێنەرانی کورد کە لە ناوچەکانی (ئەفرین) و (کورداغ)ەوە هەڵبژێردرابوون چوونە ناو پەرلەمانی کۆماری عەرەبی سورییەوە.

سەرەڕای ئەمانەش لە سوریادا ڕەگەزپەرستی بەرامبەر بە کورد هەر بەردەوام بوو. دەستە و دایەرەی حوکمڕانی سوریا وەک جاران گوێیان بەبوونی مەسەلەی کوردی وڵات نەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا بوونی کوردیان لە عێراق، تورکیا، ئێران بەڕەسمی دەناسی. پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی وا کارێکی خراپ لەسەر باری کوردەکانی سوریا و وڵاتە هاوسێکاندا دەکا. مەسەلەی کورد لە سیستەمی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا چالاکانە لە لایەن دیمەشقەوە سوودی لێ وەردەگرێ.

مەسەلەی کورد لە لایەکەوە لەبەرئەوەی ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی سوریا



ماوەیەکی درێژە خۆیان لەوە دەدزنەوە دان بە کورد و مافەکانیاندا بنێن، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی پەرەسەندنی بەردەوامی هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی وڵاتدا و پتر بوونی داواکاری پارتە سیاسییەکانی کوردستانی سوریا بۆ هێنانەدی مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە نەتەوەییەکانیان و بەڕێگا یاساییەکانەوە لەسەر داواکارییەکانیان سوور دەبن. لە هەمان بارەوە پارتە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی خودموختاری ناوچەیەک لە جەزیرەدا خەباتیان کردووە و بەباشتریان زانیوە نەتەوەی کورد لە سوریادا (بەدووەم نەتەوە لە دوای نەتەوەی عەرەب) ناوی ببرێ چونکە ژمارەی کوردەکان تەنیا لە عەرەبەکان کەمترە.

پەیدابوونی هەندێ پارتی کوردی لە ساڵی ١٩٧٥ەوە و بەرفراوانبوونی بزووتنەوەی کورد ناوەڕۆکێکی سیاسی تازەی هێناوەتە ناو خەباتی کوردەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی لە وڵاتدا.

بەڵام بزووتنەوەی کورد لە سوریا بەپێچەوانەی بزووتنەوەی کورد لە تورکیا و عێراق و ئێران نەک بەشێوەی چەکدارانە بەڵکو بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە پەرەدەستێنێ. خواستی هەرە گەورەیان لە قۆناغی ئێستادا نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەییە لەسەر خەڵکی کورد لە سوریادا. بزووتنەوەی کوردانی سوریا چەندین قۆناغی بڕیوە و ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ گۆڕانکاری چۆنایەتی لە هەردوو لایەنی ڕێکخراوەیی و بەبیروباوەڕیشەوە ئاشکرا دەبێ.

قۆناغی یەکەم لە ساڵی ١٩٤٥ تا ساڵی ١٩٧٥ لە بارەی چۆنایەتییەوە گۆڕانکاری نوێی لە کۆمەڵگای کوردا ئاشکرا کرد، بەجۆرێک کە بەڕوونی ڕەوتی پێگەیشتنی لە پاشدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە پەیوەندی لەگەڵ تێکۆشانی کوردەکانی عێراق، ئێران و تورکیاوە دیاری کرد. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی عەرەب و کەوتنە دەستی جڵەوی حکومەتە

نەتەوەییەکانیان ڕۆڵی نوێڵی تەواوکەریان بۆ گورج و گۆڵکردنی چالاکییەکانی کوردان دیت. ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی سیاسی و فکری ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی هەستپێکراو لەژێر کاریگەریتی توێژەکانی سەرەوەی هۆزایەتی و عەشیرەتگەری دابوو کە لە لایەن شێخ و ئاغا و بەگ و پاشاکانەوە نوێنەرایەتی دەکرا و دیدگای ئەوان لە هەندێ لایەنەوە لەگەڵ ئامانجە نوێ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتدا یەکیان نەدەگرتەوە. لەم جۆرە هەلومەرجانەدا سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراوی سیاسی کورد لە سوریادا سەریان هەڵدا و ڕووناکبیرانی کورد بەئاشکراکردنی دروشم و لایەنگیرییەکانی نەتەوەیی پێویستی تێکۆشانی کوردانیان لەپێناو پاراستنی ڕەسەنایەتی نەتەوەیی و ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی گەلی کورد لە وڵاتدا دووپات کردەوە و بایەخی سەرەکیشیان پێدا. نوێنەرە ناسراوەکانی ڕووناکبیرانی کورد وەک، جگەرخوێن، ئۆسمان سەبری، جەلادەت عالی بەدرخان، کامەران عالی بەدرخان، ئەحمەد زازا، نورەدین زازا، ئەحمەد نامی، عەبدی تەلو و... هتد. ڕۆڵێکی سەرنج ڕاکێشیان لە کاروباری ڕەوشەنکردنەوەی بیری نەتەوەیی و سیاسی گەلی کورد بینی. کوردەکانی سوریا لە نیوەی دووەمی چلەکاندا قوتابخانەیان بۆ فێرکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردۆتەوە و بنکەی فەرهەنگی- ڕووناکبیری و وەرزشی و خێرخوازییان دامەزراند. خەباتی براکانیان لە کوردستانی ئێران و عێراقدا ڕۆڵی لە بەهێزکردنی بیری هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی کوردەکانی سوریا دەگێڕا. قوتابیانی کورد (مەبەست قوتابیانی زانکۆکانە. و.ک) بەشەوق و کەف و کوڵی خۆشی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد (کۆماری کوردستان. و.ک) لە ساڵی ١٩٤٦دا (ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان)یان لە شاری قامیشلی دامەزراند.

ئەم ڕێکخراوە لەناو کرێکاران و جووتیارانی کورددا دەستی بەچالاکی ڕووناکبیری کرد. زەحمەتکێشانی کورد لەگەڵ تێکۆشان لەپێناو مافە



نەتەوەییەکاندا داوای دامەزراندنی سەندیکایان کرد (لە وانەش سەندیکای کرێکارانی پیشەسازی چنین). وەک ڕۆژنامەی (الحیات)ی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا ئاماژەی بەوەکرد کە کرێکاران (خاسیەتە چینایەتییەکانی داواکاری و پەرەسەندنی هۆشیاری نەتەوەییان لە گەڕەکە کوردنشینەکانی دیمەشق و ناوچە کوردنشینەکانی دیکەدا خستە ڕوو. ئەمە نیشانەی فاکتەری یەکێتی نەتەوەیی بوو).

لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناکبیرانی کورد تا ناوەڕاستی پەنجاکان لە هەلومەرجی نهێنیدا کاریان دەکرد و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەریەکیان دەدا کە دەستە پەرش و بڵاوەکان لە پارتێکی سیاسی کوردیدا کۆ بکەنەوە. کەسانێکی وەک نورەدین زازا، عوسمان سەبری، حەمید دەرویش و ڕەشید حەمە ڕۆڵێکی گەورەیان لە هەوڵ و تەقەلاکاندا بینی. سەرەنجام لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥دا لە شاری قامیشلی کۆنگرەی دامەزاندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانی کوردستان). (کۆمیتەی کوردە چالاکەکان) و (کوردە مارکسییەکان)ی کە لە پارتی کۆمۆنیستی سوریا جیا ببوونەوە چووبوونە ڕیزەکانی کۆنگرەی ناوبراو، گیرا. زۆر لە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی (عێراق) لە ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا کاریان دەکرد و دەسەڵات و نفوزی ئەوان بەشێوەیەکی تێبینی کراو لە دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کورد لە سوریا ڕەنگی دایەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ڕووەوە کە نوێنەری تێکڕای توێژ و چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری تێدابوو بەڕێکخراوێکی گشتی بۆ گەلی کورد دانرا. جیاوازی باری کۆمەڵایەتی ناو حزب بووە هۆی دروست بوونی دژایەتی و جیاکاری لە پاراستنی یەکێتی ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی کورددا.

بەرنامەی حزب دروشمی ئازادی و سەربەخۆیی تەواوی کوردستان و

مافی چارەخۆنووسینی بەرزکردەوە کە لە دواییدا لەبەر عەمەلی نەبوونی، ئەم دروشمە لادرا و دروشمی خەبات لەپێناوی خودموختاری بۆ کوردستانی سوریا جێگای گرتەوە لە ساڵی ١٩٦٠دا ناوی حزب گۆڕدرا بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا). خاسیەتەکانی قۆناغی دووەمی نێو حزب بوونی دوو ڕێبازی فکری بوو. لە چاپەمەنییە سیاسییەکانیاندا ئەم ڕێبازانە بەچەپ و ڕاست ناوبران، چونکە (ڕاست) بە میانەڕەو و(چەپ) بەڕادیکال یا (مارکسی لینینی) دادەنران، لە هەمان کاتیشدا چەندین (پلاتفۆرم)ی فیکری- سیاسی لە ناو هەریەک لەو دوو باڵەدا هەبوو.

توند بوونی ناکۆکی لەسەر پلەوپایەی حزبی لە نێوان ڕابەران و تیۆریستەکانی بزووتنەوە، بێ توانایی لە پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی حزب و گوێنەدان بەڕێبازی پەیڕەو و پڕۆگرام و ئارەزووی دەسەڵاتی تاکە کەسی لە نێوان ڕابەرانی کورد لەم قۆناغەدا بووە هۆی پەیدابوونی کەلێن لە ڕیزەکانی بزووتنەوە.

بزووتنەوەی کورد لە سوریا جگە لە کاریگەری هۆکارەکانی ناوەوە، بەدوا داهاتنی ڕووداوە سیاسییەکانی جیهانی عەرەبی و بزووتنەوەی کوردی دەرەوەی سوریاشی تاقی کردەوە.

لە تەموزی ساڵی ١٩٥٨دا کۆماری یەکگرتووی عەرەب کە لە نێوان میسر و سوریادا پێکهێنرابوو، دامەزرا. لە ئازاری ساڵی ١٩٥٨دا قانونی هەڵوەشاندنەوەی تێکڕای حزبە سیاسییەکان دەرکرا کە پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریاشی دەگرتەوە. دەسەڵاتداری و سەرکردایەتی حکوومەتی سوریا لەوە نیگەران بوون کە کوردەکانی سوریا لەگەڵ بەرپا بوونی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ لە عێراقدا و ڕێگا خۆشکردنی ئەم شۆڕشە بۆ گەڕانەوەی ئەو کوردانەی کە بەسەرکردایەتی بارزانی بۆ سۆڤیەت ڕایان کردبوو، هاوکاری بکەن. لە باروزرووفێکی وادا دەسەڵاتدارییەتی سوریا هەوڵیان دا مەترسی بەهێزبوونی بزووتنەوەی کورد لەناو ببەن و سەرەنجام بزووتنەوەی کورد



کەوتە کاری نهێنی.

لە ساڵی ١٩٦٣دا (محەمەد تاڵیب هیلال سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای جەزیرە) کتێبێکی بەناونیشانی (لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی پارێزگای جەزیرە)وە نووسی لە دیمەشق بڵاو کرایەوە.

دەسەڵاتدارێتی سوریا بۆ ڕێزگرتن لە شارەزایی ئەم پیاوە لە کاروباری کوردەکان کردیان بەپارێزگاری شاری حەما. لە پاشدا کرا بەوەزیری ئامادەسازییەکانی دەوڵەت. ئەو لە حکوومەتەکانی دواییشدا لەم وەزارەتەدا مایەوە. ئەو کتێبەی کە نووسیویەتی پڕە لە دژایەتی کردنی کورد. ئەم کابرایە کورد وەک خەڵکێکی بێ مێژوو، زمان، شارستانێتی و بێ نەژاد و بنەچەکە وەسف دەکا و تاکە خاسیەتێکی هەیانبێ تەنیا کاری خراپەکاری و قێزەونە. تا گەیشتە ئەوەی کوردی وەک مشەخۆری شارستانییەت و مێژووی تێکڕای میللەتان وەسف کردووە. ناوبراو بەرنامەیەکی تەواوی لەسەر ئەم پایانە دانا کە دەبووایە بەپێی ئەو بەرنامەیە لە سوریا کۆتایی بەمەسەلەی کورد بێنێ. لە خوارەوە دا خاڵە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە دەخەینە ڕوو.

١- دوورخستنەوە و وەدەرنان و پەراگەندەکردنی کوردەکان.

٢- بێبەشکردنی کوردەکان لە مافی فێربوون و خوێندن.

٣- بێبەشکردنی کوردەکان لە ئیشکردن.

٤- گێڕانەوەی ئەو کوردانەی کە لە ڕاپەڕینی کوردەکانی باکووری کوردستان بەسەلامەتی ڕزگاریان ببوو بۆ تورکیا.

٥- خستنە ناوەوەی دووبەرەکی لەسەر بنچینەی سیاسەتی (دووبەرەکی بنێوە و حوکم بکە).

٦- سیاسەتی دروستکردنی (پشتێنە- مەبەست پشتێنەی سەوز یان

عەرەبییە. و.ک) کە لە ساڵی ١٩٦٢ەوەوە دەستی پێکردبوو.

٧- سیاسەتی کۆلۆنیالیزمانەی نیشتەجێکردنی عەرەبان لە ناوچە کوردنشینەکاندا.

٨- چەسپاندنی یەکە سەربازییەکان لە ناوچەی (پشتێنەی عەرەبی) کە ئەرکی جێبەجێکردنی پەراگەندەکردنی کوردان و نیشتەجێکردنی عارەب بوو لە شوێنەکانی ئەواندا.

٩- دامەزراندنی کێڵگەی دەستەجەمعی و خوێندنی سەربازی بۆ ئەو عەرەبانەی بۆ شوێنە کوردنشینەکان گوێزرانەوە.

١٠- بێبەشکردنی تێکڕای ئەو کەسانەی زمانی عەرەبی نازانن لە مافی دەنگدان و خۆ هەڵبژاردن.

١١- گواستنەوەی زانایان (ڕەنگە مەبەستی مەلای مزگەوتەکان بێ. و.ک)ی کورد بۆ ناوچەکانی خوارووی وڵات و دامەزراندنی زانایانی عەرەب لە جێگاکانیاندا.

١٢- هەنگاونان و دەستدانە پڕوپاگەندەی (خراپ. و.ک) لەناو عارەبەکان لە دژی کوردان.

بەڵام دەوڵەتی سوریا بەهۆی بەرپابوونی جەنگی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧دا ناچار بوو لە جێبەجێکردنی هەندێ خاڵی ئەم بەرنامەیە پاشەکشە بکا. ئەو کوردانەی کە خزمەتی سەربازی دەیگرتنەوە چوونە سەربازی و بۆ بەرەکانی (گۆلان- جەولان)یان ڕەوانکردن. لە هەمان کاتیشدا تەنگپێهەڵچنینی کوردەکان دەستی پێکرد و هەندێ لە ڕابەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا بە تۆمەتی (کار و چالاکی دژە عەرەب) خرانە زیندانەکانەوە هەر لە هەمان سەروبەنداندا هەندێ لە کەسانی چالاکی ناو بزووتنەوەی کوردی سوریا ناچار بوون وڵات بەجێبهێڵن و هەندێکیشیان یان ئەوەتا دەستیان لە کاری سیاسی کێشاوە



یان ڕێڕەوی بیرکردنەوەکانیان بۆ میانڕەوی برد.

بەم جۆرە بزووتنەوەی کورد لە سوریا هاتە دەرەوەی وڵات و لەم ڕووەش باری ڕێکخراوەیی کەلێنی تێکەوت. ناکۆکی لە نێوان سەرکردەکانی کوردی عێراقیشدا بەجۆرێکی سەرنج ڕاکێش پشکی خۆی لەم باروزرووفەدا هەبوو. ئەو دووبەرەکییەی لە ساڵی ١٩٦٤دا کەوتە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بووە هۆی ئەوەی لە نێوان (پ.د.ک) سوریا و تێکڕای بزووتنەوەی کوردی سوریاش هەمان دوو بەرەکی پەیدا بێ و ساڵانێکی زۆریش ئەم بارە دەوامی کێشا. ئەنجامی ئەو جۆش و خرۆشە زۆرەی کە بەهۆی دامەزراندنی یەکەم حزب لە سوریا لە پەنجاکان لە نێوان کورداندا پەیدا بوو، پێویستی بەوە دەکرد ئەندامی نوێ بێنە ڕیزەکانی حزبەوە و لە ناوەڕاستی شەستەکاندا لەباتی ئەم کارە تەکینەوە و دڵساردی لە حزب لە برەو دابوو. کەرتبوونی ڕێکخراوەییان سەردەمێک توند بوو کە (چەپەکان) لە کۆنفرانسی ٥ی ئابی ساڵی ١٩٦٥دا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی چەپی کوردستانی سوریایان ڕاگەیاند. لەناو کۆنفرانسدا جیاوازی بیروباوەڕی دوو باڵەکە لە بزووتنەوەوە و هۆی هەرە زەقی لێک جیابوونەوەیان بە (ناکۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕیفۆرمیستانەی ڕاست) زانرا، لەم سەردەمەدا چەپەکان پەیڕەوکردنی ئامانجەکانی سۆسیالیستی زانستییان لە کار و چالاکییەکاندا بەپێویست دانا. (باڵی ڕاست) باڵی چەپیان بە بەکرێگیراوی کۆمۆنیزم ناوبرد. بەمجۆرە هەردوو پارتی نهێنی لە ساڵی ١٩٦٥ەوە دەستیان بەکاری نهێنی کرد: پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا بەڕابەرایەتی ئەحمەد دەروێش و پارتی دیموکراتی چەپی کوردستانی سوریا بەڕابەرایەتی سەلاح بەدرەدین بوو. کەلێن کەوتنە ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە سوریا بووە هۆی نارەحەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. لە ساڵی ١٩٧١دا هەردوو باڵەکەی پارتی لە سوریا بۆ یەکگرتنەوە گەیشتنە ئامانجەکانیان و لە کوردستانی عێراقدا

کۆنفرانسێکیان بەست. لە کۆنفرانسەکەدا پێشنیاری مستەفا بارزانی لە بارەی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵ قبول کرا. بەڵام دیسانەوە سەرکردایەتی کاتی یەکگرتنەوەی ئەم دوو باڵە بەرامبەر بڕیارەکانی یەکگرتنەوەیان وەفادار نەبوون.

بەخێرایی ڕابەرانی هەردوو باڵی پارتی سوریا لەیەک کاتدا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە پارتی دیموکراتی چەپی کوردستانی سوریا و سەرکردایەتی ئەوکاتەیان لەگەڵ ڕاگەیاندنی پابەندی خۆیان بە ئامانجە (مارکسی- لینینی)یەکانیاندا بەڕاشکاوی ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا نیشان دا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەلاح بەدرەدین لە لایەن دەوڵەتی سوریاوە وەک (کەسێکی جێگای ترس) ناو بنرێ و لە ئەنجامدا ناچار کرا سوریا بەجێ بهێڵێ. بەخێراییش چالاکییەکانی فراکسیۆنی حزبی دیموکراتی چەپی کوردستانی سوریای گرتەوە. بەشێک لە ڕابەرانی ئەو حزبە دروشمی خەبات (تا سەرکەوتنی سۆسیالیزم)یان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کوردی سوریا ڕەتکردەوە، زۆربەی سەرکردایەتیشیان بەئاشکرا ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا نیشان دا.

هیچ حزبێکی سیاسی سوریا پەیوەندی باشی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی سوریادا نەبوو لەبەرئەوەی ئەم پارتە هیچ بایەخی بە مەسەلەی کورد نەدەدا.

دوای هاتنە سەرکاری حافز ئەسەد بارەکە تاڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەر داهات. لە ساڵی ١٩٧٢دا (بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی سوریا) کە پارتی کۆمۆنیستی سوریای چوو بووە ناو دامەزرا. دوای پشتیوانی کردنی عەبدوڵا ئالئەحمەد کە یەکێ بوو لە دەسەڵاتدارانی ناو حکوومەتی سوریا لە مافەکانی گەلی کوردی عێراق، کۆمۆنیستەکانی سوریاش پشتیوانی خۆیان لە کوردی سوریا ڕاگەیاند. لە هەمان بارەوە ڕایانگەیاند کە دەکرێ لە چوارچێوەی (ڕێگا پێدراو لەسەر بنچینە بڵاوکراوەکانی بەرە)



لە لایەنە جیاجیاکانی مەسەلەی کورد بکۆڵرێتەوە. کۆمۆنیستەکان زانین و سەرنجە ڕەخنەییەکانیان تەنیا لە چاوپێکەوتنە بەرەییەکاندا دەخستە ڕوو بەبێ ئەوەی لە بڵاوکراوەکانیاندا بڵاوی بکەنەوە. کۆمۆنیستە نوێنەرەکانی ناو ئەنجوومەنی گەلی کۆماری عەرەبی سوریا دەستیان کرد بەخستنە ڕووی داواکاری لە بارەی پێویستی نەهێشتنی جیاوازکاری بەرامبەر بەکوردەکانی جەزیرە. هەندێک لەم داواکارییانە قبوڵ کران. بەکارهێنانی جیاوازکاری لە کاروباری کارکردن و کارپێدان و چارەسەرکردنی زەوی و باری پەروەردە و خوێندن بەرامبەر بەکوردەکان کەمتر بۆوە. تا بەوە گەیشتن نوێنەرانی کۆمیتە ناوچەییەکانی حزبی بەعس و لقەکانی بەرەی نیشتمانی و نەقابەی کرێکاران و جووتیاران و لادێییەکانی ناوچەی جەزیرە داوایان کرد کە کاروکردەوە و هەنگاوە دژ بەکوردەکانی حکوومەتەکانی پێشوو لە ناوبرێن بەم حاڵەش لە بارەی گەلی کوردەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بابەتەکانی کۆمۆنیستە سورییەکان و پارتە نەتەوەییە کوردییەکاندا هەبوو کە دەبوایە بە ڕێگای قانونییەوە بەدەست بهێنرێن. سەرکردەی پارتە کوردییەکان داوای بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردیان لە هەرسێ لایەنی (فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە) دەکرد، کەچی کۆمۆنیستەکان تا دوا دواییەکانی هەشتاکانیش هەر لەو باوەڕە دابوون کە بەرژەوەندی لەوە دایە داواکارییەکانیان تەنیا لە سنووری بەدەستهێنانی مافە فەرهەنگییەکاندا بێ. بەگشتی پارتی کۆمۆنیستی سوریا بەسوود وەرگرتن و ڕووکردنە ئەو گریمانەی کە بەعس بەگۆڕانی بۆ پارتێکی چەپی پێشکەوتووخواز (لە داهاتوودا مەسەلە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی کورد چارەسەربکا) داوا لە کوردەکان دەکا هاوکاری خۆیان لەگەڵ بەعسدا بەهێز بکەن.

دوای ساڵی ١٩٧٢ قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی کورد دەستی پێکرد کە ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ لایەنگیری ڕێبازە فیکرییەکانی پارتە سیاسییە

تازە دامەزراوەکانی کورد بەدیار دەکەوت. لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی چەپی سوریادا، پابەندی بەرێبازی مارکسزیزم لینینیزم لە خەباتدا بۆ هێنانەدی مافەکانی گەلی کورد لە سوریا ئاشکرا کرا. خواست و داواکاری بۆ نەهێشتنی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان بزووتنەوەی کورد بەهێز بوو. لە ساڵی ١٩٨٠دا ناوی پارتی دیموکراتی چەپی کوردستانی سوریا بۆ (پارتی یەکێتی گەلی کوردستانی سوریا) گۆڕدرا.

پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا (پارتی)، حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق، پارتی کرێکارانی پێشڕەو (کوردستانی تورکیا)، لەو حزبانە بوون کە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ پارتی یەکێتی گەلی کوردستانی سوریادا بڕی. هەروەها پارتی یەکێتی گەلی سوریاش پەیوەندی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا بڕی و داوای هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراق و یەکێتی سۆڤیەتدا دەکرد. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دەیان حزب و گرووپی کوردی لە هەلومەرجی نهێنی و نیوە نهێنیدا لە سوریا کاریان دەکرد. بگرە تێکڕایان لە ژێر کۆنترۆڵی دەستەودایەرە تایبەتییەکانی سوریادا بوون. زۆر لە سەرکردەکانیان داوایان لە یەکدی دەکرد کە لە چوارچێوەی یەکێتییەک یان بەرەیەکدا کۆببنەوە.

لە ئازاری ساڵی ١٩٨٨ زنجیرەیەک دیدار لە نێوان حزبی یەکێتی گەلی کوردستانی سوریا و پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا (پارتی) و پارتی چەپی کوردستانی سوریادا بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە پەراگەندەیی و بەرەو یەککگرتن چوون ساز کرا. وەک ڕۆژنامەکان نووسییان لەم چاوپێکەوتنەدا مەسەلەکانی پەیوەند بەیەکێتی ڕێکخراوەیی و دامەزراندنی (ناوکی تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە سوریا) باسکرابوو.

حزبە ناوبراوەکان لە ٢١ی ئازاری ساڵی ١٩٨٦دا (یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا)یان دامەزراند.



بایەخێکی زۆر بەدامەزراندنی ئەم یەکێتییە درا. خودی ئەم ڕووداوە بە ناونیشانی (لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی دیموکراتی کەمە نەتەوەیی کورد لە سوریادا) و یان وەکو (وەرچەرخانی مێژوویی خەبات لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە سوریا) هەڵسەنگێنرا. (بەرنامەی سیاسی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا) دەنگی لەسەر درا و ئاشکرا کرا. لەسەر ئەو بناغەیە دروستبوونی (کۆمیتەی باڵای یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا) لە هەر پارتەی دوو نوێنەری تێدا بەشدار بوون. ڕۆژنامەی (اتحاد- یەکێتی) وەک زمانحاڵی یەکێتی ناوبراو ناسرا و داوای دەکرد کە بیروبۆچوونی دژ بە بەرنامەی سیاسی حزب دەرنەبڕێ و بڵاونەکرێتەوە.

تەواوی پارتە کوردییەکان لەگەڵ داواکردنی هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد سووربوونی خۆیان لەسەر پاراستنی یەکێتی خاکی سوریا و بەردەوام بەهێزکردنی (پەیوەندی برایانە)ی نێوان عەرەب و کورد ڕاگەیاند. زۆر لەوان ڕایانگەیاند کە لە سەردەمی دەسەڵاتی حافز ئەسەد دا پاڵەپەستۆ لەسەر مەسەلەی کورد زۆر بووە، بەڵام چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەتایبەتی لە لایەن و مەیدانی خوێندن و پەروەردەوە وەستاوە. هەرچەندە بۆ ڕووکەش ١٠ نوێنەری کورد لە ئەنجوومەنی گەلی کۆماری عەرەبی سوریادا هەیە بەڵام بەپێی دانانەکانی ڕابردوو نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد لە وڵاتدا بوونی نییە.

لە هەشتاکاندا دیترا کە کوردەکان توانییان جەژنی نەورۆزی نەتەوەییان ئازادانەتر و ئاشکراتر بگێڕن، نوێنەرەکانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان باری یارمەتی دەرانەی دەوڵەتیان سەبارەت بەم یادکردنەوانە بەهۆکاری ئەوانە دانا. پارتە کوردییەکان و کۆمۆنیستەکانی سوریا و نوێنەرەکانی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان و حزبی بەعس و بەرەی پێشکەوتنخوازی کۆماری عەرەبی سوری لە هەندێ مەیداندا بەتەنیا و لە هەندێکی دیکەدا بەشێوەی کاری

هاوبەش چالاکییە گشتییەکانیان ئەنجام دەدا. هەڵوێست و دیدگای حکوومەتە سورییەکان لە بارەی بزووتنەوەی کوردەوە چ لە ناوەوەی وڵات و چ لە دەرەوەیدا واتە (عێراق و تورکیا) بەشێوەیەکی هەستپێکراو پەیوەندی بە باری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و نزیکەوە هەبوو. هەروەکو دیمەشق لە ساڵی ١٩٦٠ (ڕاستییەکەی ساڵی ١٩٦٣یە. و.ک)دا یارمەتی حکوومەتی عێراقی دا بەسەرکوتکردنەوەی بزووتنەوەی کورد. بەڵام لە ساڵی (١٩٧٠-١٩٨٠)دا تا سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ بارەکە پێچەوانە بۆوە. دیمەشق دەستی بەپشتیوانی کوردەکانی عێراق کرد و کۆچبەرە کوردەکانی عێراق و تورکیا لە سوریادا پەنادران. هەروەها هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگەی کورد لە خاکی سوریاوە دەستیان بەچالاکی چەکدارانە کرد لە دژی عێراق و تورکیا و لە وێشەوە چەک و جبەخانەکانیان دەگواستەوە ناو خاکی کوردستانی عێراق و تورکیا. ڕەخسانی ئەم بارەش ئەوە بوو کە بەگشتی لە سەردەمی دەسەڵاتی حافز ئەسەد دا پەیوەندییەکانی سوریە و عێراق بەڕادەیەکی زۆر دەستی بە ئاڵۆز بوون و تێکچوون کرد تا بەوە گەیشت کە هەر هەموو پەیوەندییەکان پچڕێنران و کینە و داخ لە دڵی پەیوەندی نێوان هەردوو سەرۆکی عێراق و سوریا هۆی سەرەکی ئەم تێکچوونەیان بوو. پارتی بەعسی سوریا لە یانزەم کۆنگرەی خۆیدا کە لە ئۆگوستی ساڵی ١٩٧١ دا گیرا، لەگەڵ ئەوەشدا گوێی بەداواکارییەکانی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی وڵاتەکەی خۆی نەدا، بەڵام بەئاشکرا بەرگری لە کوردەکانی عێراق کرد بۆ وەدەستهێنانی خودموختاری و یەکسانی و لە هەمان کاتیشدا دژی ئەوە بوو کە ئەم خودموختارییە لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراقدا جیابێتەوە.

کاتێ کە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٠دا نزیک بوونەوەی ڕاگەیاندنی مافی خودموختاری کوردەکانی ڕاگەیاند، ئەوا دیمەشقیش لە ساڵی ١٩٧١دا بەرامبەر ئەم کارەی عێراق، مۆڵەتی دا کە زەویوزار بەسەر کوردەکانی



ناوچەی جەزیرە دابەش بکرێ کە جاران قەدەغە بوو، کاتێکیش لە ساڵی ١٩٧٤دا بەغدا ناوچەی خودموختاری کوردستانی عێراقی دیارکرد و بۆ جیهانیشی بڵاوکردەوە، ئەوا دیمەشقیش لە ساڵی ١٩٧٥دا هەندێ لە نوێنەرانی کوردی (هەرچەندە نوێنەری کوردی سوریا نەبوون) هێنایە ناو شورای گەلی کۆماری عەرەبی سوریاوە.

بەگۆڕانی پەیوەندی بزووتنەوەی کوردی عێراق لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا، تاکتیکی حکوومەتی سوریاش لە پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا گۆڕا.

لە ساڵی ١٩٦٣ کە تازە بەعس لە عێراق و سوریا هاتبووە سەر حوکم، دیمەشق هەڵوێستی زۆر دوژمنکارانەی بەرامبەر بزووتنەوەی کوردەکانی عێراق نواند کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرد. لەو سەر وەختەدا سەرکردەکانی بەعس لە هەردوو وڵات بەردەوام بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی چەکدارانەی کورد هاوکاری یەکیان دەکرد. بارەکە لە پایزی ساڵی ١٩٦٣دا گۆڕا.

شۆڕشی دژ بەعسییەکان لە هەمان ساڵدا (Novamber) لە بەغدا بووە هۆکاری کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانەی سوریا بەرامبەر بەشۆڕشەکە. وەک هاوپەیمانێکی ناڕاستەوخۆ لە خەبات دژی (ناسریەکان)ی بەغدا ئەم بارە دیمەشقی ناچارکرد کە بەرامبەر (پ. د. ک) چاو بەهەڵوێستەکانیدا بخشێنێتەوە. دوای شکستی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ لە کوردستانی عێراقدا، دیمەشق ڕێگای بەلایەنگرانی جەلال تاڵەبانی دا لە سوریا دانیشن و بەتایبەتی لە نزیک سنوورەکانی عێراق کە دەیانتوانی لەوێوە هەڕەشە لە عێراق بکەن. لە ساڵی ١٩٧٦ دا دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی لە دیمەشق ڕاگەیاندرا. سەرکردایەتی سوریا هەوڵی دا سوود لە جەلال تاڵەبانی ببینێ و بۆ بەرژەوەندی خۆی دژی مستەفا بارزانی و (پ.د.ک) بەکاری بێنێ.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان چوارچێوەیەک بوو بۆ هەندێ ڕێکخراوی پەراوێزی وەک: کۆمەڵە کە خۆی بەمارکسی لینینی دەزانی و (ناکرێ بەکۆمەڵە بگوترێ ڕێکخراوی پەراوێزی. و.ک) بەزۆری قوتابیانی زانکۆ و قوتابخانەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا بوو. (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) و (هێڵی گشتی کە سەر بەخودی تاڵەبانی بوو).

لە بەرئەوەی تاڵەبانی خۆی لە سوریا بوو و سەرکردایەتیشیان هەر لە دیمەشق بوو توانی چالاکانە لە بارەی لایەنگیری سوریاوە کار لە چالاکییەکانی پارتە کوردییەکانی دیکە بکا. هێزەکانی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧ بەڕەخساندنی باروزرووف لە لایەن حکومەتی سوریاوە، دەستیان بەئەنجامدانی کاروچالاکی سەربازییانە کرد لە کوردستانی عێراقدا. ئەم کارەش بەغدای نارەحەت کرد. سەرکردایەتی دەوڵەتی سوریا لە هەمان کاتدا ڕوخسەتیان دا کە (سەرکردایەتی کاتی پ.د.ک - عێراق) لە دیمەشقدا دانیشن.

لە ساڵی ١٩٧٩ ڕەسول مامەند کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی) هاتە ناو کۆمیتەی ئەم سەرکردایەتییە کاتییەوە. لە ساڵی ١٩٨١دا لە ئەنجامی یەکگرتنەوەیاندا حزبی سۆسیالیستی کوردستانی (عێراق)یان دامەزراند. بەم جۆرە بەهێزبوونی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردی عێراق کە سەرکردایەتی سوریا سەراسۆی دەکردن دروست بۆوە.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٧دا (حزبی سۆسیالیستی کوردستانی سوریا) لە دیمەشقدا دروست بوو ئەم حزبە بەشداری لە یارمەتیدانی سەربازی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی دا کرد کە لە ناو خاکی کوردستانی عێراق خەریکی چالاکی سەربازی بوون.

بەرفراوانکردن و بەهێز کردنی خەبات دژی ڕژێمی عێراق حکوومەتی سوریا پەیوەندی خۆی لەگەڵ (پ.د.ک. عێراق) بەهێزکرد، کە ئەوسا



سەرکردایەتییان لە ئێران بوو و هێزەکانیان لە وێوە هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی عێراق دەبرد. لە پاڵ ئەوەشدا دیمەشق هەوڵی دەدا چالاکی کوردەکان و شیعەکان و هێزە بەرهەڵستکارەکانی دیکەی کە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری حافز ئەسەد دابوون یەک بخا.

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی عێراق و ئێران کە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێکرد دیمەشق وای هیوا دەکرد بەزوویی ڕژێمی عێراق سەروەگێرێ. لە گەلاوێژی ساڵی ١٩٨١دا بەرەی سەرتاسەری بەرهەڵستکارانی عێراق لە دیمەشق دروست بوو، کە لە هێزەکانی (شۆڕشگێڕی و ئیسلامی و نەتەوەیی) پێکهاتبوو. ئەم بەرەیە بەخێرایی وەرگێڕانی سەدام حوسێن و دیموکراتیزەکردنی عێراق و مسۆگەر کردنی مافی خودموختاری ڕاستەقینەی بۆ کوردەکانی عێراق ڕاگەیاند. لەو سەردەمەدا (واشنتن پۆست) نووسی کەوا ئێران و سوریا خوڵقێنەر و پاڵپشتی ئەم بەرەیەن. لەبەرئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ٥ هەزار پێشمەرگەی هەبوو بەهێزی سەرەکی ئەم بەرەیە دانرا. ژمارەی پێشمەرگەکانی (حسک) بەسەرکردایەتی ڕەسول مامەند ١٥٠٠ کەس بوون. لە ڕۆژنامەی ناوبراودا وا بڵاوکراوە کە هەرچەندە ژمارەی بەعسییەکان کەم بوو بەڵام سوریا (لە خەباتی بەردەوامی دژی باڵی بەعسی عێراق)دا دەیپاراست و پشتگیری دەکردن. ئەم بەرە پەیوەندی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا هەبووە. بەرە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کە لە لایەن دیمەشقەوە پاڵپشتی دەکرا جیاوازی بیروڕایان هەبوو و جاروباریش شەڕ و پێکدادان لە نێوانیان ڕووی دەدا. ئەمەش کارێکی خراپی لەسەر ڕۆڵی سوریادا هەبوو بۆ گەیشتنە یەکخستنی چالاکییە چەکدارەکانیان دژی هێزەکانی دەوڵەتی عێراق.

حافز ئەسەد هاوکات لەگەڵ هەوڵدانەکانی بۆ سوود وەرگرتن لە بوونی هۆکاری کورد لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی لە دژی سەدام

حوسێن دەستی کرد بەهاوکاری کردنی جیددیانە لەگەڵ ڕژێمی خومەینی لە ئێراندا کە ئەوانیش بەهەمان شێوەی سوریا لە دژی عێراق سوودیان لە بزووتنەوەی کورد دەبینی، لە هەمان بارەوە دیمەشق یارمەتی دارایی لە لیبیا وەرگرت و لە ساڵی **١٩٨٣** عەرەبستانی سعودی ڕازی کرد کە یارمەتی لە سەدام حوسێن ببڕێ لەبەرئەوەی گوایا سەدام لە شەڕەکەی لەگەڵ ئێران مەحکومە بەتێکشکان و بەزین. واشنتن پۆست لە بارەی بەڕاست دانانی ئەم ڕووداوەوە نووسی: بەگوێ شلکردنی عەرەبستانی سعودیە بۆ بۆچوونەکانی حافز ئەسەد قۆڵی سوریا و ئێران بۆ بەربەرەکانی سەدام حوسێن بەهێزبوو. بەم جۆرە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا جەنگاوەرە کوردەکان بەیارمەتی سوریا توانییان بەشێوەیەکی بەرچاو زەبری چالاکییە سەربازییەکانیان لە کوردستان زۆرتر بکەن. لە ساڵی **١٩٨٣**دا پێشمەرگەکانی کوردستان زنجیرە کارێکی سەربازییان لە قۆڵەکانی ڕەواندزەوە تا ئامێدی و لە ڕێگای حاجی ئۆمەرانەوە تا زاخۆ ئەنجام دا. بەپێی هەواڵ و دەنگوباسی سەرچاوە کوردییەکان، زێتر لە ٢٠٠٠ پێشمەرگە لەم شەڕەدا بەشدارییان کرد. جگە لەمەش نزیکەی دووهەزار پێشمەرگە لە ناوچەی هەڵەبجەی سەر بەپارێزگای سلێمانی دا چالاکییان دەنواند.

لە مانگی ١ی ساڵی **١٩٨٣**دا بەغدا دەستی کرد بەپەیوەندی گرتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی (ی. ن. ک) و کەوتنە دانوستان. تاڵەبانی بەبێ ڕاوەرگرتن و گوێ دانە حزبە کوردییەکانی دیکە ئەم کارەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کرد. ئەم کارەی (ی. ن. ک) بەکارێکی تاکە حزبیانە لە قەڵەم درا و لەلایەن (پ. د. ک) و حزبە کوردستانییەکانی دیکەوە تاوانبارکرا. نوێنەرانی عێراق دەمیان لە چارەسەرکردنی بەجێ و بنەڕەتییانەی مەسەلەی کورد وەردەدا، ئەمەش زیاتر لە هەموو شتێک مانۆڕێکی تاکتیکی بوو.



لەم دانوستانەدا عەبدول ڕەحمان قاسملو ڕابەری (ح.د.ک. ئێران) ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان (ی.ن.ک) و بەغداد دەدیت. بەقسەی ئەو دانوستانی ناوبراو سێ ساڵان درێژەی کێشاوە و ژمارەیەک ڕێککەوتننامەشیان لە نێواندا مۆرکراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کەس لەم باوەڕەدا نەبوو ئەم دانوستانە سەربگرێ وەک لە پاشدا ڕێککەوتنێکیش لە نێوان ئەم دوولایەنەدا نەبوو دەستخستنە ناوەوەی تورکیاش ڕۆڵی خۆی لە مەدا گێڕا.

لە دوای سەرنەگرتنی ئەم دانوستانە تاریق عەزیزی وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کە سەرنەکەوتنی دانوستان و جێبەجێ نەکردنی ئەو مەرجانەی کە هەردوولا لە گفتوگۆکاندا لەسەری ڕێک کەوتبوون لە بەرئەوەبوو جەلال تاڵەبانی بە ئومێدی ئەوەبوو کە لە ئەنجامی هێرشەکانی سوپای ئێران بۆ سەر عێراق ڕژێمی عێراق وەرگەڕێ. لە بەرئەمە حکومەتی عێراق بەردەوام نەبوو لەسەر ئەم دانوستانە. تاڵەبانیش لە لایەن خۆیەوە حکومەتی عێراقی لە سەرنەکەوتنی دانوستانەکەدا گوناهبارکرد و بڵاوی کردەوە کە ئەو دەستپێشخەری کردووە لە بڕینی دانوستان و پەیوەندیکردن بە دەوڵەتی عێراقەوە.

دەنگی ئەمریکا لە هەواڵەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا هۆی ئامادەنەبوونی سەدام حوسێن بۆ دانی هەندێ دەسەڵات بە ئۆپۆزسیۆنی کورد لەپێناو بەرگرتن لە فراوانبوونی چالاکی چەکدارانەی کوردستانی عێراق و نیزیکی (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) بوو.

ی. ن. ک. بەحسێبی وەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوت بەڕێژەی **٣٠٪** داهاتی نەوتی کەرکوک و کانزاکانی دیکەی بۆ دەرەوە نێردراوی نەوتی کەرکووک هاتە ناو دانوستانەوە لە کاتی دانوستاندا بەشێوەیەکی تێبینی کراو زەبری چالاکی هێزەکانی خۆی لە باکووری عێراق دا کەم کردەوە. بەڵام

لەگەڵ ئەمەشدا شکستی دانوستان بووە هۆی ئەوەی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و تاران بەخێرایی بکەونە هاوکاری کردنی یەکتر ئەمەش بەدڵی سوریا بوو.

بەم جۆرە (هاوکاری شێلگیرانەی) دیمەشق و تاران بەشێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ ڕازی کردنی کوردە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بەسوود وەرگرتن لە نەهێشتنی ناکۆکییەکانی نێوانیان کە لەژێر کاریگەری شەڕی ئێران و عێراقدا سەری هەڵدابوو، بووە هۆی بەهێزبوونی، ڕیزەکان. زۆر ڕوونە کە هاوکاری هێزەکانی بەرهەڵستکاری کورد لەگەڵ حکوومەتەکانی سوریا و ئێران جۆرە هاوپەیمانییەک بوو کە هەر هاوپەیمانەی سۆراغی ئامانجەکانی خۆی تێدا دەکرد. لە ڕاگەیاندنەکانی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)دا هاوکاری لەگەڵ سیاسەتە ناوچەییەکانی سوریا و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان لەمەڕ جەنگی عێراق- ئێران بڵاوکراوە.

کوردە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراق لەگەڵ ئەنجامەکانی سەردانی سەید عەلی خامنەئی لە دیمەشق بانگەشەی ئەوەیان دا کە پەیوەندییەکانی ئێران و سوریا کاریگەرییەکی هەستپێکراوی لەسەر خەبات لە دژی سەدام حوسێن هەیە.

خودی سەرەک کۆماری سوریا حافز ئەسەد سەرپەرشتی مەسەلەی تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی دەکرد. حافز ئەسەد لەگەڵ ئۆپۆزیسۆندا لە وانەش سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی عێراقی زنجیرە چاوپێکەوتن و گوتووێژێکیان هەبوو. سەرکردەکانی دیکەی سوریاش هەمان شێوە. بەم جۆرە لە (٢٦)ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٤دا سەرۆکی سوریا گوتووێژی لەگەڵ ڕابەرانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود)، مەسعود بارزانی سەرۆکی (پ. د. ک)، ڕەسول مامەند سەرۆکی (حسک) و فەخری کەریم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عێراق کرد. لەم بارەوە (ڕێگای ئازادی) ئۆرگانی (حسک) ئاماژەی بەوەکرد کە سەرۆک کۆماری



سوریا نەک تەنیا هاوکاری خۆی نیشان دا بەڵکو بۆ ڕزگاری کردنی گەلی عێراق لە مەینەتییەکانی بایەخێکی زۆری بە ڕۆڵی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانەی عێراق دا لە خەباتیدا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن. هەروەها جودیش یارمەتییەکانی حافز ئەسەدی بۆ بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق بەرز هەڵسەنگاند بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق تێدەکۆشان بۆ گێڕانەوەی عێراق بۆ باوەشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی عەرەب. لەم بۆنە و چاوپێکەوتنانەدا بە نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن ڕاگەیاندرا کە پێویستە بەخێرایی یەکێتی نێوان ڕیزەکانیان بەهێز بکەن. نزیکی هێزەکانی کورد و بەشدارییان لە (جود) بە (بەشی کوردان) لە تێکۆشانی دەستەجەمعی دژی ڕژێمی عێراق لەلایەن دیمەشقەوە بەرز هەڵسەنگێندرا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا ئەم بەرەیە بەهاتنە ناوەوەی (حزبی سۆسیالیستی عێراق) و (کۆمەڵەی دیموکراتی عێراق) بەرفراوانتر کرا هەرچەندە ئەم حزبانە ژمارە و ئەندامانیان کەم بوو.

لە ئازاری ساڵی ١٩٨٥دا چاوپێکەوتن لە نێوان أ. ئەلئەحمر بریکاری سکرتێری گشتی پارتی بەعس و ڕەسول مامەند سەرۆکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان سازبوو. لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا ڕەسول مامەند ڕۆڵی سوریای لە (تێکۆشانی گەلی عێراق بۆ دیموکراتی و خودموختاری کوردستان) زۆر بەباشی هەڵسەنگاند. بەشدارانی چاوپێکەوتنەکە یەکڕایی خۆیان لەسەر (هاوکاری سەربازی) لەپێناو لادانی (ڕژێمی سیخوڕی عێراق) دەربڕی.

لە مانگی ٥ ی ساڵی ١٩٨٨دا (بەرەی کوردستانی عێراق لە سەرجەم هێزە بەرهەڵستکارەکانی کوردستان دامەزرا، بەڵام ئەم کارە لە سەردەمێکدا کرا کە جڵەوی سەرکەوتنی سەربازی لە شەڕی عێراق و ئێراندا لە دەست بەغدا دابوو. لەو سەردەمەدا ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە دیمەشقدا دەرکیان بەوە کرد کە دوژمنەکەیان لەم جەنگە دوور و درێژەدا هەر

بەهێـزی مـاوەتەوە و لەبەرئەوەی ئەم بەرە بایەخی پاراسـتنی (پەیوەندی هاوپەیمانییێتی) لەگەڵ سوریا و حکوومەتەکەی بۆ (خەباتی هاوبەش دژی ڕژێمی سـەدام حوسێن و بەرگری لە مـیللەتی کـوردسـتـان) دووپاتکردەوە. لەگەڵ وەستانی جەنگی عێراق-ئێران ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئەو وڵاتانەی پشتیوانیان دەکرد پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە عێراق لە دوای وەستانی ئەم جەنگە خۆی بۆ تێکشکاندنی هێزە کوردییەکانی ناوچیاکانی کوردستان تەرخان دەکا.

(کوردەکان گومانیان لەوەدا نەبوو کە هەر بەکۆتایی هاتنی جەنگی عێراق-ئێران، ئەوا عێراق هێزەکانی بۆ لێدانی کوردەکان تەرخان دەکا) و، لە ڕاستیشدا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨دا هێزەکانی عێراق دەستیان بەدەرکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) کرد لە کوردستانی عێراق. سەرەنجام ناچار بوون پاشەکشە بکەن و بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا کشانەوە.

دیمەشق لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٨٨دا عێراقی بەداخستنی سنوورەکانی تورکیا و ئێران بەڕووی کوردە ڕاکردووەکاندا مەحکوم کرد و داوای ئەوەی کرد کە دەبێ کۆمەڵانی خەڵک لە جیهاندا بەقورسی ئەم هەڵوێستەی عێراق تاوانبار بکەن. پروپاگەندە و بەیانات لە دژی عێراقدا تا کۆتایی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ درێژەی کێشا. لە ٢٩ی ئابی ساڵی ١٩٨٨دا لەسەر ڕووداوەکانی (گازی ژەهراوی) لە لایەن هێزە هێرشبەرەکانی عێراقەوە لە دژی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە فلیمێک لە تەلەفزیۆنی دیمەشقدا نیشاندرا. لەو سەردەمەدا أ. ئەلئەحمەر بڵاوی کردەوە کە سەدام حوسێن (دەیەوێ بۆ لەناوبردنی کوردەکانی باکووری عێراق کەڵک لە هەموو شێوەیەکی نامرۆڤایەتییانە وەرگرێ). لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ دا بە بەشداریکردنی ٢٠ پارت و بزووتنەوەی پێشکەوتووخوازی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست لە پایتەختی سوریادا



کۆنفرانسێک گیرا و لە ئەنجامدا بەیانێکیان لەسەر سیاسەتی دوژمنکارانەی حکوومەتی عێراق دەرکرد و عێراقیان بەتاوانی جینۆساید مەحکوم کرد. سەرکردایەتی سوریا دوای تەواوبوونی شەڕی عێراق و ئێرانیش درێژەی بەپەیوەندییەکانی خۆی دا لەگەڵ بەرهەڵستکارانی کورد و سەرتاسەری عێراق. هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سوریا لەسەر ناوەڕۆکی دیدار و گوتوبێژی ڕابەرانی سوریا لەگەڵ مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی، ڕەسول مامەند و سامی عبدولڕەحمان زۆر باسی بڵاوکردنەوە. ئەوان نەک هەرتەنیا بەرژەوەندی هاوبەشیان لە تێکۆشان دژی ڕژێمی عێراق، بەڵکە یەکگرتنی هەموو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیشیان بەکورد و شیعەوە باسکرد. ڕابەرانی تێکڕا هەر ١٧ ڕێکخراوی بەرهەڵستکاریی عێراقی بەئۆپۆیسیۆنی کوردی عێراقیشەوە لە دیمەشق دادەنیشتن. لە کۆتایی هەشتاکاندا هەندێ دەوڵەتی عەرەبی کەوتنە نێوان عێراق و سوریاوە بۆ نەهێشتنی بارگرژی نێوانیان. هەروەک لە ساڵی ١٩٨٩دا بەهۆی کەوتنە نێوانەوەی جێگری پاشای ئوردن و وەلی عەهدی عەرەبستانی سعودیەوە لە بنکەی هێزی ئاسمانی ئوردن هەردوو سەرۆکی سوریا و عێراق چاویان پێککەوت.

ئەم چاوپێککەوتنە بەمۆرکردنی ڕێکەوتننامەیەک لەسەر پشتگیری نەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا لە لایەن عێراق و بەپێچەوانەوە پێشبینی دەکرا، کۆتایی پێهات. لەم وەختەدا بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی کورد گوێی هەڵخستبوو، چونکە ئەم ڕێککەوتننامە ئەم نیگەرانییەی دەورووژاند کە ڕەنگە دیمەشق بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە تاکتیکی و تێبینییە پان عەرەبیزمییەکان لەپێناو زیان نەدان لە ئایندەی پشتگیری سەربازی عێراق نەوەکا لە کاتی بەرپابوونی ناکۆکی سەربازی نوێ لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا. عێراق هاریکاری و کۆمەک لە سوریا ببڕێ. لەناو بڵاوکراوە کوردییەکانیشدا زۆر قسە و باس لەسەر ناڕەحەتی ئەم بابەتە کراوە بەتایبەتی لەسەر پشت بەستن بەدەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و متمانە

نەکردن پێیان، چونکە ڕەنگە هەر دەوڵەتەی بۆ بەرژەوەندی خۆی سوود لە بزووتنەوەی کورد ببینێ. بەگشتی پەیوەندی هێزە کوردییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا لە وەوە هاتبوو کە دەیانویست لە ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەکەیان هەل و سوود وەرگرن. بەدەستپێکردنی تەنگژەی لەمەڕ کوێت و داگیرکردنی ئەم وڵاتە لە ئابی ۱۹۹۰دا لە لایەن سوپای عێراقەوە، ئۆپۆزیسیۆنی کورد و سەرتاسەری عێراق لە دیمەشق بۆ نزیکبوونەوەی ڕووخانی ڕژێمی بەغدا هیوای پەیداکردەوە. لە بەیاناتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەگەڵ گوێ هەڵخستن بۆ دەنگوباسی نزیکبوونەوەی عەمەلیاتە سەربازییەکانی سوپای نێودەوڵەتی بۆ ڕزگار کردنی کوێت لە دەستی عێراقی وەک سەردەمی جەنگی عێراق و ئێران ڕووخانی بێ چەندوچوونی دارودەستەکەی ڕژێمی عێراق پێشبینی کرابوو.

کارێکی سروشتی بوو چ کورد چ شیعە لە دژی سەدام حوسێن لەگەڵ یەک پێکبێن و هیواشیان بەم پێکهاتنەیان هەبێ. بانگەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەرووداوەستانی ڕژێمی عێراق بەهەنگاوی ڕوون و ئاشکرا بەهێز نەکرا، سەرەڕای ئەوەی دەزگای سەرکردایەتی ئەمریکا لەبەر نیگەرانییان لە ترسی ڕژێمی شیعەگەر (دەبێ لێرە مەبەستی ئێران بێ. و.ک)، کوردەکان و ئەو ناوچانەی کە کوردەکان ئازادیان کردبوو بەتەنیا و بێ پشتیوانی لێکردن بۆ چنگی دڕندانەی ڕژێمی سەدام حوسێن بەجێیهێشتن. وەک ڕۆژنامەی ئەمریکی ئینتەرناشناڵ هێرالدتریبۆن لە ٥ ی نیسانی ۱۹۹۱دا نووسی (بۆش لە گفتی پشتیوانی کردنی کوردەکانی پاشگەزە و لە ئەنجامی ئەمەشدا سوپای عێراق بڕبڕەی پشتی ڕاپەڕیوەکانی شکاند). هەمان ڕۆژنامە، تێکڕای هاوپەیمانی جەنگی دژ بەعێراقی بە(دەست لەناو دەست لە مەسەلەی خیانەت لەگەڵ گەلی کورد) ناو برد.



ڕاگەیاندنەکانی دەستە جیاجیاکانی سوریا ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ۱۹۹۱ی کورد و شیعەی عێراقیان بە (شۆڕشی گەلی عێراق) و (تێکۆشانی شێلگیرانە بۆ لەناوبردنی ڕژێمی بۆگەنی) عێراق لێکدایەوە.

بەڵام ئەم جارەشیان لەناوبردنی ڕژێمی سەدام سەری نەگرت. سەرەڕای ئەوە، ئەم بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقە بەدیاری خست کە ڕێکخراوە شیعەییەکانی عێراق کە لە لایەن دیمەشقەوەش پشتیوانییان دەکرا دەیانویست حکوومەتی عێراق بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و حکوومەتێکی ئیسلامی دامەزرێنن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کوردەکان لەمەڕ مەسەلەی کوردەوە گومان لە بەرنامەکەیان بکەن. هەروەک ئەم بارە ڕۆڵی لەوەدا دیت کە سەرانی کورد لەگەڵ بەغدادا بکەونە دانوستان بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی. لە ۷/۵/۱۹۹۱دا سەدام حوسێن چاوی بەوەفدێک کەوت کە بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بوو. هەروەها سەرۆک کۆماری عێراق گوتوبێژی لەگەڵ جەلال تالەبانیشدا هەبوو. لە لایەن عێراقەوە تاریق عەزیز، عیزەت ئیبراهیم و عەلی حەسەن مەجید بەشدارییان کرد لە دانوستان لەگەڵ کوردەکاندا. گەڕانەوەی کوردە بەکۆمەڵ کۆچکردووەکان لە تورکیا و ئێرانەوە دەستی پێکرد. لە ۲۳/٦/۱۹۹۱دا مەسعود بارزانی لە بەغدا ڕایگەیاند کە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ناوچەیی خودموختاری کوردستان بە بەشداری کردنی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا ڕێککەوتن. لەگەڵ ئەمەشدا دانوستانی کورد لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکەیان شکستی هێنا، دیکتاتۆری عێراق بەمەبەستی تاکتیکی لەگەڵ کوردەکاندا هەڵس و کەوتی کرد. لە پەیوەندی نێودەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا هەواڵەکانی حکوومەتی سوریا بۆ سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی مەسەلەی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی تورکیادا کاریگەرییێتی ئاشکرای هەبوو لە بارەی ئەم بەرنامەشەوە شوێن و بایەخی تایبەتی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان

دانرا. کۆمیتەی ناوەندی P.K.K کە لە هەندێ ناوچەی کوردستانی تورکیا دەسەڵاتی باشی هەبوو بۆ وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسین خەباتی چەکدارانەی دەکرد، لە دیمەشقدا گیرساوە. پێشمەرگەکانی P.K.K لە سوریا جگە لە چوارچێوەی ئۆردوگاکانی ئەوێ ئۆردوگای لە بیقاع، حەمرا، مەرجێ و عەینول عەین لە لوبنان خولی فێربوونیان دەدیت.

هێرشە چەکدارییەکانی P.K.K بووە هۆی ڕژانی خوێنێکی زۆر لەنێو خەڵکی شارەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) و هەروەها هێزەکانی کوردیش زیانیان پێگەیشت (کە ئەم هێزانە ناویان نرابوو پاسدارانی لادێ) (واتە جاش. و.ک) کە گوایا بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایش لە گوندەکانی خۆیاندا هاوکاری ڕژێمی تورکیایان دەکرد.

تورکیا بۆ بەربەرەکانی کردنی هێزەکانی P.K.K تێکڕای هێزەکانی، سیخوڕی، پۆلیس و سوپا و هێزە ئاسمانییەکان و هیلیکۆپتەرە جەنگییەکانی بەکار دەهێنا. یەکێک لە هۆیە زەقەکانی سوود وەرگرتنی سوریا لە مەسەلەی کورد فشار بردنە سەر ئەنقەرە بوو لەبەر دروستکردنی بەنداوی ئەتاتورک لەسەر ئاوی فورات کە کارێکی نیگەتیڤانەی لەسەر کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی کارەبای سوریا دەکرد. دیمەشق لە ساڵی ١٩٨٤دا هەر لەگەڵ دەستدانە دروستکردنی بەنداوەکە زۆرجاران نیگەرانی خۆی لەم کارەی تورکیا نیشان داوە. یەکێک لە هۆ گرنگەکانی ناتەبایی نێوان سوریا و تورکیا لەسەر ناوچەی (حتای- ئەسکەندەرونە)یە کە لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەیەکدا لە نێوان فەرەنسا و تورکیا لە ساڵی ١٩٣٩وە ناوچەی ناوبراو خرایە سەر خاکی تورکیا. ئەم کارە لە لایەن سوریاوە بەڕەسمی دانی پێدا نەنراوە و سوریا داوای دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە تورکیا نایەوێ نوێنەری ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی کە لە دژی سوریا خەبات دەکەن بداتەوە سوریا، ئەمەش جێگای ناڕازیبوونی سوریایە. بەڵام سوریا لە لایەکەوە بەهۆی دەرفەتدان بەهێزەکانی P.K.K بۆ هێرشکردنە



سەر تورکیا جێی نیگەرانی ئەنقەرە بوو لە لایەکی دیکەوە هەردەم لە ترسی هێرشی هێزەکانی تورکیا پارسەنگ و ئاستی هێزەکانی خۆی لەگەڵ هی تورکیا ڕادەگرت. سوریا داواکاری تورکیای بۆ گەڕان بەدوای هێزەکانی P.K.K لەناو خاکی سوریادا ڕەتکردەوە.

هەرچەندە زۆر جاران تورکیا تخوبەکانی سوریای بەبیانووی ناوبراو بەزاندووە. ئەنقەرە زۆر جاران داوای لە سوریا کردووە کە ڕێگا نەدا لەناو خاکی ئەوەوە لە لایەن پێشمەرگە کوردەکانەوە هێرشی بکرێتە سەر.

خاڵی سەرنج ڕاکێش ئەمەیە کە وێڕای نیازپاکی دەسەڵاتدارییێتی سوریا لەمەڕ چالاکییەکانی P.K.K لە دژی ڕژێمی تورکیا، ئەم دوو وڵاتە لە هەموو هەل و دەرفەتێکدا بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکانیان باسی هاوکاری کردنی یەکتریان کردووە.

تورگوت ئۆزالی سەرەک وەزیرانی تورکیا و ع. ڕ. قاسمی سەرەک وەزیرانی سوریا لە ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٨٧دا ڕێککەوتننامەیەکیان لەسەر پاراستنی ئاسایش و هاوکاری ئابووری مۆر کرد.

(میللییەت) لە ژمارەی ١٨ی تەموزی ساڵی ١٩٨٧دا نووسی سوریا لەمڕۆ بەدواوە چاوپۆشی لە هیچ کاروکردەوەیەکی دژ بەتورکیا ناکا. مادەکانی یەکەم و چوارەمی پرۆتۆکۆڵەکە لەسەر باری ئاسایشی هەردوو دەوڵەتەکەیە و تێیدا هاتووە کە سوریا و تورکیا بەهەر شێوەیەک بووە لە چالاکییەکانی (هەرجۆرە چالاکییەکی تێکدەرانە بێ) دژ بەئاسایشی وڵاتەکانیان ڕێگا دەگرن و هەروەها (لەم جۆرە کارانە ئاگاداری یەکتر دەکەنەوە و هەرکەسێکیش بەکاری تێکدەرانە هەڵسێ دەستگیر دەکرێ و دەدرێتەوە وڵاتەکەی). هەروەها پرۆتۆکۆڵەکە بەرقەرار کردن و فراوانکردنی هاوکاری لە لایەن ئاسایشی ناوچەکە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا پێشبینی کرد).

لەو هەموو کاردانەوانەی تایبەت بە باروزرووفەکە بەتایبەتی ئەو

کاردانەوانەی کە وایان نیشان دەدا P.K.K لە دوای مۆرکردنی پرۆتۆکۆڵەکە مەحکومی شکست خواردن بووە و یان ڕێگای چالاکییەکانی لێ دەگیرێ لەبەرئەوەی سنوورەکانی سوریا و تورکیای بەڕوو داخرا. بەڵام ئەنجامی پرۆتۆکۆڵەکە لە لایەنی سوریاوە هەلومەرجی وای بۆ دانرابوو کە P.K.K شکست و ڕێگا لێگیرانی هێزەکانی بەدوور دەزانی. لایەنێکی دیکەی پرۆتۆکۆڵەکە کە بەشی (بیقاعی) لوبنانی نەدەگرتەوە و سوریا دەیتوانی لە کاتی پێویستدا ئۆردوگاکانی P.K.K بۆ ئەوێ بگوازێتەوە. کاتێ ڕۆژنامەنووسانی تورکیا لەم بارەوە پرسیاریان لە ع.ر.قاسم کرد لە وەڵامدا گوتی: حکوومەتی لوبنان فەرمانڕەوای لوبنانە ڕۆژنامەنووسان ڕۆڵی سوریا لە لوبناندا خراپ لێکدەدەنەوە. لە دیسامبەری ساڵی ١٩٨٧دا تورکیا ڕێککەوتننامەی ئاوی لەگەڵ عێراق و سوریادا مۆرکرد، بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێژەی ئاوی دیاریکراوی ئەم دوو وڵاتە بارێکی قانونی پەیدا کرد.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەر هەموو ئەو مشورخۆریانەی سوریا بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی لەگەڵ تورکیادا کە (٥٥٠)کم بوو جێی ڕازی بوونی تورکیا نەبوو لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٩دا لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی چەکدارانەی پێشمەرگە کوردەکان لەگەڵ هێزەکانی تورکیا، سەدان سەربازی سوپای تورکیا و خەڵکی دیکە کوژران.

هێزەکانی P.K.K بۆ قایمکردنی شوێن پێی لەناو خاکی تورکیادا لە سوریا بەدوو ڕێگا و لە عێراق بە دوو ڕێگا و لە ئێران بەسێ ڕێگاوە دەچووە ناو خاکی تورکیا، ئاڵۆزی کەوتە پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و تورکیاوە و تورگوت ئۆزال ڕایگەیاند کە ڕۆژێک دێ تورکیا بەناچاری ئاوی فورات لەسەر سوریا دەبڕێ تا سوریا ناچار بکا واز لە پشتیوانی کردنی (جوداخوازە کوردەکان) بێنێ کە لەپێناو جیابوونەوە لە تورکیا تێدەکۆشن. هەرچەندە کە پێشتر ئۆزال ڕایگەیاندبوو کە تورکیا ئاوی فورات وەک



چەکێکی هەڕەشەکردن لە دژی سوریا بەکار ناهێنێ.

بەڵام دیسانەوە لە مانگی ٦ ی ساڵی ١٩٩٠دا ٧٥٪ی ئاوی ڕووباری فورات لە عێراق و سوریا کەم کرایەوە. تورکیا هۆی کەمبوونەوەی ئەم ڕێژەی ئاوی فوراتی بە پڕ کردنەوەی بەنداوەکانی ڕوون کردەوە. کاردانەوەی سوریا بەرامبەر ئەم کارە زۆر گەرم و بەتووڕەیی بوو.

تورکیاش بەدەوری خۆی کە گوایا دەیویست نیازپاکی خۆی نیشان دا، پێشنیاری بۆ سوریا کرد کە بۆ سوود وەرگرتن لەو هێزە کارەباییەش کە لە ئیزگەی کارەبای بەنداوی ئەتاتورک بەرهەم دەهێنرێ دەبێ خۆیان بگونجێنن. بەم پێیە لە پێشنیاری تورکان لەم بارەوە بایەخێکی ئاشکرا بەپەرەپێدانی هاوکاری ئابووری لەگەڵ سوریادا درابوو. ئەمەش لە دیدی تورکیادا دەیتوانی بەرەبەرە ڕۆڵ لە لەناوبردنی ترسی بزووتنەوەی کورد لە ناوچەکەدا ببینێ. سوریاش لە لایەن خۆیەوە لەوە دەترسا نەوەکا تورکیا بەبیانووی تۆڵە سەندنەوە لە چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی P.K.K لەناو خاکی سوریا و لە دژی تورکیا، بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کارەبایی ئاوی فوراتی لەسەر ببڕێ و زەوییە کشتوکاڵییەکانی لە بێ ئاویدا وشک هەڵێنێ، لەگەڵ ئەم هەموو فشار لەسەر یەکدی کردنە نێوانیان دەپارێزرا.

لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستەمدا هێندێ گۆڕانکاری باش لە بارەی کوردەکانی سوریا ڕووی دا سێ سەرکردەی کورد لە سێ حزبی سیاسی پڕ نفوز لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا خۆیان پاڵاوت و یەکسەر و یەکڕاست چوونە ناو ئەنجومەنی گەلی کۆماری عەرەبی سوریاوە. ئەم سێ کەسەش کەمال ئەحمەدی سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی سوریا (پارتی) حەمید دەرویش سکرتێری گشتی پارتی پێشکەوتووخوازی دیموکراتی کوردستانی سوریا بوون. هۆی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکەدا هاوکاریکردنی توندوتۆڵی حزبە کوردییەکان بوو کە بووە هۆی بەهێزکردنی پشتیوانی لە کاندیداکانیان لە لایەن دەنگدەرانی

کوردەوە. دەسەڵادارێتی سوریاش هیچ کۆسپێکیان لە ڕێی ئەم کارەدا دروست نەکرد.

ئەم کارەش ئەنجامی چالاکییەکانی لە ناوچە کوردییەکاندا مسۆگەرکرد.

نوێنەرانی کورد دەستیان کرد بەڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی مەسەلەی کورد چ لەناو پەرلەمان و چ لەناو ڕووناکبیران و هەواڵدەران و نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی عەرەب، هەر هەموو کردەوە ڕەگەزپەرستیەکانی کە دەرهەق بەگەلی کورد کراون بە نامیلکە و نووسراو خرانە بەردەستیانەوە و داواشکرا ئەم کارە ناشیرنە ڕەگەزپەرستییانە بەرامبەر گەلی کورد کۆتاییان پێ بهێنرێ بەیەکسانی هەر هەموو هاووڵاتیانی دیکە مامەڵە لەگەڵ گەلی کورد بکرێ. حەمید دەروێش لە حوزەیرانی ١٩٩٤دا ڕوونی کردەوە کە لە ئەنجامی ئەم ڕوونکردنەوانەدا زۆر لە نوێنەرانی ناو پەرلەمان باشتر لە ناوەڕۆکی مەسەلەی کورد گەیشتن و ئەوەی لەم لایەنەوەش گرنگە ئەوەیە داواکرا کە پشتیوانی گەلی کورد بکرێ بۆ لادان و نەهێشتنی کارە نەگەتیفەکانی سیاسەتی پاڵەپەستۆکردن لەسەر گەلی کورد.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤دا ڕیزەکانی یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا فراوانتر بوو. پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی سوریا هاتە ناویەوە لەم بارەوە یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا لە بەیاننامەی ١٤ نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٩٤دا نووسیبووی (یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا وەک ڕێکخراوێکی دیموکراتی سەرجەم بزووتنەوەی کورد لە سوریادا لە ماوەی ٢ساڵاندا توانی چاو بەئارەزووی گەلی کورد و هێزە جەماوەرییەکانیدا بخشێنێتەوە و هاوکاری هاوڕێیانە و متمانەکردن لە نێوانیاندا مسۆگەر بکا و بەم جۆرەش کەلێن و کەلەبەرەکانی نێوان بزووتنەوەی گەلی کورد لە سوریادا لەناو ببا. پیشاندانی نیازپاکی لە لایەن یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا و پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستانی سوریا بووە هۆی



مسۆگەرکردنی نیازپاکی تەواو و سەرکەوتنی تەواویان لە هاوکاریکردنی یەکدیدا. جگە لە مەش ئەوەش لەبەر چاو گیرا کە تا دەرچوونی بەیاننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو حزبی ناوبراو و چۆنیەتی چالاکییەکان شانبەشانی یەکتر و بەتەواوی ئەندامانیەوە لە خزمەت بیروباوەڕی گشتیدا بن.

هەروەها یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا بەرامبەر گەلی کورد لە سوریادا خۆی بە بەرپرسیار دەزانی کە بۆ وەدیهێنانی مافە یاساییەکانی کورد لەپێناو پتەوکردنی یەکێتی گەل و وڵات و مافی یەکسانی، عەدالەت، دیموکراتی و ئاشتی تێبکۆشێ.

بەم جۆرە لە سەرەتای نەوەتەکاندا بەگشتی وەرچەرخانی باش لە سیاسەتی حکوومەتی حافز ئەسەد بەرامبەر سەرکردە کوردەکان و چالاکییەکانیان دەبینرێ. ئەمەش بەڕادەیەکی زۆر لە هەستکردن بە نەبوونی هیچ جۆرە ترسێکەوە بوو لە لایەن کوردەکانەوە بۆ سەر ئارامی و ئاسایشی گشتی حکوومەت و لە هەمان کاتیشدا ئەم حکوومەتە ترسی لە باری نێو کوردەکانی سوریا نەبوو بەتایبەتیش کوردی سوریا لەژێر کاریگەرێتی بێگانەدا نەبوون.

حکوومەتی سوریا هەمیشە گومانی لەوەدا هەیە نەوەکا دامەزراندنی حکوومەت لە کوردستانی عێراقدا ببێتە سەرمەشقی کوردەکانی سوریاش.

لە ٤ی شوباتی ١٩٩٤دا وەزیرانی دەرەوەی ئێران و سوریا و تورکیا بۆ گوتوبێژکردن و لێکۆڵینەوە لە بارەی وەزعی باکووری عێراقدا لە ئەستەمبۆل چاویان پێککەوت، ئەمەش دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراقدا بوو. وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ وڵات لەو باوەڕەدابوون کە ئەو بارەی کوردستانی عێراق کارێکی خراپ دەکاتە سەر ئاسایش و سەروەری وڵاتەکانیان. ئەوان لەگەڵ ناڕازیبوونیان بە بیرۆکەی (پارچەکردنی عێراق)

ڕایانگەیاند کە (دەوڵەتی ئەوان لە پارچەکردنی دەوڵەتەکانیان بۆ بەرژەوەندی کوردان یان کەمە نەتەوەیەکانی دیکە)ش هەر ناڕازین. ئامانجی ڕاستەقینەی دەوڵەتی سوریا لە سیاسەتی لەمەڕ کوردەکانی لەم چواچێوەیەدا بڕیاردا.

ناوەڕۆک و گەوهەری ئەم سیاسەتە بەم جۆرە شرۆڤە دەکرێ: بەرگرتن لە گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا و لە هەمان کاتیشدا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە دراوسێکاندا بۆ بەرژەوەندی خۆی سوود لە مەسەلەی کورد ببینێ.



## پێڕست

بەبیر هێنانەوە ........ 5
پێش گوتار ........ 7

**بەشی یەکەم**

مەسەلەی کورد - (زێد، پەرگرتن و هەلی ئێستاکە) ........ 9
١- هۆکارە جوگرافییەکان ........ 10
٢- هۆکاری نەتەوەیی و دانیشتوانی ........ 14
٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی ئابووری ........ 19
٤- هۆکارەکانی سیاسەتەکانی ناوەخۆ ........ 23
٥- هۆکارەکانی سیاسەتەکانی دەرەوە ........ 30

**بەشی دووەم**

کوردستانی خواروو بەرەو وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین ........ 43

**بەشی سێیەم**

کوردەکانی تورکیا دەست بەخەبات دەکەن ........ 71

**بەشی چوارەم**

دیاردەی کورد لە سوریای ئێستادا ........ 111